


خوێندنەوەیەک بۆ ڕاپۆرتی مەترسییە جیهانییەکان - داڤۆس ٢٠٢٢

## نەبوونی هەماهەنگی و متمانە لە نێوان دەوڵەتاندا مەترسییە جیهانییەکانی گەورەتر کردووە

پ.د. شێرزاد نەجار

# گوڵان

ساڵی بیست و هەشتەم (١٣٠٤)- (٧)ی شوباتی ٢٠٢٢


فەریق جەمال محەمەد سەرۆک ئەرکانی هێزی پێشمەرگە:

# داعش تەنیا وەك خەلافەت كۆتایی هاتووە و مەترسیی تیرۆریستی و فكری توندوتیژی هەر بەردەوامە

هەرێمی کوردستان هێڵێکی بەرگریی تۆکمەی هەیە و هێزی پێشمەرگە لەو پەڕی ئامادەباشیدایە

لە تەواوی ئەو ناوچانەی پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر هێزی پێشمەرگەی لێ بووە بۆشاییەکی ئەمنیی گەورە هەیە






# دامەزراندنی بەرەی جود
# هەنگاوێکی پیرۆز و گرنگ بوو

٥

لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕشی گوڵان لە ساڵی ١٩٧٦ ، پارتی هەوڵێکی تەواوی دا، لە پێناوی زەمینەخۆشکردن و ڕەخساندنی کەشوهەوایەکی لەبار و گونجاو بە مەبەستی پێکهێنان و دامەزراندنی هەر دوو بەرەی کوردستانی و عێراقی، بۆ کۆکردنەوەی هێز و لایەنە کوردستانی و عێراقییەکان و یەکخستنیان دژی ڕژێمی بەعس و فاشیستیی عێراق، بۆ ئەم مەبەستەش پارتی لە پێناوی دامەزراندنی بەرەیەکی فراوانی عێراقیدا، دامەزراندنی بەرەی کوردستانیی بە زەمینەیەکی لەبار و گونجاو و پێویست دەزانی.

دوای هەوڵێکی زۆر لەگەڵ پارت و لایەنە دۆست و هاوپەیمانەکانمان، کاتژمێر ١٠ی شەوی ٢٨ لە سەر ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠، لە «کەوپەڕ» پەیماننامەی سێ قۆڵیی «بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی عێراقی – الجبهة الوطنية الديمقراطية العراقية» لە نێوان پارتی و حزبی شیوعیی عێراق و حزبی سۆشیالیستی کوردستان ئیمزا کرا. مەلا ئەحمەد بانی خێلانی و فاتیح ڕەسووڵ لە حزبی شیوعیی عێراق و ڕەسووڵ مامەند و تاهیر عەلی والی لە حزبی سۆشیالیستی کوردستان ئامادە بوون. دامەزراندنی بەرەی جود هەنگاوێکی پیرۆز و گرنگ بوو و لە بەرژەوەندیی گەلی کورد و هەموو گەلانی عێراق بوو، پێویست بوو بایەخ و گرنگیی یەکجار زۆر بە بەرەکە بدرێت و، کاری باشی بۆ بکرێت و، هەوڵ بدرێت زۆرترین لایەن لە دەوری بەرەکە کۆببنەوە.

دوای ماوەیەکی کەم لە دامەزراندنی بەرەی جود، پارتی سۆشیالیستی کورد (پاسۆک) هاتە ناو بەرە ، دوای چەندین کۆبوونەوە و گۆڕینەوەی ڕا و تێڕوانینەکان لە ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٨٤ سێ حزبی تری کوردستانی و عێراقی هاتنە ناو ئەو بەرەیەوە کە بریتی بوون لە «حزبی گەلی دیموکراتی کوردستان، پارتی سۆشیالیستی عێراقی، کۆبوونەوەی «التجمع» دیموکراتی عێراقی» .

بە ئەندامبوونی ئەو لایەنانە لە بەرەی «جود»، ژمارەی ئەندامانی بەرە گەیشتە حەوت حزبی کوردستانی و عێراقی، بەم شێوەیە «جود» بووە بەرەیەکی کوردستانی و عێراقی دژی بەعس و ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری بینی لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێم و پێشهات و گۆڕانکارییەکانی دواتری سەر گۆڕەپانی عێراق.

# چاپکراوی نوێ




چاپی یەکەمی کتێبی (گرنگیی جۆرەکانی گەشتوگوزار بۆ ئابوورییەکی بەهێز) لە نووسینی (نـــــادر ڕوستی) بە بەرگێکی ناوازەوە کەوتە بەردەستی خوێنەران. نووسەر لەم کتێبەدا بە تێروتەسەلی باسی لە گەشتوگوزار بە گشتی دەکات بەو شێوەیەی کە بریتییە لە کۆمەڵێك چالاکیی مرۆیی کە دەیەوێت ئاواتەکانی گەشتیار جێبەجێ بکات، واتا ئەو پیشەسازییەیە کە ویست و ئارەزووەکانی گەشتیار تێر دەکات، لە هەمان کاتدا کتێبەکە باسی گرنگیی جۆرەکانی کردووەو پەیوەندیی ئەمەی بە ئابوورییەوە خستووتە ڕوو، دیارە جۆرەکانی گەشتوگوزار لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێن و زیاد و کەم دەکەن، زۆر جار پێناسە و ناوهێنانیان دەگۆڕێت، هەر چەند سروشت و هەڵکەوتەی جوگرافی لەبارتر بێت و مێژوو کلتوور دەوڵەمەندتر بن، جۆرەکانی گەشتوگوزار زۆرترو بەهێزتر دەبن و بوار بۆ چالاکیی زیاتر دەڕەخسێت.


نووسەر کتێبەکەی بەسەر چوار دەروازەدا دابەش کردووە، دەروازەی یەکەم گرنگیی کەرتی گەشتوگوزار لە جیهان و کوردستان، دەروازەی دووەم بریتییە لە ژمارە و پێناسەی جۆرەکانی گەشتوگوزار لە جیهان، دەروازەی سێیەم ژمارە و جۆرەکانی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان و چۆنییەتیی پەرەپێدانیان و بووژانەوەی ئابووریی هەرێم، دەروازەی چوارەم بریتییە لە پاشکۆی وێنە و پێناسەکانی جۆرەکانی گەشتوگوزار.

بۆ نووسینی ئەم کتێبە، نووسەر پشتی بە دەیان سەرچاوە و کاری مەیدانی و ئەزموونی وڵاتان بەستووە و یەکەم کتێب و سەرچاوەیە لەم بوارەدا دەخرێتە کتێبخانەی کوردییەوە. دەستخۆشی لە نادر ڕوستی دەکەین.. بە هیوای بەرهەمی زیاتر





لیوای مافپەروەر عەبدولخالق تەڵعەت

## چەند ئۆپەراسیۆنی سەربازیی هاوبەش ئەنجام دراون و بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا زیاتر بکرێن



سەنگەر سەربەست حەویزی :



## لە کوردستان هیچ یەک لە سیستمە ئابوورییە ناسراوەکانی دنیا پەیڕەو ناکرێت، بۆیە ناتوانرێت بنەما زانستی و تەندروستەکانی ئابووری لەسەر ئەم هەرێمە پەیڕەو بکرێت

ڤەلی نەسر:



## کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە وڵاتەکانی ناتوانن پێکەوە کار بکەن

ڕاجەوی ئەسەد:

## ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قۆناغی ڕاگوزەریدایە و دیار نییە بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

بۆ: خاتوو رۆشنا عومەر ئەندامی پێشووی دەستەی نووسەرانی گوڵان
بەداخەوە گوێبیستی هەواڵی کۆچی دوایی بەڕێز (عومەر محەمەد ئەمین)
باوکی بەڕێزتان بووین، بە ناوی خۆم و ستافی گۆڤاری گوڵانەوە
سەرەخۆشی لە خانەوادەکەتان دەکەین و داواکارین لە خوای میهرەبان
لێی خۆش بێت و بیخاتە بەر ڕەحمەتی خۆیەوەو بە بەهەشتی بەرینی
شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامی و سەبووریتان پێ ببەخشێت..
انا لله و انا اليه راجعون

سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان



کۆژین هیوا:
## لە ژیاندا متمانە بەخۆبوون هەموو کات وات لێ دەکات سەرکەوتوو بیت

محەمەد عەبدولقادر :
## لە کوردستان گرنگییەکی ئەوتۆ بە یارییە تاکەکان نادرێت




## لەخۆتەوە ئەسپرین بەکارمەهێنە!




## چاوێکی بینا بۆ نابینایان



نادین سەعب :
## رکابەرێتیی نێوان هونەرمەندان واقعێکە نکۆڵی لێناکرێت



بەپێی ئەو کاتە دەستوورییەی کە دیاریکراوە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار کە ٣٠ رۆژ لەدوای هەڵبژاردنی سەرۆك پەرلەمان و هەردوو جێگرەکەی ، دەبوو رۆژی ٧ی شوبات پەرلەمان دانیشتنێکی تایبەت بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە گرێبدات، بەڵام بڕیاری دادگای فیدراڵی بەوەی پێویستە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار دوو لەسەرسێی «٢٢٠» ئەندام ئامادەبێت ، هەروەها تویتەکەی موقتەدا سەدر بە ئامادەنەبوونی فراکسیۆنەکەی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار و، پاشانیش پشتیوانیی دوو هاوپەیمانەکەی «پارتی دیموکراتی کوردستان و هاوپەیمانیی سیادە» کە ئەوانیش بەشداریی ئەو دانیشتنە ناکەن، بووە هۆکاری ئەوەی کە نەتوانرێت پەرلەمان نیسابی یاسایی بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە دابین بکات و، بەمەش وەك یاساناسان و سیاسەتمەداران مەزندەی بۆ دەکەن، پرۆسەی سیاسیی عێراق بەرەو کۆمەڵێك ئەگەر هەنگاو هەڵدەگرێت لەوانە:

١- هەندێك پێیان وایە لەدوای حەوتی شوباتەوە کە پێشلکاریی کاتە دەستوورییە دیاریکراوەکان، پرۆسەی سیاسیی عێراق بەرەو بۆشاییەکی دەستووری هەنگاو هەڵدەگرێت.

٢- هەندێکی دیکە پێیان وایە لەدوای ئەو بەرواروە، هیچ کام لەو ٢٥ کاندیدەی بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار خۆیان هەڵبژاردووە مافیان نامێنێت و، دەبێت سەرلەنوێ خەڵکی دیکە جیا لەوان خۆی کاندید بکاتەوە، بەڵام بەشێکی دیکە دەڵێن کاندیدەکانی پێشووش مافی خۆپاڵاوتنیان دەمێنێت و دەکرێت خەڵکی تازەش خۆیان بپاڵێون.

٣- بەشێك لە سیاسەتمەدارانی لایەنە جیاوازەکانیش پێیان وایە ئەگەر لایەنە سیاسییەکانی شیعە «ئیتار و تەیار» ڕێك نەکەون ، ئەوا پرۆسەی سیاسیی عێراق بەرەو بازنەیەکی بۆش هەنگاو هەڵدەگرێت و پەکی دەکەوێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەم هاوپەیمانیی زۆرینە «سەدر ، پارتی، هاوپەیمانیی سیادە» کارتی زۆرینەیان بەدەستەوەیەو دەتوانن پرۆسەکە رابگرن «وەك دوێنی رایانگرت» هەمیش لایەنەکانی «ئیتار و هاوپەیمانەکان» کارتی سێیەکی پەکخراویان بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی دژی نەهێڵن نیسابی دوو لەسەر سێی پەرلەمانی دروست بێت و پرۆسە سیاسییەکە بەردەوامی هەبێت.

هەموو ئەم لێکەوتانەی لەدوای کۆبوونەوەی پەرلەمان لە ٧ی شوبات باسیان لێوە دەکرێت، ئاکامی عینادی و لێکتێنەگەیشتنی نێوماڵی سیاسیی شیعەیەو ، هەر لەبەر مەزندەکردنی ئەم مەترسییە بوو کە بەڕێز مسعود بارزانی لە هەفتەی رابردوودا دەستپێشخەرییەکی راگەیاند و، بۆ گەیاندنی ئەم دەستپێشخەرییەش بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی و محەمەد حەلبوسی راسپارد کە سەردانی سەماحەتی موقتەدا سەدر بکەن و دەروازەیەك بۆ ئەم تەنگژە

# ئاستەنگی یەکەم بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی عێراق

چاوەڕوانکراوە بدۆزنەوە و، بوار نەدەن کە پێشێلکاریی کاتە دەستوورییە دیاریکراوەکان بکرێت و پرۆسە سیاسییەکەش بەرەو پەککەوتن هەنگاو هەڵبگرێت و، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی سەماحەتی سەدر بە خۆشحاڵییەوە دەستپێشخەرییەکەی سەرۆك بارزانی وەرگرت و بڕیاری دا لەگەڵ بەشێك لە لایەنەکانی ئیتاری تەنسیقی کۆببێتەوە و بەشدارییان پێ بکات، بەڵام پێداگریی لایەنەکانی تەیار لەسەر سڕینەوەی «هاوپەیمانیی زۆرینە بۆ سازانی نیشتمانی» گەیشتە ئەوەی نزیکبوونەوەی پێویست لەنێوان ئیتار و تەیار نەیەتە ئاراوە و، هەر بۆیەش دوای ئەم ئاکامە، سەدر لە تویتێکدا رایگەیاند: فراکسیۆنی تەیار بە شداریی کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار ناکات، هەروەها دانوستان لەگەڵ سەرجەم لایەنە سیاسیەکان بۆ کاتیکی نادیار هەڵدەپەسێرین»، بەڵام هەردوای ئەم تویتە و پەیوەندیکردنی موقتەدا سەدر بە ڕێگەی تەلەفون بە سەرۆك بارزانی-یەوە و جەخت کردنەوەی لەسەر «هاوپەیمانیی زۆرینەی نیشمانی و بەردەوامیی هەنگاوەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە»، ئەو تەمومژەی رەواندەوە کە هەڵپەساردنی دانوستانەکان لەگەڵ کۆی لایەنە سیاسییەکان، مەبەستی سەدر تەنیا لایەنەکانی ئیتاری تەنسیقییە نەك لایەنەکانی هاوپەیمانیی زۆرینەی نیشتمانی.

بە هەرحاڵ لەگەڵ ئەوەی پتەویی هاوپەیمانیی زۆرینەی «سەدر ، پارتی ، هاوپەیمانیی سیادە» هەنگاوێکی گرنگە بۆ پاراستنی پرۆسەی سیاسیی عێراق، بەڵام دەرکەوتنی کۆمەڵێك هەنگاوی دیکە بۆ تێکدانی سەقامگیریی عێراق و هەڕەشەکردن لە لایەنەکانی ناو زۆرینەی هاوپەیمانیی نیشتمانی و، بەتایبەتیش کە پێری ٦ی شوبات هێزیکی حەشدی شەعبی بەبێ ئاگاداریی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان چووەتە پارێزگای ئەنبار و لە « گەرمە» خۆی نیشتەجێ کردووە، هەروەها هەڵکشانی دیاردەی تیرۆری کەسی لەسەرئاستی پارێزگاکان بەگشتی و پارێزگای میسان بە تایبەتی و، ئەمانە هەموویان ئاماژەن بۆ گوشار دروستکردن بە ئامانجی پەکخستنی پرۆسە سیاسییەکەو ، ئەم حاڵەتەش کە بووەتە دیاردەی ململانێ لەنێوان ئەوانەی دەیانەوێت عێراق ببێتەوە بە دەوڵەت و ئەوانەی دەیانەوێت لە حاڵەتی نادەوڵەتی وەك خۆی بمێنێتەوە ، شەڕێکی درێژخایەنی بێ ئاکام دەبێت و، وەك هەندێك لە چاودێرانیش ئاماژەی پێ دەکەن، پەنابردنی هەندێك گروپ و لایەن بۆ توندوتیژی و تێکدانی سەقامگیری، پەیامێکی روونە کە کێشەکانی نێو لایەنەکانی ئیسلامی سیاسیی شیعە لە عێراقدا زۆر لەوە گەورەترن لەژێر چەتری پەرلەمان و بە شێوازێکی دیموکراتییانە یەکلایی ببنەوە و ، هەر ئەمەش عێراق بەرەو رووی تونێلە تاریکەکە دەکاتەوە.



# پاراستنی سەروەریی دەوڵەت

## بووەتە پەراوێزی مەترسییە جیهانییەکان



**ڕیچارد هاس دیپلۆمات و بیرمەند و سەرۆکی ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند: ئەم ڕەفتارەی پۆتین بە داگیرکردنی»کریما« و لکاندنی بە ڕووسیاوە، دەقاودەق لە داگیرکردنی کوەیت دەچێت لە لایەن سەدام حوسێنەوە**

**هێزی سەرەکی لەسەر زەوی کە ببووە جێگەی ئومێدی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش و وەک هێزێک بەرگری لە بوون و کەرامەتی مرۆڤایەتی بکات، تەنیا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو**

لە ساڵی ٢٠١٤ کاتێك هێزەکانی فلادیمێر پۆتین چوونە ناو «کریما» و لکاندیان بە ڕووسیاوە، ڕیچارد هاس دیپلۆمات و بیرمەند و سەرۆکی ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند: ئەم ڕەفتارەی پۆتین بە داگیرکردنی »کریما« و لکاندنی بە ڕووسیاوە، دەقاودەق لە داگیرکردنی کوەیت دەچێت لە لایەن سەدام حوسینەوە، بەڵام ئەو کات بۆ پارێزگاریکردن لە سەرەوەریی دەوڵەت و سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی و ناچارکردنی سەدام حوسین بۆ کۆتاییهێنان بەو داگیرکارییە، هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی پێك هات، کە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشانیشی لە خۆی گرتبوو، بەڵام ئەوەتا فلادمیر پۆتین کریمای داگیر کردووە و جیهانیش دەستەوەستانە بۆ ئەوەی وەك سەدام حوسێن ناچار بێت لە کریما بکشێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو سیستمە کۆنەی پێمان دەگوت «سیستمی نوێی جیهان» کۆتایی هات و تازەکەش ئێستا لە دایك نەبووە.

هەر ساڵی ٢٠١٤ دوای ئەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش سەریهەڵدا و لە حوزەیرانی هەمان ساڵدا دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا ڕاگەیاند، بووە سەرەتای دەرکەوتنەوەی دەوڵەتێکی جیاواز لە مودێلی (دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ) هەر بۆیە جیهان بەدەستەوەستانییەوە سەیری ئەم دەوڵەتە جیاوازەیان دەکرد، کە لە سەر خاکی دوو دەوڵەتی دیکە دامەزراوە و لە سەر ئەرزی واقیع هەیە و، خاوەنی ئەفسانە و ترسێکە، کە هیچ هێزێك ناتوانێت تێکی بشکێنێت، هەر بۆیە چۆن جیهان لە ئاستی داگیرکردنی کریما دەستەوەستان بوو، لە بەرامبەر دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامیی داعشیش لە عێراق و سووریا دەستەوەستان بوو، تا ئەو کاتەی تیرۆریستانی داعش ئاراستەی هێرشەکانیان گۆڕی بۆ سەر هەرێمی کوردستان و، لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ دەستپێکی هێرشەکانیان توانییان چەند ناوچەیەك لە هەرێمی کوردستان داگیر بکەن، بەڵام مقاوەمەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ڕاگرتنی هێرشەکانیان و، پاشانیش پاشەکشە پێکردنیان لە مەخموور و زومار بە بێ بوونی هاریکاریی نێودەوڵەتی توانی ئەفسانەی داعش بەتاڵ بکاتەوە و، پیشانی جیهانی بدات کە هێزێك هەیە کە «پێشمەرگەیە» و ئەو توانایەی هەیە تیرۆریستانی داعش تێك بشکێنێت، ئەمە باردۆخەکەی لە ئاستی نێودەوڵەتی وەرچەخاند و تەنیا هەفتەیەك دوای مقاوەمەتی پیشمەرگە، باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا توانی بۆ پاراستنی سەروەریی دەوڵەت «عێراق و سووریا» بڕیار بدات و بێتە ناو شەڕەکە و، لە ئاسمانەوە هاوکاریی هێزی پێشمەرگە بکات، ئەمەش بووە سەرەتای دروستبوونی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعش و زیاتر لە ٦٨ دەوڵەتی تێدا کۆبوونەوە، بەڵام هێزی سەرەکی لەسەر زەوی کە ببووە جێگەی ئومێدی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش و وەك هێزێك بەرگری لە بوون و کەرامەتی مرۆڤایەتی بکات، تەنیا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو.

ئەم دوو ڕووداوە «داگیرکردنی کریما و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی خەلافەتی داعش» ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکەن، کە ئەم دوو ڕووداوە بۆ هەموو بیرمەندان و سیاسەتمەدارانی جیهان، دوو ڕووداوی لەناکاو بوون، پێشتر هیچ بیرمەند و سیاسەتمەدارێك مەزندەی ئەوەی نەکردووە کە دوو ڕووداوی لەو جۆرە ڕوو دەدەن، ئەم ڕووداوە لەناکاوە هاوکێشەیەکی سیاسیی تازەی لە سەر ئاستی جیهان دروست کرد، بەوەی (نە مەزندەکردن ماوە، نە متمانە، نە توانای بڕیاردان)، ئەو جا بۆ ئەوەی ئەمانە بگەڕێنەوە جێگەی خۆی، ئەوا دەبێت جیهان هاریکار و پشتیوانی ئەو هێزەی سەر زەوی «پێشمەرگە» بێت، بۆ ئەوەی سەروەریی دەوڵەتی نەتەوەیی و سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی پارێزراو بێت.

لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٤ تا کۆتایی ٢٠١٦، سەرۆك مسعود بارزانی لە شارۆچکەی باشیك سەرکەوتنی کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعشی لە هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند و، بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانرا دەروازەکانی باکوور بۆ ئازادکردنی مووسڵ بکرێنەوە، هێزەکانی عێراق لە بەرەی پێشمەرگەوە چوونە ناو مووسڵ و، دوای نزیکەی ساڵێك توانرا مووسڵیش ئازاد بکرێتەوە.

ئەوجا لەگەڵ ئەوەی سەرکەوتنی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، هیوایەکی بۆ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعش گێرایەوە، بەوەی دەتوانن هەم سەروەریی دەوڵەت و هەمیش سیستمی لیبراڵی نێودەوڵەتی دووبارە ڕێك بخەنەوە، بەڵام ڕیفراندۆمی بەریتانیا بە «بەڵێ» بۆ دەرچوون لە یەکێتیی ئەوروپا لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٦ و، بردنەوەی دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنەکانی نۆڤبەری هەمان ساڵدا، ئەو ڕاستییەی ئاشکرا کرد، کە لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی «کە لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٦ لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی ڕاگەیەندرا»، ئیدی هیچ هێزێك ناتوانێت نە سەروەریی دەوڵەتە نەریتییەکان و نە ئەو سیستمە جیهانییەش کە پێی دەگوترێت «سیستمی لیبراڵی نێودەوڵەتی» بپارێزێت، ئەمەش بەو مانایەی ئەو هەڕەشانەی پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا لەسەر ئایندەی کۆمەڵگەی لیبراڵ دیموکراتی و تەواوی جیهان دروستی دەکات، زۆر لە پاراستنی دیموکراتی لە سەر ئاستی ناوخۆ و سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی ترسناکترە، بۆیە بە ئاشکرا و بەبێ هیچ سڵەمینەوەیەك دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا لە ساڵی٢٠١٧ ڕایگەیاند:

١. نوسخەی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی ١٩٤٥ چی دیکە بە کەڵکی ساڵی ٢٠١٧ی ئەمریکا نایەت.

٢. ئەمریکا چی دیکە لە سەر بنەمای پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەستێوەردان لە دەوڵەتان ناکات و، پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەتیش لە سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکادا کۆتایی هات.

٣. ئەرکی سەرشانی ئەمریکا نییە کە بە داهاتی خۆی دەوڵەتانی ئەندامی هاوپەیمانیی ئەتڵەسی بپارێزێت و، ئەندامانی ئەم هاوپەیمانییە دەبێت بە داهاتی خۆیان خۆیان بپارێزن.

٤. چیتر ئەمریکا پابەند نابێت بە تەرخانکردنی بودجە بۆ ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان.. ئەم بڕیارەی لەگەڵ دەستپێکی بڵاوبوونەوەی کۆڤید١٩ جێبەجێ کرد.

٥. لە سەر ئاستی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە هەر لە ساڵی ١٩٤٨ـەوە و دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل دۆسێی هەرە گرنگی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بوو، لە ساڵی ٢٠١٧ ڕاشکاوانە جیراڵد کۆشنەر بە مەحموود عەباسی سەرۆکی دەسەڵاتی فەڵەستینی ڕاگەیاند: ئێمە لە ئێستاوە سەیری کێشەی فەڵەستین و ئیسرائیل دەکەین و بەرپرسیاری مێژووی ٧٠ ساڵی ڕابردوو نین.

هاوکات لەگەڵ ئەم وەرچەرخانە گەورانە لە سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکادا، بەریتانیاش ڕێوشوێنەکانی چوونە دەرەوەی لە یەکێتیی ئەوروپا تەواو کرد و لەو یەکێتییە هاتە دەرەوە.

**ئەو هەڕەشانەی پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا لە سەر ئایندەی کۆمەڵگەی لیبراڵ دیموکراتی و تەواوی جیهان دروستی دەکات، زۆر لە پاراستنی دیموکراتی لە سەر ئاستی ناوخۆ و سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی ترسناکترە**

## ● دەستپێکی بڵاوبوونەوەی کۆڤید ١٩ سەرەتای کۆتایی هاوکاریی نێودەوڵەتی

لە مانگەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا کە دواتر بە «کۆڤید ١٩» ناسرا، تەنیا پەتایەکی لۆکاڵی «Epidemic» بوو، بەڵام نەبوونی هاوکاریی نێودەوڵەتی بۆ ڕێگرتن لەم پەتا لۆکاڵییە بوو بە هۆکاری ئەوەی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بگۆڕێت بۆ پەتایەکی گلۆباڵی «pandemic»، لەمەش زیاتر مامەڵەی خراپی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و سڕکردنی کارەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی «WHO» بە هۆی بڕینی بودجەکەی لە لایەن ئەمریکاوە، بووە هۆکاری ئەوەی هەوڵێکی سەنتراڵی لەسەر ئاستی جیهان بۆ دروستکردنی ڤاکسین پەرت و بڵاو بێت، لەمەش خراپتر ئەم پەتایە بووە هۆکاری هەڵاوسان و چەقبەستنێکی گەورەی ئابووری و، بە جۆرێك شێوازی ژیانی گۆڕی کە خەڵك لە سەرانسەری جیهان لە دژی ئەو ڕێوشوێنانەی کەرەنتینە کە حکومەتەکان بۆ سەلامەتیی هاووڵاتیان دەیانگرتەبەر، خۆپیشاندانی فراوان و ئاژاوە تەقریبەن لە سەرانسەری جیهان بێتە ئاراوە، بەمەش حکومەتەکان کەوتنە بەردەم دووڕێیانێکی ترسناك، ئەویش ئەوەیە، یان دەبێت بژێویی خەڵك دابین بکەن کە لە توانایاندا نییە، یان دەبوو کەرەنتینە بشکێنن و موجازەفە بە تەندروستیی هاووڵاتیانەوە بکرێت، بۆیە بە ناچاری و لە ژێر گوشاری خەڵکدا، حکومەتەکان لە سەرانسەری جیهان کەرەنتینەیان سووك کرد، پێش ئەوەی ڤاکسینی دژی کۆرۆنا ڕوخسەتی فەرمیی بەکارهێنانی بە شێوەیەکی فەرمی وەرگرتبێت.

**مامەڵەی خراپی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و سڕکردنی کارەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی «WHO» بە هۆی بڕینی بودجەکەی لە لایەن ئەمریکاوە، بووە هۆکاری ئەوەی هەوڵێکی سەنتراڵی لە سەر ئاستی جیهان بۆ دروستکردنی ڤاکسین پەرت و بڵاو بێت**

هەوڵەکان بۆ دروستکردنی ڤاکسین دژی کۆرۆنا، ئەو ڕاستییانەی پیشان داین، کە لەگەڵ ئەوەی هەوڵی ڕووبەڕووبوونەوە بۆ پەتایەکی جیهانیی وەك کۆڤید ١٩ لە هەوڵی بە تەنیای گەورەترین دەوڵەت گەورەترە، بەڵام وەك فرانسیس فۆکۆیاما ئاماژەی پێ دەکات، ئەوەی مەترسییەکانی گەورەتر کردووە، ئەوەیە کە بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ نەیتوانی هاریکاری و هەماهەنگیی نێودەوڵەتی دروست بکات، ئەمە لە کاتێکدا کە هێرشی تیرۆریستان لە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ گەورەترین هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی تیرۆریستانی لێ کەوتەوە، تەنگژە ئابوورییەکانی ساڵی ٢٠٠٨ ی گرووپی «G20»بەدوادا هات، بەڵام کاتێك بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە زیاتر لە چەندین ملیۆن کەسی لە سەر ئاستی جیهان کوشتووە و هیچ هاوکاری و هاریکارییەکی گەورەی بەدوای خۆیدا نەهێنا، ئەمە ئاماژەیە بۆ مەترسییە گەورەکانی دیکەش وەك «کەمکردنەوەی مەترسییەکانی تەکنەلۆژیا، هەوڵەکان بۆ «ڕێگرتن لە گۆڕینی کەشوهەوا، ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی» کە هەر یەکەیان هێندەی پەتای کۆرۆنا ترسناکن و، مانەوەی ئەم کێشە ترسناکانەش بە بێ هاریکاریی نێودەوڵەتی، مانای ئەوەیە ئایندەی هەسارەی زەوی لە مەترسیدایە، نەك وەك چەند ساڵێك لەمەوپێش جەختی لەسەر دەکرایەوە کە سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی لە مەترسیدایە.

## ● چوونە ساڵی سێیەمی کۆڤید ١٩ و ساڵی یەکەمی ئۆمیکرۆن

ساڵی ٢٠٢١ مەترسیی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە داڤۆس دواخست و نەکرا، ئەمساڵیس وەك بینیمان تەنیا ڕاپۆرتەکەیان بڵاوکردەوە و پەنێلەکانیان بە ئۆنلاین بەڕێوەبرد و، وتووێژ و دیالۆگیان بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارە بۆ کێشە جیهانییەکان ئەنجام دا، لەم کۆڕبەندە ئۆنلاینەدا ئۆرسولا ڤۆن دیر لاین سەرۆکی کۆمیسارییای یەکێتیی ئەورووپا، ڕوویەکی گەشی هەوڵەکانی یەکێتیی ئەورووپای لە سەر هەر دوو ئاستی بووژانەوەی ئابووری و هەناردەکردنی ڤاکسینی بۆ وڵاتانی هەژار بۆ وێنا کردین و، جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە هەوڵ و هاریکاری و هەماهەنگیی دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا نموونەیەکی بەرجەستەکراوی ڕێگەچارەیەکی دەستەجەمعین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە و مەترسی و تەحەددییە جیهانییەکان، بەڵام لە بەرامبەردا ئۆلاف شۆلتز ڕاوێژکاری تازەی ئەڵمانیا و سەرۆکی گرووپی»G7» ڕاشکاوانەتر لە ئۆرسولا جەختی کردە سەر هاریکارییە نێودەوڵەتییەکان و ئاماژەی بەوە کرد، جۆرێك لە بێمتمانەیی هەیە و دەبێت ئەو متمانەیە بگەڕێتەوە و هەوڵەکان بۆ



هاوکاریی نێودەوڵەتی بگرینەبەر و، بەبێ ئەم هاوکارییەش کێشەکان بێ چارەسەر دەمێننەوە.

ئەوەی جێگەی هەڵویستە و سەرنجە لە سەر ڕاپۆرتی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی ساڵی ٢٠٢٢ و، هەر بە ناوی»ڕاپۆرتی مەترسییە جیهانییەکان -٢٠٢٢»، ئەوەیە کە ئەو مەترسییە جیهانییانە ئێستا باسیان لێوە دەکرێت و بوونەتە مەترسییەك لە سەرووی توانای دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخەوەیە، ئەو مەترسییانە نین کە پێش ساڵی ٢٠١٦ و ڕاگەیاندنی شۆڕشی

**ئەوەی مەترسییەکانی گەورەتر کردووە، ئەوەیە کە بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ نەیتوانی هاریکاری و هەماهەنگیی نێودەوڵەتی دروست بکات**

**پێش ساڵی ٢٠١٦ باس لە پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا وەک پێشکەوتنێک بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی و، کەمێک مەترسی لە سەر نەمانی دەستی کار دەکرا، بەڵام ئەمساڵ باس لە هەڕەشەکانی فەزای سایبەر و پنتی کوێری ناو سیستمی دیجیتاڵی دەکرێت**

**مەترسییە جیهانییەکان گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە چیتر پاراستنی سەروەریی دەوڵەتی نەتەوەیی لە پەراوێزێک زیاتر شتێکی دیکە نەبێت**

پیشەسازیی چوارەم باسیان لێوە دەکرا، هەر بۆ نموونە:

- پێش ساڵی ٢٠١٦ گەورەترین مەترسی کە ڕووبەڕووی جیهان دەبوو، و دەبووە بابەتی سەرەکیی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی، هەڕەشەی تیرۆریستان و خەلافەتی ئیسلامیی داعش بوو، باس لەوە دەکرا کە دەبێت شێوەی سوپای ئایندە چۆن بێت بۆ ئەوەی تیرۆریستان بنبڕ بکرێن، بەڵام ئەمساڵ هیچ کام لە ئەجێندەکانی ئەم کۆڕبەندە باسی مەترسیی کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس، هەلێك بۆ دیالۆگ و یەکتر بینینی شاندی جیاوازی دەوڵەتەکان و باسکردنی پەیوەندیی دووقۆڵی و هاوکاری لە نیوان دەوڵەتەکان هەبوو، ئەمساڵ باس لە پێویستیی هاریکاریی نێودەوڵەتی دەکرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییە جیهانییەکان.

ئەگەر لەم بەراوردەی نێوان ئەمساڵ و ساڵانی پێش ٢٠١٦ شتێکمان بۆ ئاشکرا بێت، ئەوەیە کە پێش ساڵی ٢٠١٦ توانای ئەوە هەبوو کە لە چوارچێوەی دەوڵەتی نیشتمانی لە نێوان



تیرۆری نەکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمساڵ دەرهاویشتە خراپەکانی پەتای کۆڤید ١٩ و چۆنێتیی دووبارە ژیاندنەوەی ئابووری بوو.

- پێش ساڵی ٢٠١٦ باس لە پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا وەك پێشکەوتنێك بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی و، کەمێك مەترسی لەسەر نەمانی دەستی کار دەکرا، بەڵام ئەمساڵ باس لە هەڕەشەکانی فەزای سایبەر و پنتی کوێری ناو سیستمی دیجیتاڵی دەکرێت.

- لە پێش ساڵی ٢٠١٦ و لە پەراوێزی دەوڵەتاندا جۆرێك هاریکاری بکرێت، بۆ ئەوەی کێشە و هەڕەشەکان چارەسەر بکرێن، ئەوا لە ئێستادا مەترسییەکە لەوەدایە چەندین مەترسیی جیهانی هەیە و ئەم مەترسییانە دەوڵەتان ناجووڵێنێت، بۆ ئەوەی هاوکاری بکەن بۆ ئەوەی ئەو کێشانە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە مەترسییە جیهانییەکان گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە چیتر پاراستنی سەروەریی دەوڵەتی نەتەوەیی لە پەراوێزێك زیاتر شتێکی دیکە نەبێت.




**فەریق جەمال محەمەد**

**سەرۆک ئەرکانی هێزی پێشمەرگە بۆ گوڵان:**

# هاووڵاتیانی کوردستان دڵنیا دەکەمەوە هەرێمی کوردستان هێڵێکی بەرگریی تۆکمەی هەیە

# سەرجەم ئەو سنوور و شوێنانە پارێزراون کە هێزی پێشمەرگەی لێیە و ئاڵای کوردستانی تێدا دەشەکێتەوە

**هێرشی داعش بۆ سەر گرتووخانەی «غوێران» لە پارێزگای حەسەکە لە ڕۆژئاوای کوردستان و زنجیرە هێرشەکانی داعش بۆ سەر هێزەکانی پۆلیس و سوپای عێراق، مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوە و زیادبوونی هێرشەکانی داعشی زیاتر کرد، ئەگەرچی ئەمریکا لە هێرشێکی سەربازیدا ئەبو ئیبراهیم ئەلهاشمی ئەلقورەیشی خەلیفەی دووەمی داعشی لە باکووری سووریا کوشت، بەڵام مەترسییەکانی داعش بەردەوامن؛ ئامادەکارییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و توندوتۆڵکردنی سەنگەرەکانی پێشمەرگە و چەند تەوەرێکی دیکەی تایبەت بە هەماهەنگیی وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ هاوپەیمانەکان و سوپای عێراق، تەوەرەی سەرەکیی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان بوون لە فەریق جەمال محەمەد سەرۆک ئەرکانی هێزی پێشمەرگە. لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** هێرشی داعش بۆ سەر حەسەکە لە ڕووداوی ٢٠١٤ی مووسڵ دەچێت، زۆر کەس پێیان وایە داعش سیناریۆی ٢٠١٤ی دووبارە کردەوە؛ وەکو سەرۆك ئەرکانی هێزی پێشمەرگە ڕاوبۆچوونت لەسەر ئەم ڕووداوانە چییە؟**

- هێرشی داعش بۆ سەر گرتووخانەی «غوێران»ی پارێزگای حەسەکە لە ڕۆژئاوای کوردستان و بەردەوامیی هێرشەکانی داعش لە عێراق، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە داعش کۆتایی نەهاتووە، بەپێچەوانەوەی ئەو کاتی لێدوانەکانی عێراقەوە کە لە دوای ئازادکردنی مووسڵ ڕایانگەیاند کە داعش کۆتایی هاتووە. هەر لەو کاتەدا سەرۆك بارزانی ڕای وابوو داعش تەنیا لە ڕووی خەلافەت و پێگەی جوگرافیاوە کۆتایی هاتووە، بەڵام لە ڕووی مەترسیی سەربازی و کاری تیرۆرستی و فکری توندوتیژییەوە داعش کۆتایی نەهاتووە و هێشتا توانای کاری تیرۆرستی و کوشتن و کاری چەتەیی ماوە، هەرواش بوو لە دوای ئازادکردنی مووسڵ و ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی داعش لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، داعشەکان بە سەدان کاری هێرش و تیرۆریستییان ئەنجام داوە و بە سەدان قوربانی و کوژراوی لێ کەوتووەتەوە. ڕووداوەکانی حەسەکەش هەر چەندە لەلایەن هێزی ئاسمانی و زەوییەوە لەلایەن هاوپەیمانەکان هاوکاریی هێزەکانی سووریای دیموکرات کرا و پێنتاگۆن ڕایگەیاند کەوا زنجیرەیەك هێرشی ئاسمانییان بۆ سەر داعش ئەنجام داوە، بەڵام دۆخەکە لەوێ زۆر ئاڵۆز بووە و بە سەدان داعش لەو گرتووخانەیە هەڵهاتن و دەیان کوژراوی لێ کەوتەوە و پشێوییەکی گەورەیان نایەوە، بگرە داعش بەردەوامە لێرە و لەوێ لە هێرشکردن، تەنانەت هێرشەکانیان لە عێراقیشدا زیاد بووە، خۆ لە عێراقیشدا هێرشی سەر فڕۆکەخانەی بەغدا و زیانگەیاندن بە چەند فڕۆکەیەك کارێکی زۆر مەترسیدار و جیاواز بوو. فڕۆکەخانە ڕەمزی وڵاتە و ئەگەری ئەمجۆرە هێرشانە و بەردەوامبوونی هەیە، هەموو ئەم هێرشانە وایان کرد عێراقیش بکەوێتە حاڵەتی ئامادەباشییەوە و تەنانەت لە دەوروبەری زیندانەکان هێزی سەربازی بڵاوەی پێ کرا و باس لە توندوتۆڵکردنی سنوورەکانی دەکات لەگەڵ سووریادا، هەرچەندە سوپای عێراق زەحمەتە بتوانێت ئەو سنوورە فراوانەی نێوان سووریا و عێراق بپارێزێت. دوابەدوای ئەم ڕووداوانە ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی

**سەرۆک بارزانی ڕای وابوو داعش تەنیا لە ڕووی خەلافەت و پێگەی جوگرافیاوە کۆتایی هاتووە، بەڵام لە ڕووی مەترسیی سەربازی و کاری تیرۆریستی و فکری توندوتیژییەوە داعش کۆتایی نەهاتووە، هەر واش بووە**

**جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ پێداویستی و سەنگەرسازی بۆ هەموو میحوەرەکانی هێزی پێشمەرگەی لێژنەیەکی پسپۆڕیان ڕەوانە کردو بە کار بوون لە سەنگەرسازی و چەندین کامێرای «حەراری»شیان بۆ میحوەرەکانی هێزی پێشمەرگە دابین کردووە**

**پێداویستیی چەک و تەقەمەنی لەلایەن ئەمریکاوە دابین دەکرێت و وڵاتانی دیکەی هاوپەیمانانیش هاوکاریی لۆجستی و مەشق و ڕاهێنان دەکەن**

**لە دوای ئازادکردنی مووسڵ و ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی داعش لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، داعشەکان بە سەدان کاری هێرش و تیرۆریستییان ئەنجام داوە و بە سەدان قوربانی و کوژراوی لێ کەوتووەتەوە**

**هێرشەکانی داعش و میلیشیا چەکدارەکان بە تایبەتی بۆ سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە وای کرد، ستراتیژیەتی وەزارەتی پێشمەرگەی لە زۆر لایەنەوە بگۆڕدرێت؛ بۆ نموونە لە بەرگرییەوە بۆ هێرشبردن گۆڕدرا، چەند ئۆپەراسیۆنێکی سەربازییشمان بە هەماهەنگی لەگەڵ سوپای عێراق ئەنجام دا**

**هێشتا ئەم هەماهەنگییەی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و سوپای عێراق بەپێی خواست و ویستی ئێمە نییە و چەندین ئاستەنگ و بەربەست لە بەردەم ڕێککەوتن و جێبەجێکردنی کارەکان دادەنرێن**

هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ بە ڕێزان وەزیری پێشمەرگە و وەزیری ناوخۆی ڕاسپاردن بۆ ئامادەباشی و وریایی هێزی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکان، ئێمەش لە سەرجەم میحوەرەکان و فەرماندە و لیواکانی هێزی پێشمەرگە حاڵەتی وریایی زیاترمان ڕاگەیاند و لە زنجیرە کۆبوونەوەیەکیشدا بڕیاری توندوتۆڵکردنی سەنگەرەکان و پابەندبوون بە دیسپلینی سەربازی و دابینکردنی پێداویستیی زیاتر بۆ پێشمەرگە درا، لە کۆبوونەوەی ئاسایی وەزارەتیشدا کە بۆ داستنیشانکردنی گرفتەکان و چارەسەرکردنیان بەڕێوەچوو، ئامادەیی پێشمەرگە ڕاگەیەندرا بۆ ڕووبەرووبوونەوەی هەر ئەگەرێکی نەخوازراو. ئەم هەنگاو و کارانەی وەزارەتی پێشمەرگە بووە هۆی کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە، بۆیە هاووڵاتیانی کوردستان دڵنیا دەکەمەوە هەرێمی کوردستان هێڵێکی بەرگریی تۆکمەی هەیە و لە سەرجەم ئەو سنوور و شوێنانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لێیە و ئاڵای کوردستان دەشەکێتەوە، هەر هەموویان پارێزراون، بۆ ئەمەش پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان هەیە و پێداویستیی چەك و تەقەمەنی لەلایەن ئەمریکاوە دابین دەکرێت و وڵاتانی دیکەی هاوپەیمانانیش هاوکاریی لۆجستی و مەشق و ڕاهێنان دەکەن، هەروەها لە ڕاوێژ بۆ چاکسازی پاڵپشتیمان دەکەن، ئەڵمانیاش لە ڕووی دابینکردنی پێداویستیی پزیشکی بۆ نەخۆشخانەی سەربازی پاڵپشتمانن.

*** باس لەوە دەکرێت ژمارەیەك لە داعشە هەڵهاتووەکان خەڵکی عێراقن و ڕەنگە بگەڕێنەوە بۆ عێراق و لەلایەن کەسوکاریانەوە داڵدە بدرێن، ئەمە وێڕای ئەوەی لە دیالە و چەند ناوچەی دیکەی عێراق و سووریا هێرشی داعش زیادی کردووە، عەسائیبی سەر بە ئیتاری تەنسیقی ترس و دڵەڕاوکێیان بڵاو کردووەتەوە، بەوەی لە شنگال تا حەمرین بۆشایی ئەمنی هەیە و پێویستە هێزەکانیان لەو ناوچانە جێگیر بکەن؟**

- ڕووداوەکانی حەسەکە و دێرزور و دیالە و پێشتریش هێرشەکانی داعش بۆ سەر سنووری ناحیەی کوڵەجۆی سەر بە قەزای کفری و بەرزاییەکانی نزیك لە بەنداوی باوە شاسوار و دواتر لە گوندی خدرجیجە لە شارۆچکەی مەخموور و هێرشی مووشەکی و کاتیوشا بۆ سەر فڕۆکەخانەی بەغدا و سەنگەرەکانی پێشمەرگە، هەموو ئەم هێرشانەی داعش و میلیشیا چەکدارەکان بە تایبەتی بۆ سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە وای کرد، ستراتیژیەتی وەزارەتی پێشمەرگەی لە زۆر لایەنەوە بگۆڕدرێت؛ بۆ نموونە لە بەرگرییەوە بۆ هێرشبردن گۆڕدرا، چەند ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیشمان بە هەماهەنگی لەگەڵ سوپای عێراق ئەنجام دا، بە سوپاسەوە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ پێداویستی و سەنگەرسازی بۆ هەموو میحوەرەکانی هێزی پێشمەرگەی لێژنەیەکی پسپۆڕیان ڕەوانە کرد و بە کار بوون لە سەنگەرسازی و چەندین کامێرای «حەراری»شیان بۆ میحوەرەکانی هێزی پێشمەرگە دابین کردووە، ئەم کامێرانە زۆر پێویستن، چونکە داعش سوود لە تاریکیی شەو و سەرما و سۆڵە و لاوازیی بینین وەردەگرێت و زۆربەی هێرشەکانیان لە شەودا ئەنجام دەدرێت . ڕاستە داعش وەکو ساڵی ٢٠١٤ نەماوە، بەڵام شەڕی چەتەیی و هێرشی کتوپڕ و نادیار مەترسیی خۆی هەیە و بەردەوام داعش بە دوای کەموکورتی و درزێکدا دەگەڕێت کە پەلاماری بدات و کاری تیرۆریستی بکات، ئەم مەترسییە پێویست بەوە دەکات هەماهەنگی و گۆڕینەوەی زانیاریی هەواڵگری لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق زیاتر بێت، بەڵام هێشتا ئەم هەماهەنگییەی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و سوپای عێراق بەپێی خواست و ویستی ئێمە نییە و چەندین ئاستەنگ و بەربەست لە بەردەم ڕێککەوتن و جێبەجێکردنی کارەکان دادەنرێن، هەروەکو ئەوەی لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال کرا. سەبارەت بە تەوەری دووەمی پرسیارەکەشتان هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەك تەنیا بەرامبەر بە داعش لە ئامادەباشیدایە، بەڵکو بەرامبەر هەموو گرووپێکی دیکەی چەکدار و میلیشیا و هێزی بیانییش لە ئامادەباشیدایە بۆ پارێزگاریکردن لە خەڵکی کوردستان و سەقامگیریی هەرێم، ئێمەش هاوڕاین بەوەی ناوچەی بۆشایی ئەمنی هەیە، بەڵام چارەسەری ئەم بابەتە تەنیا بە ڕێککەوتن دەبێت لە نێوان

وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراقدا، نەك بە هێنانی هێزی میلیشیا و چەکداری نامۆ و ناشارەزا بە ناوچەکە.

*** دوای ڕووداوەکانی دیالە و زیادبوونی هێرش و کوژراوەکانی ناو سوپای عێراق ئایا پێویست بەوە ناکات هەوڵەکانی چارەسەرکردنی بۆشایی ئەمنی لە ناوچە جێناکۆکەکان بەهاوبەشی لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سوپای عێراقەوە بەڕێوە ببردرێت؟**

- لە تەواوی ئەو ناوچانەی پێش ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر هێزی پێشمەرگەی لێ بووە، ئێستا جموجووڵی تیرۆریستانی داعش زیاد بووە، سەرجەم ئەو ناوچانەی بە ماددەی ١٤٠ دادەنرێن، هەر لە خانەقینەوە تا ڕۆژئاوای دیجلە بۆشاییەکی ئەمنیی فراوان لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق و گرووپە چەکدارەکانی دیکە هەیە و، پەیوەندی و هاوکاریی نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە ئاستێکی باشدایە و ئاڵوێری زانیاریمان هەیە و، لە هەندێك شوێن ئۆپەراسیۆنی هاوبەشمان ئەنجام داوە، هەرچەندە هیچ ڕێککەوتنێکی فەرمی نییە بۆ گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە، ئەوەی هەیە، چەند هەوڵێکە بۆ دانانی دوو لیوای هاوبەشی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و سوپای عێراق بۆ جێگیربوونیان لەو ناوچانە و پاراستنی سەر و ژیانی خەڵکی، بەڵام تا پێشمەرگە نەگەڕێتەوە ئەو ناوچانە، ناسەقامگیری لەو ناوچانەدا هەر دەمێنێت، چونکە هێزەکانی سوپای عێراق بەهێز نین و چەندین میلیشیا و گرووپی چەکداری جیاجیا بوونیان هەیە، تەنانەت هەندێکی سەر بە پەکەکەن و هەندێکی دیکەیان لە وڵاتانی دەرەوە ئیعازیان بۆ دێت و دژی ئاساییبوونەوەی بارودۆخەکەن و بەردەوام لە ناوچەکەدا پشێوی دەنێننەوە، نموونەی بەرچاوی ئەو پشێوی و بێ سەروبەرییە لە شنگالە.

*** باسی شنگالت کرد؛ پێت وانییە لە ناوچەیەکی فراوانی سەر سنووری وەکو شنگال لەگەڵ سووریادا پاراستنی سنوورەکان زەحمەتە و ڕەنگە داعشە هەڵهاتووەکانی گرتووخانەی ناوچەی پیشەسازیی حەسەکە، یان چەکدارەکانی دیکەیان لەو ناوچانە بە ئاسانی هاتوچۆ بکەن؟**

- بە هۆی پەکەکە و چەند گرووپێکی دیکەی چەکدار و لاوازیی هێزی سوپای عێراق لە شنگال؛ ئەو ناوچەیە لە پشێوی و نائارامیی بەردەوامدایە و تا ئەو هێزانەشی لێ بێت، مومکین نییە سەقامگیری بە خۆیەوە ببینێت. لە شنگال دەست و ئەجندەی دەرەکی تێکەوتووە و بەپێی خواست و ویستی تایبەتیی خۆیان و خەڵکانی دەرەوەی هەرێم کار دەکەن و خەڵکەکەشی بوونەتە قوربانی و ناوبەناو سوپای تورکیاش بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی بۆردومانی بارەگاکانی پەکەکە دەکات. لە لایەکی دیکەوە سنوورەکانی نێوان سووریا و عێراق زۆر فراوانە و پێویستی بە هەماهەنگی هەیە لە نێوان ئێمە و وەزارەتی بەرگریی عێراقدا، ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێت، سنوورەکانمان لەگەڵ سووریا توندتر کردووە و خەندەقمان لێ داوە و هێزی پێشمەرگەی پێویستی لێیە، بەڵام لە خانەسوورەوە بۆ شنگال و درێژبوونەوەی ئەو سنوورەی نێوان سووریا و عێراق تا سنوورەکانی ئوردن ناوچەیەکی زۆر فراوانە و عێراق ئەو سوپا زۆرە و توانا ئاسمانی و سەربازییەی نییە پارێزگاری لەو سنوورە فراوانە بکات، پارێزگاریکردن و ئاسایکردنەوەی شنگالیش تەنیا بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال دەبێت کە لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق واژوو کرا و تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، هەرچەندە پەکەکە و چەند لایەنێکی دەرەکی و ناوخۆیی ڕێگرن لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال، ئەمەش بۆ ئەوەیە لەو ناوچەیەدا ئەوان هەر سەرقاڵی ئەجندەی تایبەت بە خۆیان بن و شنگال بکەنە گۆڕەپانێکی شەڕ لەگەڵ سوپای تورکیا، هەروەکو چۆن لە ناوچە شاخاوییەکانی سەر سنووری هەرێمی کوردستان بەردەوام شەڕ و نائارامی دەنێتەوە و ناوبەناویش شاخ و ناوچەیەك چۆڵ دەکات و دەکشێتەوە و خاکی کوردستان دەداتە سوپای تورکیا و ژیانی خەڵکی مەدەنی خستووەتە مەترسییەوە و بە دەیان کەسی سڤیل شەهید و بریندار بوون و چەندین کەسی دیکەیان ڕفاندووە و بێسەروشوێنن و هەرچی گوندی ئەو ناوچەیەشە ئاوەدان نەکراوەتەوە.

**ناوچەی بۆشایی ئەمنی هەیە، بەڵام چارەسەری ئەم بابەتە تەنیا بە ڕێککەوتن دەبێت لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراقدا، نەک بە هێنانی هێزی میلیشیا و چەکداری نامۆ و ناشارەزا بە ناوچەکە**

**لە تەواوی ئەو ناوچانەی پێش ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر هێزی پێشمەرگەی لێ بووە، ئێستا جموجووڵی تیرۆرستانی داعش زیاد بووە**

**بە هۆی پەکەکە و چەند گرووپێکی دیکەی چەکدار و لاوازیی هێزی سوپای عێراق لە شنگال؛ ئەو ناوچەیە لە پشێوی و نائارامیی بەردەوامدایە و تا ئەو هێزانەشی لێ بێت، مومکین نییە سەقامگیری بە خۆیەوە ببینێت**

**ئەو سنوورەی نێوان سووریا و عێراق تا سنوورەکانی ئوردن ناوچەیەکی زۆر فراوانە و عێراق ئەو سوپا زۆرە و توانا ئاسمانی و سەربازییەی نییە پارێزگاری لەو سنوورە فراوانە بکات**




# کۆڕبەندی ئابووریی جیهانیی

# داڤۆس ٢٠٢٢

## نەبوونی هەماهەنگی و متمانە لە نێوان دەوڵەتاندا مەترسییە جیهانییەکانی گەورەتر کردووە






پ.د. شێرزاد نەجارِ

■ تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

کلاوس شواب ئابووریناس و بزنێسمانی ئەڵمانی لە ساڵی ١٩٧١ کۆڕبەندی ئابووریی جیهانیی «داڤوس»ی وەك دامەزراوەیەکی قازانج نەویست دامەزراندووە و، ئامانج لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانییش کە ساڵانە کۆڕبەندەکە گرێ دەدات بۆ بەرەوپێشەوەبردنی بارودۆخی جیهان و دروستکردنی هاوبەشییەکی جیهانییە لە نێوان سەرکردە «سیاسی و خاوەن کار و فیکردا» و لەم کۆڕبەندەدا نزیکەی ٢٥٠٠ کەس لە ١٠٠ دەوڵەتەوە بەشداری دەکەن کە بریتین لە «گەورە بزنێسمان و کەسایەتییە گشتییەکان وەك سەرۆکی دەوڵەت و حکومەتەکان و باڵیۆز و گەورە بەرپرسیانی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و بەشداربووانی ڕێکخراوەکانی مەدەنی و میدیاکار و دامەزراوە ئەکادیمییەکان و سەنتەرەکانی توێژینەوە و سەندیکا و تەنانەت سەرکردە ئایینییە جیاوازەکانیش».

ساڵانە پێش گرێدانی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی، ڕاپۆرتێك ئامادە کرێت کە پشت بە بیروبۆچوونی نزیکەی ١٠٠٠ پسپۆڕ و دروستکەرانی بڕیار لە سەرانسەری جیهان دەبەستێت و، لە ماوەی چوار ڕۆژی ئەو کۆڕبەندەدا هەموو ئەو مەترسییانەی لەو ڕاپۆرتە ئاماژەیان پێ کراوە، لەناو پەنێڵەکاندا و لە نێوان ئامادەبووواندا دیالۆگ و کێشمەکێشی لەسەر دەکرێت، بۆ ئەوەی چارەسەری گونجاو بۆ کێشە جیهانییەکان بدۆزنەوە و هاوکارییەکی جیهانی بۆ چارەسەر کردنی کێشە جیهانییەکان دروست بکەن.

لە ماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵی تەمەنی ئەم کۆڕبەندە، ساڵی پار (٢٠٢١) بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی «کۆڤید ١٩» نەتوانرا لە دامێنی چیاکانی ئەلب لە داڤۆس ئەم کۆڕبەندە گرێ بدرێت و، لەگەڵ ئەوەی وا بڕیار بوو کۆڕبەندەکە دوابخرێت و، لە ئابی ٢٠٢١ لە سەنگافورە گرێ بدرێت، بەڵام نەتوانرا لەوێش گرێ بدرێت، بۆیە بڕیار درا کە جارێکی دیکە بگوازرێتەوە بۆ داڤۆس لە سویسرا و لە شوێنی خۆی لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٢ ئەنجام بدرێت، بەڵام دیسان بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی ئۆمیکرۆن نەتوانرا بە شێوەی ئاسایی و بە ئامادەبوونی بەشداربووان کۆڕبەندەکە بەڕێوە بچێت، هەر بۆیە بڕیار درا لە ڕۆژانی ١٧-٢١ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢ کۆڕبەندەکە بە شێوەی ئۆنلاین «Virtual» بەڕێوە بچێت و، لە مانگی ئایاری داهاتوو جارێکی دیکە کۆڕبەندەکە بە شێوەی ئاسایی و بە بەشداریی ئامادەبووان دووبارە گرێ بدرێتەوە.

لە چوارچێوەی ڕاپۆرتەکەی ئەمساڵدا «ڕاپۆرتی مەترسییە گلۆبالییەکان ٢٠٢٢» مەترسییە جیهانیەکان بریتی دەبن لە «کێشەی کەشوهەوا، زیادبوونی دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان، مەترسییەکانی تەکنەلۆژیا، بووژانەوەی ئابووریی جیهانی بە شێوەیەکی نایەکسان و ناتەواو، بەردەوامیی پەتای کۆڤید ١٩ و ئۆمیکرۆن»

لە ماوەی چوار ڕۆژی کۆڕبەندە ئۆنلاینەکە بەشێکی زۆر لە سەرکردەی دەوڵەتان و حکومەت و بیرمەندان و ئەکادیمی و میدیاکار و سەرکردەی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بە درێژی ئەم پرسە گرنگانەیان تاوتوێ کرد و، گرفتە سەرەکییەکانیان خستەڕوو، هەروەها چەندین پێشنیاری گرنگیشیان بۆ چارەسەرکردنی کێشە جیهانییەکان خستەڕوو، بەڵام ئەوەی لەم باسەدا مەبەستمانە زیاتر هەڵوەستەی لەسەر بکەین، خوێندنەوەیەکی خێرایە بۆ «ڕاپۆرتی مەترسییە گلۆباڵییەکان ٢٠٢٢» کە پێش دەستپێکردنی کۆڕبەندی ئۆنلاینی داڤۆس ٢٠٢٢ بڵاو کرایەوە.

● ڕاپۆرتی مەترسییە جیهانییەکان ٢٠٢٢

The Global Risks report 2022

ڕاپۆرتی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە بەر ڕۆشنایی تازەترین ڕووپێو «Survey» کە مەزندەی مەترسییە جیهانییەکانی کردووە، مەترسییە جیهانییەکانی ٢٠٢٢ دەخاتەڕوو، پاشانیش شرۆڤەی ئەو مەترسییە سەرەکییانە دەکات کە لە ئاکامی گرژیی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و تەکنەلۆژیایی ئێستاوە سەرهەڵدەدەن.

بەپێی ڕاپۆرتەکە مەترسییە سەرەکییەکان بریتین لە «کێشەی کەشوهەوا، زیادبوونی دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان، مەترسییەکانی تەکنەلۆژیا، ژیاندنەوەی ئابووریی جیهانیی نایەکسان و ناتەواو، لەگەڵ بەردەوامیی پەتای کۆڤید-١٩ و هاتنی پەتای ئۆمیکرۆن».

ئەم ڕاپۆرتە سوودمەند بووە و پشتی بەستووە بە زانیاریی دەستەجەمعیی پسپۆڕانی مەترسییە سەرەکییەکانی جیهان و، ئەم مەترسییانە لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی دەخرێنەڕوو و، نوێنەرایەتیی هەریەکە لە: ئەنجومەنی ڕاوێژکاری بۆ ڕاپۆرتی مەترسییە جیهانییەکان، کۆمەڵگەی گەورە بەرپرسانی مەترسییەکان، ئەنجومەنی ئاییندەی جیهانی سەبارەت بە مەترسیی سنوورەکان، ئەمە بێجگە لە زنجیرەیەك ڕاوێژکردن لەگەڵ پسپۆڕە هەرێمی و، بابەتییەکان لە هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی.

هەروەها ئەم ڕاپۆرتە پشتی بەستووە بە پلاتفۆرمەکانی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانیی تایبەتمەند بە هاندانی ئابووریی کۆمەڵگەی تازە و، خێراکردنی کاری ژینگەیی بۆ خەڵك و تەواوی سەرگۆی زەوی و، سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی و، ئاراستەکردنی وەرچەرخانە پیشەسازییەکان و پشتگیریی هاوکاریی جیهانی و هەرێمی، ئەم پلاتفۆرمانە و خاوەنی ئەو بیروبۆچوونانە لەم ڕاپۆرتە بەکارهێنراون بۆ پێکهێنانی دۆسیەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەورەترین تەحەددییەکانی جیهان و بەرجەستەکردنی گەورەترین ڕێژە لە نەرمی و هاوکاریکردن.

ئەم ڕاپۆرتە ئەوەی ئاشکرا کردووە کە لە شەش پسپۆڕ تەنیا یەکێکیان گەشبینە و، لە هەمانکاتدا لە ناو ١٠ پسپۆڕدا تەنیا یەك پسپۆڕ پێیوایە کە جیهان لە تێپەڕاندنی ئەم کێشانەدا خێراتر دەبێت.

بە پشتبەستن بە بیروبۆچوونی زیاتر لە ١٠٠٠ شارەزا و پسپۆڕ و دروستکەرانی بڕیار لە سەرانسەری جیهاندا، ڕاپۆرتی ئەمساڵ هەندێك لەو گرژییە جیهانییە ئاڵۆزانە ئاشکرا دەکات کە دەبنە هۆکاری زیاتر کەڵەکەبوونی کاریگەرییەیەك بە دوایەکەکانی پەتای «کۆڤید-١٩» و ئاڵۆزبوونی هەماهەنگیی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددییە هاوبەشەکان کە خۆی لە «پشتگیریی هەوڵەکان بۆ مەترسییەکانی کەشوهەوا، زیادکردنی هەوڵەکان بۆ مەترسییەکانی تەکنەلۆژیا، سەلامەتی و دووبارە پتەوکردنی کۆمەڵگە و خۆشگوزەرانی، هەروەها بەڕیوەبردنی کێبڕکێ لە فەزادا» لە کۆتاییدا ڕاپۆرتەکە کۆتایی دێت بە چەند خۆزگە و هیوایەك بۆ بەرجەستەکردنی نەرمیی نیشتمانی و ڕێکخراوەیی، ئەمەشی بە سوودوەگرتن لەو پەندانەیە کە لە ساڵی دووەمی پەتای کۆڤید ١٩ فێربووین.

ئەو جیاوازییەی ئێستا بە هۆی کوتانی ڤاکسین دژی پەتاکە بوونی هەیە، دووبارە ژیاندنەوەی ئابووریی لەسەر ئاستی جیهان جیاوازتر کردووە و، ئەمەش سەرەنجام هەڕەشەیە بۆ دوو هێندەبوونی ئەو دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەی کە پێشتر بوونی هەبووە، هەروەها گرژییە جیۆسیاسییەکانیش، ئەم گرژییە و کەڵەکەبوونی سەختیی ئابووری بە هۆی پەتاکە وای کردووە کە کارێکی قورس بێت بۆ ئەوەی بتوانرێت میتۆدێکی هەماهەنگ و خێرای پێویست هەبێت کە بتوانرێت ڕووبەڕووی تەحەددییە جیهانییەکان ببینەوە.

ڕاپۆرتەکە ئەوەش ئاشکرا دەکات کە دروستبوونی قەناعەتی تەواو بۆ وەرچەرخانی خێرای کەشوهەوا، بە هۆی ئاڵۆزییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان زۆر سست و لەسەرخۆیە، لەوانەیە وەرچەرخانی کەشوهەوای کۆنترۆڵنەکراو و میتۆدە جیاوازە جیهانییەکان ببێتە هۆکاری ڕوودانی قڵپبوونەوەی ئابووری و پەلەکردن لە پەنابردن بۆ تەکنەلۆژیای تەجرەبەنەکراو کە ئەمەش نازانرێت چی بە دوای خۆیدا دەهێنێت و، سەرەنجامیش دەوڵەت و کۆمەڵگەکان لێك دوور دەخاتەوە.

نزیکیی پلاتفۆرمەکان و ئامێر و ڕووکارە تەکنەلۆژییە پێکەوەبەستراوەکان بە ڕێگەی

**ساڵانە پێش گرێدانی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی، ڕاپۆرتێك ئامادە کرێت کە پشت بە بیروبۆچوونی نزیکەی ١٠٠٠ پسپۆڕ و دروستکەرانی بڕیار لە سەرانسەری جیهان دەبەستێت**

**لە چوارچێوەی ڕاپۆرتەکەی ئەمساڵدا «ڕاپۆرتی مەترسییە گلۆبالییەکان ٢٠٢٢» مەترسییە جیهانییەکان بریتی دەبن لە «کێشەی کەشوهەوا، زیادبوونی دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان، مەترسییەکانی تەکنەلۆژیا، بووژانەوەی ئابووریی جیهانی بە شێوەیەکی نایەکسان و ناتەواو، بەردەوامیی پەتای کۆڤید ١٩ و ئۆمیکرۆن»**

**ئەم گرژییە و کەڵەکەبوونی سەختیی ئابووری بە هۆی پەتاکە وای کردووە کە کارێکی قورس بێت بۆ ئەوەی بتوانرێت میتۆدێکی هەماهەنگ و خێرای پێویست هەبێت کە بتوانرێت ڕووبەڕووی تەحەددییە جیهانییەکان ببینەوە**




**دروستبوونی قەناعەتی تەواو بۆ وەرچەرخانی خێرای کەشوهەوا، بە هۆی ئاڵۆزییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان زۆر سست و لەسەرخۆیە**

ئەنتەرنێت زۆر بە خێرایی بووەتە هۆکاری ئەوەی کە دیمەنی زۆر ئاڵۆزتر لە هەڕەشەکانی سایبەر دروست بکات و، ژمارەیەکی زۆرتر لە خاڵی شکست و نیگەرانی دروست بکات. هێرشەکان بۆ سەر ڕێکخراوە گەورە و ستراتیژییەکان لەوانەیە کارەساتی ماددیی یەك بە دوای یەك بە دوای خۆیدا بێنێت، ئەمە لە کاتێکدا خۆپاراستن لەو هێرشانە بێگومان تێچووی زیاتری لە زیانەکان دەبێت، هەروەها مەترسییە نەبینراوەکان وەك «فەیك نیوز، هەڵخەڵەتاندن، لاوازیی سەلامەتی دیجیتاڵی، کاریگەری دەبێت لەسەر متمانەی جەماوەر بە سیستمە دیجیتاڵییەکان.

سەبارەت بە دیاردەی کۆچ و کۆچبەران، ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوە کردووە، لەوانەیە تەحەددییە پەیوەندیدارەکان بۆ گەڕانەوەی بەزۆری کۆچبەران بۆ وڵاتێ «کە لێوەی هاتووە»، لەگەڵ زیادبوونی دیاردەی خۆپارێزی «protec-tionism» وڵاتانی «مەبەست» هاودژی دروست بکەن و، بەربەستە سەپێندراوەکان بۆ شێوازی سرووشتیی شوێنگۆڕین ببێتە هۆی کەڵەکەبوونی نەمانی ئاسایشی جیهانی و ئاستەنگ بۆ گەشەی ئابووری و سەقامگیری و، کەڵەکەبوونی کێشە مرۆییەکان و، گرژییە نێودەوڵەتییەکان، وروژاندنی گومان سەبارەت بە کۆچبەران و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان دانیشتواندا دروست بکات.

سەبارەت بە فەزاش، ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات ئەو ژمارە زۆر و هەمەچەشنەی لایەنە چالاکەکان لە فەزا کاری لەسەر دەکەن، دەبێتە هۆکاری بەریەککەوتن، ئەگەر نەتوانرێت دۆزینەوەی فەزا و مۆنۆپۆلکردنی بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە ڕێك نەخرێت و بەڕێوە نەبردرێت. هەربۆیە لەگەڵ بوونی حوکمڕانییەکی جیهانیی سنووردار و بەسەرچوو بۆ ڕێکخستنی فەزا و هاوشانبوونی سیاسەتی جیاواز لەسەر ئاستی نیشتمانی، ئەوا مەترسییەکانی میتالیریزە و هەڵکشانی نیگەرانییە جیۆسیاسییەکان زیاتر دەبن. سەرباری هەموو ئەمانەش، زیادبوونی چالاکیی فەزایی تیژڕۆ بەرەو مەترسییەکانی پێکدادان لەوانەیە ببێتە هۆکاری بڵاوبوونەوەی پارچەکانی لەناو فەزا، کە ئەمیش کاریگەری لەسەر ئەو خولگانە دەبێت کە ژێرخانی سیستمە سەرەکییەکان لەسەر زەوی لە خۆی دەگرێت.

پەتای کۆڤید ١٩ بیرکردنەوەی ئاڵۆسکاندووە




لە چۆنیەتی سوودوەرگرتنی ڕێکخراوەکان لە توانا ستراتیژییە جیاوازەکان بۆ بەرجەستەکردنی هاوکاری و نەرمی نواندن لەگەڵ ئامانجەکانی دیکەدا، بەڵام سەرباری ئەم ئاستەنگانەش، هەلی هاوکاری بۆ حکومەت و کۆمپانیا و کۆمەڵگەکان بوونی هەیە، بۆ ئەوەی میتۆدیك پیڕەو بکەن کە هەموو کۆمەڵگە بگرێتەوە و بەمەش هەوڵە هەمەجۆرە نیشتمانییەکان باشتر بکرێت لەناو ئاسۆی کێشە هەمەجۆرەکاندا.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە میتۆدییانە، پێویستە لەسەر سەرکردەکانی جیهان پێکەوە کۆببنەوە و تەبەننی وەڵامدانەوەیەکی هەماهەنگیان بۆ خاوەنی بەرژەوەندییە جیاوازەکان هەبێت، ئەمەش لە پێناوی زامنکردنی تێپەڕاندنێکی جیهانی یەکسان و گواستنەوەیەکی ڕاشکاوانە بەرەو سفرکردنی کێشەکان.

بەپێی ڕاپۆرتی مەترسییە گلۆباڵییەکان ٢٠٢٢، لەگەڵ چوونە ناو سێیەم ساڵی پەتای کۆڤید ١٩، مەترسییەکانی کەشوهەوا هەژموونی بە سەر مەترسییە جیهانییەکاندا کێشاوە و، گرنگترین مەترسیی کورت مەودا و درێژ مەوداش بریتین لە: کەشوهەوایەکی زۆر توند، شکستی کارەکانی ڕاگرتنی مەترسییەکانی گۆڕانکاریی کەشوهەوا. هەروەها دابەشبوونە کۆمەڵگەییەکان و تەنگژەی قورسبوونی باری ژیان و تەندروستیی دەروونی بە یەکێك لەو مەترسییانە دەژمێردرێت کە لە دوای دەستپێکردنی ئەم پەتایە زیاتر لە هەمووان کەڵەکە بووە و، هەتا ئێستا سەرچاوەی نیگەرانیی دەستبەجێیە. سەرباری ئەمانەش، زۆربەی شارەزایانی مەترسییەکان پێیان وایە کە ژیاندنەوەی ئابووریی جیهانی بەشێوەی قڵپبوونەوە و ناسیستماتیك دەبێت لە ماوەی سێ ساڵی داهاتوودا، ئەمەش پێویستی بەوە دەبێت کە خەڵکە زۆر هەژارەکە لە ماڵەکانیان بچنە دەرەوە و بە دوای هەلێکی ئابووریی تازەدا بگەڕێن، ئەمەش لە کاتێکدایە کاریگەریی پەتاکە و زیادبوونی پرۆتێکنشیزمی وڵاتان و جووڵەی بازاڕی کاری تازە، بوونەتە ئاستەنگ لە بەردەم پەنابەران و کۆچی زۆرەملێ ئەوە دەردەخات کە دەبێتە سەرچاوەی نیگەرانییەکی دوورمەودا لە ڕاپۆرتی ئەمساڵی کۆڕبەندەکەدا. ئەم ڕاپۆرتە هانی سەرکردەکان دەدات کە لە دەرەوەی ڕاپۆرتە وەرزییەکان بیربکەنەوە و سیاسەتیك دابنێن کە ببێتە کارنامە بۆ ساڵانی داهاتوو، بۆ چارەسەرکردنی

**نزیکیی پلاتفۆرمەکان و ئامێر و ڕووکارە تەکنەلۆژییە پێکەوەبەستراوەکان بە ڕێگەی ئەنتەرنێت زۆر بە خێرایی بووەتە هۆکاری ئەوەی کە دیمەنی زۆر ئاڵۆزتر لە هەڕەشەکانی سایبەر دروست بکات**

**هێرشەكان بۆ سەر ڕێكخراوە گەورە و ستراتیژییەكان لەوانەیە كارەساتی ماددیی یەك بە دوای یەك بە دوای خۆیدا بێنێت**

**پەتای كۆڤید ١٩ بیركردنەوەی ئاڵۆسكاندووە لە چۆنیەتی سوودوەرگرتنی ڕێكخراوەكان لە توانا ستراتیژییە جیاوازەكان بۆ بەرجەستەكردنی هاوكاری و نەرمی نواندن لەگەڵ ئامانجەكانی دیكەدا، بەڵام سەرباری ئەم ئاستەنگانەش، هەلی هاوكاری بۆ حكومەت و كۆمپانیا و كۆمەڵگەكان بوونی هەیە**

**دیجیتاڵی خێراكراو وای كردووە كە هەندێك دەوڵەت بە سەر تەنگژەكەدا زاڵ بن، بەڵام دیسان هەڕەشە تازەكانی بۆ سەر ئاسایشی سایبەری پێویستی بە چارەسەر هەیە**

**كەمكردنەوەی تەنگژەكە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پێویستی بە هەوڵێكی نێودەوڵەتی هەیە لە بوارەكانی حوكمڕانیی جیهانی و دیاریكردنی دەستكەوتەكان و بوارەكانی هەلی كار و هاوكاریی جیهانی**

كێشەكانیش داوا دەكات، سەركردەكانی جیهان كۆببنەوە و وەڵامدانەوەیەكی هەماهەنگیان بۆ خاوەنی بەرژەوەندییە هەمەجۆرەكان هەبێت و، لە پێناوی تێپەڕاندنی جیهانی یەكسان و وەرچەرخانێكی ڕاشكاوانە بەرەو سفركردنەوەی كێشەكان.

بەشداربووانی ڕاپرسیی هەستكردن بە مەترسییە جیهانییەكان «GRPS» پێیانوایە كە شكستی ئاسایشی سایبەر بەردەوام دەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی هەموو سیستەمە دیجیتاڵییەكان لە ماوەی دووساڵی داهاتوو، بە پلەیەكی كەمتر لە ماوەی ٣ – ٥ ساڵی داهاتوو، بۆ ئەمەش ئاماژە بەوە دەكات كە لەوانەیە «پنتێكی كوێر» بوونی هەبێت، هەر بۆیە پشتبەستن بە سیستمی دیجیتاڵی بە شێوەیەكی زۆر لەو بوارانەی كە ژێرخانی فەزای دەرەوە پیشتیوانی دەكات، دەبێتە هۆكاری كەڵەكەبوون بۆ ئەو مەترسییە سایبرییانە لە جیهانێكدا كە هەتا ئێستاش بە دەست چەندین بۆشایی ئاسایش و كارگێڕییەوە دەناڵێنێت، ئەمەش لە كاتێكدایە كە دیجیتاڵی خێراكراو وای كردووە كە هەندێك دەوڵەت بە سەر تەنگژەكەدا زاڵ بن، بەڵام دیسان هەڕەشە تازەكانی بۆ سەر ئاسایشی سایبەری پێویستی بە چارەسەر هەیە.

ڕاپۆرتەكە بە خۆزگە و ئومێدی ساڵی دووەمی پەتای كۆڤید ١٩ كۆتایی دێت و، بەمەش گەیشتووەتە تێڕوانینێكی تازە سەبارەت بە نەرمی نواندن لە سەر ئاستی نیشمانی.

لە پێشەكیی ئەم ڕاپۆرتەدا، دامەزرێنەری كۆڕبەندی جیهانی كلاوس شواب «Klaus Schwab» و هاوكارەكەی بۆرگە بریندی «Borge Brende» تێپەڕاندنی جیاواز بۆ بووژانەوەی ئابووری لە تەنگژەدا كە بە هۆی پەتاكەوە هاتووەتە ئاراوە، بە هەڕەشەی قووڵبوونەوەی جیاوازییە جیهانییەكان دادەنێن، ئەمە لە كاتێكدا كۆمەڵگەكان و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە شێوەیەكی زۆر خێرا پێویستیان بە هاوكاری هەیە، بۆ قەڵاچۆكردنی كۆڤید ١٩ و چارەسەركردنی مەترسییە جیهانییەكان.

لە هەندێك كۆمەڵگەكان كە پێشكەوتنێكی خێرا لە كوتانی ڤاكسین هەیە، ئاماژەیە بە بازدان بۆ بەرەوپێشەوەچوونی دیجیتاڵ و گەڕانەوە بۆ ئاستی گەشەی پێش پەتاكە، كە بووەتە ئاسۆیەك بۆ ساڵی ٢٠٢٠ و دوای ئەویش، ئەم پرسە لەوانەیە ئەركی سەرشانی ئەوانی دیكە بۆ ساڵانێك قورس بكات، لەبەر هەوڵدانیان لە پێناو جێبەجێكردنی ژەمی یەكەمی ڤاكسینەكە، نەهێشتنی ئەو بۆشاییە دیجیتاڵییانە و دۆزینەوەی سەرچاوەی تازە بۆ گەشەی ئابووری. فراوانبوونی جیاوازی لە ناو دەوڵەت و دەرەوەدا نابێتە هۆكاری زیاتر سەختی بۆ كۆنترۆڵكردنی كۆڤید ١٩ و گۆڕانكارییەكانی، بەڵكو مەترسییەكە لەو دواكەوتنەوە سەرچاوە دەگرێت كە بۆ دەستكردن بە كاری هاوبەشە دژی هەڕەشە هاوبەشەكان كە جیهان ناتوانێت چاویان لێ بپۆشێت.

لە ساڵی ڕابردوو ڕاپۆرتەكە هۆشداری ئەگەری ئەو مەترسییە جیهانییە ئابوورییانەی دابوو كە ڕوودەن، ئەوا ئێستا زۆر ڕاشكاوانە بوونی هەیە و بووەتە مەترسییەكی ڕاستەقینە، تەنگژەكانی زنجیرەی بەدەستهاتوو، هەڵاوسان، بۆشاییەكان لە بازاڕی كار، پرۆتێكشنیزم و جیاوازیی فێركاری لەسەر گواستنەوەی ئابووریی جیهانی هەتا ئەو خولە ئابوورییە قڵپبووانەی كە پێویستیی دەوڵەتان بۆ تێپەڕاندنیان بە خێرایی و سستی پێكەوە دەبێت بگوازرێنەوە بۆ دووبارە گێڕانەوەی یەكگرتنی كۆمەڵایەتی و پشتگیریی كاركردن و گەشەسەندن.

ئەم ئەركە قورسانە ڕێگر دەبن بۆ دەركەوتنی تەحەددی دیكە كە تەنگژەی وەرچەرخانی كەشوهەوا، زۆربوونی خاڵی لاوازی سایبەری، زیادبوونی ئاستەنگ لە بەردەم گواستنەوەی نێودەوڵەتی، قەرەباڵغی و پێشبڕكێ لە فەزادا دەگرێتەوە.

ڕاپرسی مەزندەكردنی مەترسییە جیهانییەكان «GRPS» كە لە ساڵی ٢٠٠٦ـەوە پشتگیریی ڕاپۆرتی كۆڕبەندی ئابووریی جیهانی دەكات، ئەمساڵ ئەم ڕاپرسییە فراوان كراوە و بۆچوونی تازەی ١٠٠٠ شارەزا و سەركردە جیهانییەكانی كۆكردووەتەوە، ڕاپۆرتی ٢٠٢١ی ڕاپرسیی مەزندەكردنی مەترسییە جیهانییەكان ئەم خاڵانەی لە خۆی گرتووە:

- درەنگ درككردن بە كۆڤید ١٩ پێویستی بەوەیە سەبارەت بە دەرهاویشتەكانی ئەم تەنگژەیە ڕای خۆی بڵێت، ئەمەش بواری بەراوردكردن لەگەڵ ساڵی پێشوو فەراهەم دەكات.
- ئاسۆی ئایندە شرۆڤەكانمان بۆ چۆنیەتی

سیاقی تاك لەسەر مەزندەی مەترسییە جیهانییەكان و كاریگەری لەسەر كەمكردنەوەیان دیاری دەكات.

- راپۆرتەكە دەریدەخات كە مەترسییە جیهانییەكان لە ناو شرۆڤەكانماندا كاریگەری لەسەر بژارە و پەسەندەكان دەبێت كە رووبەڕووی دروستكەرانی بڕیار دەبنەوە.

- توندیی ئەگەری زیانەكانی تەنگژەكە پێویستی بە چاوخشاندنەوە بە كاریگەرییە یەك بەدوا یەكەكانی هەیە لەگەڵ توندیی خودی مەترسییەكە.

- كەمكردنەوەی تەنگژەكە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پێویستی بە هەوڵێكی نێودەوڵەتی هەیە لە بوارەكانی حوكمڕانیی جیهانی و دیاریكردنی دەستكەوتەكان و بوارەكانی هەلی كار و هاوكاریی جیهانی.

بەمجۆرە راپۆرتی مەزندەكردنی مەترسییە جیهانییەكان پشتی بە بۆچوونی دوانزە هەزار لە سەركردە لەسەر ئاستی دەوڵەتان بەستووە، كە مەترسی قورسی كورت مەودایان لەسەر ١٢٤ دەوڵەت دیاری كردووە، ئەمەش لە میانەی راپرسیی جێبەجێكاری كۆڕبەندی ئابووریی جیهانی كۆكراوەتەوە،


ئەو بوارانەی كە تیشكی خراوەتە سەر لەم دەرەنجامانە، لەوانەیە هاریكار بێت بۆ دروستكردنی بڕیاری نیشتمانی و، روانگەیەك فەراهەم دەكات سەبارەت بە چۆنیەتی بەراوردكاریی ئەولەوییەتە نیشتمانییەكان بۆ مەترسییە كورت مەوداكان لەگەڵ مەترسی و ئاسۆ جیهانییەكان.

ئەم راپۆرتە بە دیاریكردنی لایەنە بەشداربووەكان لە ئامادەكردنی كە هەموویان هاوبەشی ستراتیژین كۆتایی دێت كە بریتین لە:

- مارش ماكلینان Marsh McLennan
- گرووپی ئێس كەی SK Group
- گرووپی زیورخ بۆ دڵنیایی Zurich Insurance Group

هەروەها هاوبەشە ئەكادیمیەكان كە بریتین لە:

- زانكۆی سەنگافورەی نیشتمانی
- سكولی ئۆكسفۆرد مارت لە زانكۆی ئۆكسفۆرد
- سەنتەری وارتۆن بۆ بەڕێوەبردنی مەترسییەكان و پرۆسەی وەرگرتنی بڕیار لە زانكۆی پەنسلڤانیا.





لیوای مافپەروەر عەبدولخالق تەڵعەت

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرماندەیی هێزە هاوبەشەکانی عێراق بۆ گوڵان:

# چەند ئۆپەراسیۆنی سەربازیی هاوبەش ئەنجام دراون و بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا زیاتر بکرێن

# کوژرانی ئەبوئیبراهیم ئەلقورەیشی گورزێکی گەورە بوو لە داعش درا و ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە بوونی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا لە عێراق و کوردستان زۆر پێویستە

**بارودۆخی هەستیاری عێراق و ناکۆکیی لایەنە سیاسییەکان لە پێکهێنانی حکومەتدا کاریگەریی خراپی لەسەر دۆسێی ئەمنی و زیادبوونی کردەوە تیرۆریستییەکانی داعش و گرووپە چەکدارەکانی دیکە هەبووە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەری دیکەی پەیوەندیدار گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ لیوای مافپەروەر عەبدولخالق تەڵعەت نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرماندەیی هێزە هاوبەشەکانی عێراق ساز دا.**

*** ڕووداوەکانی گرتووخانەی غوێران و زیادبوونی کردەوە تیرۆریستییەکانی داعش و بۆردومانەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر کەمپی مەخموور، هەموویان زنجیرە ڕووداوێکن کە بارودۆخێکی نائارام و ناسەقامگیری لێ کەوتووەتەوە، وەکو نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرماندەیی هێزە هاوبەشەکانی عێراق هۆکاری هەڵکشانی توندوتیژییەکانی داعش بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟**

- پێش ئەم ڕووداوانە زانیاریمان پێ گەیشتبوو کە داعشەکان لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان عێراق و سووریا و لە ناوچەکانی بۆشایی ئەمنی زیادیان کردووە، بۆیە پێویستە لەگەڵ سوپای عێراق هەماهەنگی زیاترمان هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعشەکان و کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانەی بە بۆشایی ئەمنی ناسراوە لەنێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق، ئەمەش پێویستی بە بەرزکردنەوەی ئاستی ئاڵوێری زانیاریی هەواڵگری هەیە، لەلایەکی دیکەوە هەموو ئەو گرووپە چەکدارانەی سەر بەو لایەنە سیاسییانەن کە خۆیان لە هەڵبژاردنەکان بەدۆڕاو دەزانن و مەترسیی لاوازبوونی پێگەی سیاسییان هەیە، ئەوانیش کار و کردەوە چەکدارییەکانیان زیاتر کرد، ئەوە بوو دەستیان بە هێرشی مووشەکی و کاتیوشا کرد بۆ سەر چەند دامەزراوەیەکی مەدەنی لە ناویشیاندا فڕۆکەخانەی بەغدا. ئەوەی ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ زیادبوونی هێرش و ناسەقامگیرییەکان بڕیاری هێزەکانی هاوپەیمانان بوو، بەتایبەتی ئەمریکا بەوەی لە ئەمساڵدا هێزەکانیان وەکو هێزی شەڕکەر و زەمینی دەکشێننەوە و، بەشداریی هیچ ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی ناکەن و، تەنیا بە هێزی ئاسمانی لەگەڵ سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە بەشدار دەبن. ئەم بڕیارە هێرشەکانی داعشی لە دیالە و کەرکووک و ناوچەکانی نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە کە بە ناوچەی بۆشایی ئەمنی دادەنرێن، زیاتر کرد، بەتایبەتی لە دیالە و کەرکووک و تکریت و تەنانەت بۆ سەر

**حکومەتی عێراق لە کۆتاییدا ناچار دەبێت بە ئۆپەراسیۆنی سەربازی شنگال ڕزگار بکات**

**زانیاریمان پێ گەیشتبوو کە داعشەکان لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان عێراق و سووریا و لە ناوچەکانی بۆشایی ئەمنی زیادیان کردووە**

سەنگەرەکانی پێشمەرگەش، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم کارە تیرۆریستییانە و هێرشی گرووپە چەکدارەکان لە ئێستادا هەماهەنگی زیاتر هەیە و چەند ئۆپەراسیۆنی سەربازییش لەو ناوچانە ئەنجام دراون و بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو ئۆپەراسیۆنانە زیاتر بکرێن.

کوژرانی ئەبوئیبراهیم قورەشیی گەورە تیرۆریست لە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی هێزەکانی ئەمریکا لە باکووری سووریا وێڕای ئەوەی گورزێکی گەورە بوو لە داعش درا؛ ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە بوونی هاوپەیمانەکان لە ڕیزبەندی پێشەوەی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا لە عێراق و کوردستان بۆ سەقامگیری و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستە چەند پێویستە.

*** ئۆپەراسیۆنی هاوبەش و هەماهەنگیی زیاتری نێوان سوپای عێراق و وەزارەتی پێشمەرگە بۆچی وا هەست دەکرێت سستی تێدا دەکرێت، ئایا دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی عێراق کاریگەریی لەسەر ئەم هەماهەنگی و لاوازیی جێبەجێکردنی بڕیارەکان لەسەر ئەرزی واقیعدا هەیە؟**

- بە تەئکید دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی عێراق کاریگەریی خراپی لەسەر ڕەوشی سەربازی و ئەمنی هەیە، هەروەکو چۆن کاریگەریی لەسەر جێبەجێکردنی بڕیار و ڕێکەوتنەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەندیش لە ڕووی سەربازی و ئاڵوگۆڕی زانیاریی هەواڵگری و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی سەربازی هەیە، ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستان جگە لەوەی نزیکبوونەوە و پتەوکردنی پەیوەندییە هەواڵگرییە سەربازییەکانە، کۆتاییش بەو بۆشاییە ئەمنییە دەهێنێت کە تا دێت داعشەکانی تێدا زیاتر دەبن و هێرشەکانیان مەترسیدارتر دەبێت. ئەوە بوو لە سەرەتای هەفتەی ڕابردوودا داعشەکان هێرشیان کردە سەر پۆلیسی فیدڕاڵی و شەهیدی لێ کەوتەوە و پێشتریش هێرشیان کردە سەر گوند و سەنگەرەکانی پێشمەرگە، ئەم سستی و دواکەوتنەی پێکهێنانی حکومەت وا دەکات هەندێک لە وەزیرەکان بەتایبەتی هەر دوو وەزیری بەرگری و ناوخۆ و لە ناو فەرماندە سەربازییەکانی عێراقیشدا چاوەڕوانیی هەموو ئەگەرێکی گۆڕانکاری دەکەن، یان ڕەنگە وا هەست بکەن، لادەبردرێن، یان جێگۆڕکێیان بۆ شوێنێکی دیکە پێ دەکرێت، ئەمەش هەمووی لاوازی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان دروست دەکات و، تیرۆریست و گرووپە چەکدارەکان هەلەکە دەقۆزنەوە و بارودۆخەکە بەرەو خراپتر دەبەن. ئەو گرووپانەی لە پشت هێرشەکانی سەر فڕۆکەخانەی بەغدا بوون، وایان لێ هاتووە جگە لە دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکان تەنانەت دامەزراوە مەدەنییەکانیش دەکەنە ئامانج، هەروەکو چۆن زیانی ماددیی گەورە بەر چەند فڕۆکەیەک کەوت و زیانی مەعنەوییش لە ڕووی فڕۆکەوانیی مەدەنییەوە بە عێراق دەگەیەنێت.

*** لە هێرشەکانی سەر فڕۆکەخانەی بەغدا چ لایەنێکی سیاسی تێوەگلابوو؟ ئایا ئەم هێرشانە بە هاندانی لایەنی دەرەکی بووە؟**

- هێرشی فڕۆکەخانەی بەغدا یەکەم هێرش نییە و هەروەکو چۆن دواهێرشیش نابێت، ئەو گرووپە چەکدارانەی دەستیان لەم کارەدا بووە، بەهاندانی ئەو هێزە سیاسییانە کارەکەیان ئەنجام داوە، کە لە هەڵبژاردنەکان پێگەی جەماوەرییان لە دەست داوە، لە دوای لێکۆڵینەوە و دەستگیرکردنی چەند گومانلێکراوێک لێکۆڵینەوەکان گەیشتوونەتە ئەنجامێکی باش و بە تەئکید چەند لایەنێکی سیاسیش لەم کارە تێوەگلاون. داعش و هەر گرووپێکی چەکداری دیکە هەموو کات لە فرسەتێک دەگەڕێن بۆ ئەوەی زیان بە سەقامگیریی عێراق بگەیەنن.

*** وەکو نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرماندەیی هێزە هاوبەشەکانی عێراق چۆن بە سەر ئاستەنگەکاندا زاڵ دەبن، بۆ ئەوەی ئەم کاریگەرییە خراپانەی دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی عێراق لەسەر هەرێمی کوردستان و خەڵکی مەدەنی کەم بکەنەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە؛ چونکە دواجار شلۆقی و پشێویی بارودۆخە سیاسییەکەی عێراق و ڕەنگدانەوەی لەسەر دۆخە سەربازی و ئەمنییەکە کاریگەری لەسەر ئێمەش دەبێت، ئەوەی لەلای ئێمە گرنگە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت هەماهەنگیی زیاترمان لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراق و وەزارەتی ناوخۆ هەبێت، هەماهەنگی بەردەوامیشمان

**هەموو ئەو گرووپە چەکدارانەی سەر بەو لایەنە سیاسییانەن کە خۆیان لە هەڵبژاردنەکان بەدۆڕاو دەزانن و مەترسیی لاوازبوونی پێگەی سیاسییان هەیە، ئەوانیش کار و کردەوە چەکدارییەکانیان زیاتر کرد**

**ئەوەی ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ زیادبوونی هێرش و ناسەقامگیرییەکان بڕیاری هێزەکانی هاوپەیمانان بوو، بەتایبەتی ئەمریکا بەوەی لە ئەمساڵدا هێزەکانیان وەکو هێزی شەڕکەر و زەمینی دەکشێننەوە**

**دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی عێراق کاریگەریی خراپی لەسەر ڕەوشی سەربازی و ئەمنی هەیە**

**ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستان جگە لەوەی نزیکبوونەوە و پتەوکردنی پەیوەندییە هەواڵگرییە سەربازییەکانە، کۆتاییش بەو بۆشاییە ئەمنییە دەهێنێت کە تا دێت داعشەکانی تێدا زیاتر دەبن و هێرشەکانیان مەترسیدارتر دەبێت**

لەگەڵ هێزی هاوپەیمانان بەتایبەتی ئەمریکا هەبێت، ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان سنوورەکانی خۆمان دەپارێزین بۆ ئەوەی هیچ هێزێکی تیرۆریستی وەکو داعش و هێزی چەکداریی دیکە زەفەرمان پێ نەبات و، کاری تێکدەرانە و ناپاسایی لە دەرەوەی سنوورەکان و لە ناوخۆی هەرێمیشدا ئەنجام نەدەن و زیان بە سەر و ماڵ و کار و بژێوی هاووڵاتیان نەگەیەنن، ئەمە باشترین ڕێگەیە تا حکومەتی نوێی عێراق دادەمەزرێت و سنوورەکانمان لەگەڵ عێراق و وڵاتانی دەوروبەر بپارێزین، باری سەربازی و ئەمنی لە هەرێمی کوردستان پارێزراو بێت و دوور بین لە ئەگەری هەر هێرشێکی لەناکاو. ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو کات لەسەر بڕیار و ڕاسپاردەکانی بەڕێزان سەرۆکی حکومەتی هەرێم و وەزیری پێشمەرگە و وەزیری ناوخۆ و فەرماندە سەربازییەکانی کوردستان ئامادەی هەموو هاوکارییەکین لەگەڵ سوپای عێراق، هەردوو لا پێکەوە دەتوانین کۆنترۆڵی ئەو سنوورە فراوانەی نێوانمان بکەین و سنوورەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش لە هەموو هێزێکی بیانی و داگیرکەرێك بپارێزین.

*** کەمی و نەبوونی پشکی کورد لە دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکانی عێراقدا گرفتێکی دیکەیە و پێچەوانەی ماددە و بڕگە دەستوورییەکانیشە، ئایا ئەم لایەنە لەگەڵ عێراقدا باس کراوە؟**

- جگە لە فەرامۆشکردنی پشکی کورد لە سوپای عێراق و دامەزراوە سەربازی و ئەمنیەکانی دیکەی عێراقدا ژمارە و ڕێژەی کوردیش وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکیی عێراق لەو دامەزراوانە زۆر کەمە، ئینشائەڵا دوای پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق و دەستپێکردنی دانوستان و کۆبوونەوەکانی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق باس لەو ناعەدالەتی و پەراوێزخستنەی کوردیش دەکرێت لە ناو سوپای عێراق و دەزگا ئەمنییەکانیدا، دەبێت کوردیش پشکی لە ناو سوپای عێراق و سەرجەم یەکە شەڕکەر و بەرگریکارەکانی ئەم وڵاتەدا هەبێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگاداری ئەم بابەتەیە.

*** زۆر باس لە نائارامی و ناسەقامگیری دۆخی شنگال دەکرێت و بەردەوامیش فڕۆکەکانی سوپای تورکیا هێرش دەکەنە سەر پەکەکە و ژیانی خەڵکی سڤیل دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە لەنێوان هەرێم و حکومەتی عێراقدا ڕێککەوتنێك هەبوو بۆ ئاساییبوونەوەی دۆخەکە بۆچی جێبەجێ ناکرێت؟**

- تاوەکو پەکەکە و ئەو هەموو هێز و گرووپە چەکدارە نامۆ و ناپاساییانە لە شنگال بمێنن، بارودۆخی شنگال و خەڵکەکەی خراپتر و ئاڵۆزتر دەبێت. بوونی پەکەکە لە شنگال و دواخستنی چارەسەرکردنی ئەم دۆسیێ هەستیارە لە داهاتوودا کێشەی گەورە بۆ حکومەتی عێراق دروست دەکات، لە ڕووی سەربازی و ئەمنی و حوکمڕانیی ئەم ناوچەیەوە، زیانمەندی سەرەکییش کوردانی ئێزدی و خەڵکی ڕەسەنی شنگالن، بۆیە حکومەتی عێراق لە کۆتاییدا ناچار دەبێت بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال بە هێزی چەکداری و ئۆپەراسیۆنی سەربازی شنگال ڕزگار بکات لەو هەموو گرووپە ناپاسایی و بێسەروبەرییە کە وایان کردووە نە شنگال ئاوەدان بکرێتەوە و نە ژیان تێیدا ئارام بێت، بەڵکو شنگال بووەتە پێگەیەك بۆ جێبەجێکردنی ئەجندەی نانیشتمانی و دوور لە بەرژەوەندیی خەڵکەکەی، خەڵکی ناتوانن لە ناو ئەو هەموو گرووپە چەکدارە بیانی و نێوخۆییانەی نامۆ بە خەڵکەکە و ناوچەکە ژیان و کاروکاسبیان بەڕێوە ببەن. هەر ئەو گرووپە بیانی و نامۆیانە بە شنگال ڕێگرن لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال کە وابڕیار بوو لە ڕووی سەربازییەوە ڕاستەوخۆ لەلایەن هێزەکانی سەر بە سوپای عێراق ئەم ناوچەیە بپارێزن و لە ناوخۆی شنگال و هەموو یەکە ئیدارییەکانی دیکەی لەلایەن پۆلیسی فیدراڵییەوە مەلەفی ئەمنی بەڕێوەببرێت و، چەندین کەسیش لە خەڵکی شنگال وەکو هێزی پۆلیس دابمەزرێن، بەڵام پەکەکە و داردەستەکانیان و گرووپە چەکدارەکانی دیکە ڕێگرن لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال و ئاساییبوونەوەی دۆخی شنگال و تا دێت گرژییەکان لەم ناوچەیە زیاتر دەبێت، چونکە بیانوو بە سوپای تورکیا دەدەن بەردەوام شنگال و چیای شنگال و مەخموور و هەموو شوێنێکی دیکە کە چەکدارانی پەکەکەی لێیە بە ئامانجی بگرێت.

**ئەو گرووپانەی لە پشت هێرشەکانی سەر فڕۆکەخانەی بەغدا بوون، وایان لێ هاتووە جگە لە دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکان تەنانەت دامەزراوە مەدەنییەکانیش دەکەنە ئامانج**

**پشێویی بارودۆخە سیاسییەکەی عێراق و ڕەنگدانەوەی لەسەر دۆخە سەربازی و ئەمنییەکە کاریگەری لەسەر ئێمەش دەبێت**

**لەسەر بڕیار و ڕاسپاردەکانی بەڕێزان سەرۆکی حکومەتی هەرێم و وەزیری پێشمەرگە و وەزیری ناوخۆ و فەرماندە سەربازییەکانی کوردستان ئامادەی هەموو هاوکارییەکین لەگەڵ سوپای عێراق**

**جگە لە فەرامۆشکردنی پشکی کورد لە سوپای عێراق و دامەزراوە سەربازی و ئەمنیەکانی دیکەی عێراقدا ژمارە و ڕێژەی کوردیش وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکیی عێراق لەو دامەزراوانە زۆر کەمە**

**تاوەکو پەکەکە و ئەو هەموو هێز و گرووپە چەکدارە نامۆ و ناپاساییانە لە شنگال بمێنن، بارودۆخی شنگال و خەڵکەکەی خراپتر و ئاڵۆزتر دەبێت**

# ئەزموونی کوردستانی عێراق

# تەواوکاری لە نێوان ناسیۆنالیستی و نیشتمانپەروەریدا

لەو داواکارییانەی کە شێخ عەبدولسەلام بارزانی پێشکەشی کردووە و مێژوونووسان بە نۆبەرەی بزاڤی نەتەوەیی بۆ وەدەستهێنانی مافەکان هەژماری دەکەن، ڕەهەندی نیشتمانی زۆر ڕوون و ئاشکرا بووە

یەکەمجار بەرژەوەندیی کورد لەوەدا بووە کە ئۆتۆنۆمی، یان فیدراڵی وەدەست بهێنێت، چونکە هەلومەرجی بابەتی و خودی لەوە زیاتر هەڵناگرێت

لەوەتەی کاروانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد دەستی پێ کردووە و تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، یەکەم وانە خۆی لەو وتەیەدا کورت دەبێتەوە کە دەڵێت: «چونکە من ناسیۆنالیستم کەواتە نیشتمانپەروەرم»، هەرگیز جێی سەرسامی نەبووە، کە یەکەم ململانێی سیاسی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە لە ڕیزەکانی بزووتنەوەکەدا هاتووەتە ئاراوە، هەروەها ئەم ململانێیە لە سایەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا لە نێوان ئەوەی پێی دەگوترێت «ڕەوتی سەربەخۆخوازان و ئۆتۆنۆمیخوازان» بووە، واتا لە نێوان ئەوانەی کە داوای سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە لایەك و، لە نێوان ئەوانەی کە شایانی سەربەخۆیی بوون، بەڵام یەکەمجار بەرژەوەندیی کورد لەوەدا بووە کە ئۆتۆنۆمی، یان فیدراڵی وەدەست بهێنێت، چونکە هەلومەرجی بابەتی و خودی لەوە زیاتر هەڵناگرێت، ئەم شێوە ململانێیەش لە زۆر بزووتنەوەی نەتەوەخوازیی گەلانی ژێردەستەی ستەمی عوسمانیدا سەری هەڵداوە، بە تایبەتیش لە وڵاتانی عەرەبیدا.

دواتر ڕووداو و پەرەسەندنەکانی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ئەوەیان سەلماند، کە هێزە دەستڕۆیشتووەکانی ناوچەکە و هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئامادە نەبوون کەمترین ڕاددەی مافە ڕەواکانی کورد قبووڵ بکەن، ئەمەش تا ئەمڕۆی لەگەڵدا بێت، لە بەندەکانی ڕێککەوتننامەی سایکس- پیکۆی (فەرەنسا، بەریتانیا، ڕووسیای قەیسەر) و پەیماننامەی لۆزان و سەرجەم ڕێککەوتنەکانی نێوان دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، بە ڕوونی و ئاشکرا دەردەکەوێت.

مەسەلەی بابەتیبوون و بەهای ڕەهەندی نیشتمانیی بزووتنەوەکانی نەتەوەیی کوردی لە خواست و حەزەکانی خودەوە، یان لە هەڵوێستە سیاسییە ڕاگوزەرەکانەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو بریتییە لە واقیعێکی جیۆسیاسی کە کورد نەوە دوای نەوە لەگەڵیدا دەژی، هەروەها چوارچێوەیەکی دەستووری و یاساییە کە کورد لەگەڵ عەرەب و تورك و فارسی و خەڵکی دیکە لە چوارچێوەی دەوڵەت و قەوارەی ددانپێدانراوی نێودەوڵەتییەوە کۆ دەکاتەوە، لەگەڵ چەند سنوورێك کە لە بەڵگەنامەکانی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا چەسپێنراون، ئەو سنوورانەی سوپاکان دەیانپارێزن و، لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانەوە ئیرادەی نێودەوڵەتی چاودێرییان دەکات.

بە هەرحاڵ، ئەوەی نەخشەی بۆ کێشراوە و بووەتە دەوڵەت و، گەلانی دیکەش فەرامۆش کراون، نیشتمانی هەندێ گەلانی ڕەسەنی وەك گەلی کوردیش دابەش کراوە، ئەمانە بەو مانایە نین کە بە ڕێگەیەکی دروست ئەنجامدرا بن، یان لەگەڵ پرەنسیپی مافی



سەلاح بەدرەدین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

چارەی خۆنووسینی گەلان یەك بگرنەوە، تەنانەت لەگەڵ پەیماننامەی دەستەی نەتەوە یەكگرتووەكان و یاساكانی مافی مرۆڤدا گونجاو بن.

پێویستە ئاماژە بەوە بكەین كە ڕەهەندی نیشتمانیی بزووتنەوەی نەتەوەیی كوردی هەمیشە وەك فاكتەرێكی گرنگ لە شێوازە جیاوازەكانی چارەسەری دۆزی كورددا دەمێنێتەوە، لە كۆنفیدراڵی بۆ فیدراڵی، بۆ ئۆتۆنۆمی، تا دەگاتە ئیدارەی خۆجێیی و خۆیەتی، تەنانەت لە دۆخی سەربەخۆیی وەدەستهاتووشدا كە فاكتەری پەیوەندییە ئابووری و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەكان لەگەڵ دەوڵەتان و گەلانی دەوروبەر، وەك شێوەیەكی پێشكەوتوو جێگەی ڕەهەندی نیشتمانی دەگرێتەوە.

**● ناسیۆنالیست و نیشتمانپەروەر لە ئەزموونی كوردستانی عێراق**

هەر لە دەستپێكی ئەو بزاڤانەی كە مۆركی ناسیۆنالیستییان پێوە دیار بووە لە كوردستانی عێراقدا، دەبینین كە لەو داواكارییانەی كە شێخ عەبدولسەلام بارزانی پێشكەشی كردووە و مێژوونووسان بە نۆبەرەی بزاڤی نەتەوەیی بۆ وەدەستهێنانی مافەكان هەژماری دەكەن، ڕەهەندی نیشتمانی زۆر ڕوون و ئاشكرا بووە، ئەو بەڵگەنامەیە باس لەوە دەكات كە چی پێویستە لە مەسەلەی دۆخی یاسایی بۆ كوردی عێراق، هەروەها وردەكاریی پەیوەندییەكان لەگەڵ ناوەندی حوكمڕان و ژێرخانی دەستووریی شێوەی پەیوەندیی ئاڵوگۆڕیی كورد لە چوارچێوەی قەوارەی عێراقی و نیشتمانیدا.

لە هەموو ئەو شێوازانەی خەباتدا كە بارزانییەكان و سەرجەم توێژەكانی گەلی كوردستان پەیڕەویان كردووە، چ لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەكداریدا، یان لە خەباتی سیاسیدا، ئەوا ڕەهەندی نیشتمانیی عێراقی لە پێشەوەی پەرەسەندنەكانی بزووتنەوەی نەتەوەیی كوردیدا بووە، ئەمەش بە تەواوی لەو شەڕە خوێناوییانەی دژی دوژمنان و سەربازانی كۆلۆنیالی بەریتانی بەدەركەوتووە، هەروەها لە سوپاكانی ڕژێم و حكومەتە یەك لە دوای یەكەكانی دەسەڵاتدار لە بەغدا، هاوكات لە ناوەڕۆكی وتووێژەكان لەگەڵ لایەنی حكوومی هەر لە سەردەمی پاشایەتییەوە تا سەردەمی پێشەوا عەبدولكەریم قاسم و، ئینجا سەردەمی بەعس، دواتر ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن و تا ئەمڕۆش. دروشمی سەرەكیی شۆڕشی ئەیلوول «دیموكراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستان» بوو، واتا هەردوو ڕەهەندی نیشتمانی و نەتەوەیی وەك پێویست تەواوكەری یەكدی بوون، كەواتە كێشەی كورد بە بێ فەراهەمكردنی دیموكراسی و تەوافوقی كوردی و عەرەب چارەسەر ناكرێت.

بێگومان هێز و پتەویی هەر دوو ڕەهەندی نەتەوەیی و نیشتمانی لە سەر ڕێچكەیەك

ڕووداو و پەرەسەندنەكانی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ئەوەیان سەلماند، كە هێزە دەستڕۆیشتووەكانی ناوچەكە و هەروەها كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئامادە نەبوون كەمترین ڕاددەی مافە ڕەواكانی كورد قبووڵ بكەن

ڕەهەندی نیشتمانیی بزووتنەوەی نەتەوەیی كوردی هەمیشە وەك فاكتەرێكی گرنگ لە شێوازە جیاوازەكانی چارەسەری دۆزی كورددا دەمێنێتەوە

**کێشەی کورد بە بێ فەراهەمکردنی دیموکراسی و تەوافوقی کوردی و عەرەب چارەسەر ناکرێت**

**لە بنەڕەتدا ئەو دەنگە بەرزە لە کوردستان ئاراستەی بەغدا کرابوو، لە پێناو چاوخشاندنەوە بە چەمکی شۆڤێنییەت کە لە سەردەمانی پێشوودا ماوەتەوە**

**ئەو سەرکەوتنانەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق بەدەستیان دەهێنێت، بەرهەمی ئەو ڕێبازە دروستەیە کە سەرکردایەتی لە شۆڕشی ئەیلوولەوە تا ئەمرۆ گرتوویەتەبەر**

نەماوەتەوە، چونکە هەلومەرجێك هاتە ئاراوە کە بزووتنەوەی نیشتمانیی دیموکراسیی عێراقی لە سایەی دیکتاتۆریەت و ستەمکاریدا بە دۆخێکی ئاڵۆزدا تێپەڕی و، بەردەوام ڕووبەڕووی چەوسانەوە و سەرکوتکردنی بەرنامەبۆدارێژدراو دەبووەوە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان بەرەوڕووی جەور و ستەم لە کڵپەدا بووە و شۆڕشیش هەر بەردەوام بوو، بە شێوەیەك کە کوردستان ببوو بە پەناگەی ئۆپۆزسیۆنی عەرەبی عێراقی بە هەموو لایەنەکانیەوە، بۆیە لە سایەی ئەو بارودۆخەدا هەمیشە هاوسەنگیی ئەرێنی لە نێوان نەتەوەیی و نیشتمانیدا لە ئارادا بووە.


لە بەرامبەردا و لە قۆناغی نسکۆی شۆڕشی گەلی کوردستان لە ئاداری ١٩٧٥ و لە میانی ڕێککەوتننامەی جەزائیردا کە لە نێوان شای ئێران و دیکتاتۆری عێراق بە ناوبژیکردنی دیکتاتۆری جەزائیری هەواری بۆمدیەن و بە بێدەنگیی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی واژۆ کرا، کاتێکیش بزووتنەوەی گەلی کوردستان پاشەکشەی کرد، ئەمە کاریگەریی نەرێنی کردە سەر خەباتی نیشتمانی و دیموکراسیی عێراقی، هاوسەنگییەکەی بە لای بەرژەوەندیی دیکتاتۆریەتدا برد، تا ئەو کاتەی جارێکی دیکە بزووتنەوەکە سەرلەنوێ ژیانی بە بەر ئۆپۆزسیۆنی عێراقدا کردەوە، ئەوە بوو هێزەکان خۆیان لە چوارچێوەی بزووتنەوەی کوردیدا یەکخستەوە، تا ئەو کاتەی لە ساڵی ٢٠٠٣دا بە ڕووخانی دیکتاتۆر توانییان سەرکەوتن وەدی بهێنن.

بەم شێوەیە هاوسەنگی بۆ هەردوو ڕەهەندی نەتەوەیی و نیشتمانی گەڕایەوە، بەرهەمەکەشی بریتی بوو لە سیستمی فیدراڵی و دەستوورێك کە هەموو پێکهاتەکانی عێراق لە سەری ڕێك کەوتن. تەنانەت لەو پەڕی داواکاریدا بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی چارەی خۆنووسیندا کە سەرۆك مسعود بارزانی جەختی لێ کردەوە، دەبینین کە ڕەهەندی نیشتمانیی عێراقی هەر لە ئارادا بوو، بە شێوەیەك کە لە بنەڕەتدا ئەو دەنگە بەرزە لە کوردستان ئاراستەی بەغدا کرابوو، لە پێناو چاوخشاندنەوە بە چەمکی شۆڤێنییەت کە لە سەردەمانی پێشوودا ماوەتەوە، ئەو چەمکەی کە پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستانی فەرامۆش کردبوو، هەموو شایستە دەستوورییەکانی پشتگوێ خستبوو، وێڕای فەرامۆشکردنی مافەکانی کورد لە دەسەڵات و سامان و بڕیاردا، داوا دەکرا ئەو کەموکوڕییانە نەمێنن و جارێکی دیکە پەیوەندییەکانی بەشداریی ڕاستەقینە بە قسە و کردار بگەڕێنەوە، ئەمە پەیامێکی ڕوون بوو، ناوەڕۆکەکەشی ئەمە بوو: ئێمە نیشتمانپەروەری عێراقین، تا ئاستی شەراکەت لە ئێستا و لە چارەنووسدا، کوردستانییشین تا سنووری مافی چارەی خۆنووسین.

لە میانی ئەزموونی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی و سەرجەم ڕێڕەوی خەباتی گەلی کوردستانی عێراقدا، بە هەموو پێکهاتە و نەتەوەکانیەوە، چەندین وانە و پەندی زۆر گرنگ بۆ هەموو لایەنەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی هەن، کە دووپاتی ئەوە دەکەنەوە هەر دوو ڕەهەندی نەتەوەیی و نیشتمانی تەواوکەری یەکدین، هەروەها پێویستە هاوسەنگییەکی ورد لە نێوان هەردوولادا بە نەرمونیانی و میانڕەوی ئەنجام بدرێت، بۆیە ئەو سەرکەوتنانەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق بەدەستیان دەهێنێت، بەرهەمی ئەو ڕێبازە دروستەیە کە سەرکردایەتی لە شۆڕشی ئەیلوولەوە تا ئەمرۆ گرتوویەتەبەر، لە بواری مامەڵەکردنی بابەتییانە لەگەڵ هەردوو ڕەهەندی نەتەوەیی و نیشتمانیدا.

ڕێبازی دروستی کاروانی خەباتی براکانمان لە کوردستانی عێراق تایبەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ هەردوو ڕەهەندی نەتەوەیی و نیشتمانیدا، دەتوانێت ڕێڕەوی پەیوەندییە نەتەوەییەکانی نێوان هەرێم و بەشەکانی دیکە ڕاست بکاتەوە، بەرەو هاوئاهەنگیی زیاتر و ئاڵوگۆڕی شارەزایی و ئەزموونەکان، هەروەها گرنگیدانی پێویستی ڕەهەندی نیشتمانی بە هەموو بەشەکان، هاوکات ڕێزگرتنی تەواو لەو ڕۆڵەی لە بواری چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد لە هەر وڵاتێکدا هەیەتی، هەروەها بە ڕێزەوە دەڕوانینە ڕۆڵی نیشتمانی برایانی هەرێم لەسەر ئاستی عێراق.

# سیستمی تەکنەلۆژیای زانیاری و ئاسایشی نەتەوەیی



**د.نەژدەت ئاکرەیی**

پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

ئەم بابەتە لەبەر ڕۆشنایی پێشکەوتنەکانی بواری تەکنەلۆجیا و زانست بە یەکێك لە بابەتە گرنگەکانی جیهانی ئەمڕۆ دادەنرێت، دیارە کە لەم سەردەمەدا چەندین پێشکەوتن و داهێنان لە جیهاندا هاتوونەتەدی، ئەمە جگە لە شۆڕشەکانی وەك شۆڕشی زانیاری و ئامێرەکانی گەیاندن و ئەنتەرنێت. ئەم پێشکەوتنە بووەتە هۆی ئەوەی کە هەندێك سیستمی تازەی زانیاری زاڵ بێت، بەو مانایەی کە فەزای ئەلیکترۆنیی زانیارییەکان لە جیهانی ئەمڕۆدا بۆ ئایندە لە پەیوەندییەکانی دەوڵەتاندا فاکتەری کاریگەرن، ئەمەش وا دەکات کە دەرئەنجام پرۆژەی فرەڕەگەزی و بازاڕی جیهانی و ئاڵوگۆڕی زانیاری و زانستی و تەکنیکی ئەنجام بدرێن. هەنگاوی هەرەگرنگ لە بواری توانای ئامێرەکانی تەکنەلۆجیای تازە لە سەر ئەوە دەوەستێت، کە ڕێگەی تیشکی بەپەلە دێتە کایەوە، کە ئەم ڕێگەیە لە ڕووی ئەلیکترۆنییەوە شار و دەوڵەتەکان پێکەوە دەبەستێتەوە.

لە ڕاستیدا ڕۆشنبیریی زانیاری یەکێکە لە گرفتەکان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتان، چونکە پێشکەوتنی زانیاری لەلایەن ئەو کەسانەی کە ئەم ئامێرانە بەکاردەهێنن، هەروەها بڵاوبوونەوەی سیستمی تۆڕەکان، وای کردووە کە جۆرە مەترسییەك بۆ ئەم بابەتانە هەبێت، لەبەر ئەوەی بچنە نێو لایەنە شاردراوەکانی پێگە ئەلیکترۆنییەکانەوە، واتا دزەکردن بۆ ناو سیستمی ئەم تۆڕە تایبەتمەندییانە، تەنانەت کردنەوەی کۆدی ئەمنیی ئەو تۆڕانە، بە مەبەستی گەیشتن بە بانکەکانی زانیاریی نیشتمانی، لەوانەیشە ئەمانە بۆ هەندێ مەرام و ئامانج بەکار بهێنرێن، کە دژی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتان بێت.

لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین کە پەیوەندییەکی قووڵ لە نێوان سیستمی زانیاری

**گیروگرفتی ئاڵوگۆڕی زانیاری لە سەر تۆڕەکان، وا دەکات کە ئەو دەوڵەتە پێکناکۆکانە ڕووبەڕووی یەکدی ببنەوە، لە کۆتاییدا ببێتە ئامرازێک بۆ ناسەقامگیری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا**

**لە جیهانی ئەمڕۆدا و لەبەر ڕۆشنایی سیستمی زانیاری و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا لە زۆربەی دەوڵەتاندا تاوانی تازە سەری هەڵداوە لەژێر ناوی تاوانی ئەنتەرنێت، یان سیستمی زانیاریی تەکنەلۆجیا**

**ئەم هەرێمە تا ڕاددەیەک پارێزراو نییە بەرامبەر بە شۆڕشی زانیاریی تەکنەلۆجی، کە دەخوازێت بەرەنگاری ئەم مەسەلانە ببێتەوە**

**زانیارییەکانی حکومەت و شکۆمەندیی دەوڵەت لە بەرامبەر مەترسییەکی گەورەدان، بە تایبەتی دامەزراوەی ئاسایش و بەرگریی ئەو دەوڵەتانە و چۆنێتیی گەیشتن بە نهێنی و زانیارییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەیان**

و ئاسایشی نەتەوەییدا هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جەنگی سارد و ململانێی هەردوو بلۆکی سۆسیالیست و سەرمایەداری، ئەنجامی ئەو ململانێیەش تەکنەلۆجیای زانستە، کە هۆکار بوو بۆ هاتنەکایەی ئەنتەرنێت، تەنانەت دوای ڕووخانی ئەو دوو بلۆکەش سیستمی تازەی نێودەوڵەتی و تەکنەلۆجیای زانیاری بوون بە بەشێك لە مەترسییەکان بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی.

دەتوانین لەم ڕوانگەیەوە بڵێین کە سیستمی تەکنەلۆجیای زانیاری جۆرە گرفتێك بۆ ئاسایشی نەتەوەیی دێنێتە کایەوە، ڕاستە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی زانیاری پەیڕەو دەکرێت، بەڵام ڕەنگە ئەم ئاڵوگۆڕە بۆ مەبەستی دیکەش بەکار بهێنرێت، بۆ نموونە: مافیاکانی تاوانی ڕێکخراو، سپیکردنەوەی پارە، بەکارهێنانی تۆڕەکان بۆ هەندێ کاری بەدڕەوشتی، فرۆشتنی بەشەکانی جەستەی مرۆڤ، ئەمەش دەبێتە هۆی هاتنەکایەی جۆرێك لە ڕۆشنبیریی تاوان لەم مەسەلانەدا، هاوکات کاری دیکەی وەك دزین لە دوورەوە و دانی پارەی نامەشروع بۆ هەندێك چالاکی و ساختەکاریی نێودەوڵەتی، هاوکات دزینی بابەتە زانستییەکان، تەنانەت دەستدرێژی بۆ سەر موڵکداریی فیکری، گیروگرفتی ئاڵوگۆڕی زانیاری لەسەر تۆڕەکان، وا دەکات کە ئەو دەوڵەتە پێکناکۆکانە ڕووبەڕووی یەکدی ببنەوە، لە کۆتاییدا ببێتە ئامرازێك بۆ ناسەقامگیری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

لە هەمان کاتدا گیروگرفتی یاسایی لەم مەسەلانەدا هەیە، لە بابەتی گرێبەستی شارستانی، یان بازرگانی، هاوکات نهێنیی زانیارییەکان، چونکە زۆر لەو گرێبەستانە نهێنی و، هەروەها پاراستنی بەرهەمی فیکرییان تێدایە.

لەبەر ئەوەی تەکنەلۆجیای زانیاری سنوور تێدەپەڕێنێت، بۆیە دەبینین کە کێشەی ململانێی یاساکان و دەسەڵاتی دادگاکان لە سەیرکردنی ئەم تاوانەو چۆنێتیی ڕووبەڕووبوونەوە دێتە کایەوە. لە جیهانی ئەمڕۆدا و لەبەر ڕۆشنایی سیستمی زانیاری و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا لە زۆربەی دەوڵەتاندا تاوانی تازە سەری هەڵداوە لەژێر ناوی تاوانی ئەنتەرنێت، یان سیستمی زانیاریی تەکنەلۆجیا. لە هەمان کاتدا ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە زۆر لە دەوڵەتانی جیهان کەمتوانا بن لە بواری یاساییەوە تا بەرەو ڕووی ئەو کێشانە ببنەوە. دیارە هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەکارهێنەرانی ئەم سیستمە تەکنەلۆجییە دەتوانن بچنە نێو نهێنییەکانی ئەو دەوڵەتانەوە.

مەترسیی ئەمە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی لە دزینی داتا و زانیاری و دیکیۆمێنت دەردەکەوێت، هەروەها پێویستە پارێزگاری لە دزەکردنی ئەو داتا و زانیارییانە بکرێت، لەبەر ئەوەی پاراستنی نهێنی دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی، هاوکات لە کاریگەرییەکانی سیستمی تازەی زانیاریی تەکنەلۆجی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی لە سێ تەوەری گرندا دەبینێتەوە:

تەوەری هەرێم، تەوەری شکۆمەندی، یان حکوومی، تەوەری گەل، ئەگەر باسی تەوەری هەرێم بکەین، دەبینین کە ئەم هەرێمە تا ڕاددەیەك پارێزراو نییە بەرامبەر بە شۆڕشی زانیاریی تەکنەلۆجی، کە دەخوازێت بەرەنگاری ئەم مەسەلانە ببێتەوە. سەبارەت بە تەوەری گەل زۆر جار ئەم سیستمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێگەی نیشتمانی و ئیتنی نەتەوەیی و مەزهەبیی ئەم دەوڵەتانە بەکار دەهێنرێت، کە دواجار گیروگرفت دێتە ئاراوە، تەنانەت زۆر جار ئەم سیستمە لە کارەکانی پەیوەست بە ڕێڕەوی سیاسیی ئەم گەلانەدا بەکار دەهێنرێت.

تەوەری سێیەم کە پەیوەستە بە حکومەت و شکۆمەندیی دەوڵەتەوە، زانیارییەکانی حکومەت و شکۆمەندیی دەوڵەت لە بەرامبەر مەترسییەکی گەورەدان، بە تایبەتی دامەزراوەی ئاسایش و بەرگریی ئەو دەوڵەتانە و چۆنێتیی گەیشتن بە نهێنی و زانیارییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەیان.

هەر چۆنێك بێت ئەم شۆڕشی زانیاری و تەکنەلۆجییە هەندێك لایەنی سوودبەخشیشی بۆ دەوڵەتەکان و سیاسەتەکانی ئاسایشیی نەتەوەیی، لە ئاڵوگۆڕی بازرگانیی ناوخۆ و دەرەوەدا هەیە، لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و



زانیـاری، مامەڵەکـردن لـە زۆر بـوارەکان و بـە بازاڕکـردن و پڕۆپاگەنـدە، کەمکردنـەوەی گرانـی و نرخـی هاتوچـۆ، ئامرازەکانـی پەیوەنـدی و ئاڵوگـۆڕی زانیـاری، مۆبایـل و پۆسـتە، چاودێریکردنـی ڕووداوەکانـی جیهـان، پڕۆپاگەنـدە بـۆ بەرهەمـەکان، ئاسـانیی بڵاوکردنەوەیـان، وا دەکات کـە زانیاریـی توێژینـەوەی زۆر بێتـە کایـەوە و ئاسـانکاری بـکات بـۆ گەیشـتن بـەم زانیارییانـە، هـاوکات دەبێتـە فاکتەرێـك بـۆ ئاڵوگـۆڕی زانیـاری لـە نێـوان ئەوانـەی لـەم تەکنەلۆجیایانـەدا کاردەکـەن، کـە ئاڵوگـۆڕی ڕاوێـژ بکـەن و ئەمـەش دەبێتـە هانـدەر بـۆ چارەسـەری زۆر گرفـت، لەوانـەش گرفتـی ئەمنـی.

لـە ڕووی خوێندنـەوە، دەردەکەوێـت کـە پێشکەوتنی باشی بەخۆیـەوە بینیـوە لـە ئاڵوگۆڕی زانیـاری، ئەمـەش وای کـردووە کـە ئامێـرە کلاسـیکییەکان تێپەڕێندرێت و بێنـە سـەر ئامێری تـازە، بـۆ نموونـە هەواڵەکانـی جیهـان، بازرگانیـی ئەلیکترۆنـی، گۆڤـارە ئەلیکترۆنییـەکان، هـەر چۆنێـك بێـت بـە خوێندنـەوەی لایەنـە ئەرێنـی و نەرێنییەکانـی سیسـتمی ئەلیکترۆنـی و تەکنەلۆجـی، دەگەینـە ئـەو دەرئەنجامـەی کـە دەوڵەتانـی جیهـان بەتایبەتـی دەوڵەتانـی یەکێتیـی ئەوروپـا و ئەمریـکا و ژاپـۆن گەیشـتنە ڕێککەوتننامەیـەك، کـە پێـی دەگوترێـت (ڕێککەوتننامـەی تاوانەکانـی ئەنتەرنێـت)ی سـاڵی ٢٠٠١ کـە بـە گرنگتریـن دیکیۆمێنتـی یاسـایی دادەنرێـت، زۆر لـە دەوڵەتانیـش بوونەتـە ئەنـدام لـەم ڕێککەوتننامەیـەدا، تـا ڕووبـەڕووی ئـەم کێشـانە ببنـەوە، بەتایبەتیـش تیـرۆر لەسـەر تۆڕەکانـی ئەنتەرنێت و سۆسـیال میدیـا و کاری سـاختەکاری لـە بوارەکانـی بازرگانیـدا، ئەمـەش وا دەکات کـە دەوڵەتـان بـە وردی کاربکـەن بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم مەسـەلەیە لـە ڕووی یاسـاییەوە، دەبـێ لەگـەڵ یەکـدی هـاوکار بـن و پێویسـتی بـە سیاسـەتێکی ئەمنیـی نیشـتمانی و هەرێمـی و جیهانـی هەیـە، چونکـە ئـەم بابەتـە زۆر گرنگـە بـۆ سیاسـەتەکانی ئێسـتا و ئاینـدەی ئاسایشـی نەتەوەیـی.

**دەوڵەتانی یەکێتیی ئەوروپا و ئەمریکا و ژاپۆن گەیشتنە ڕێککەوتننامەیەک، کە پێی دەگوترێت (ڕێککەوتننامەی تاوانەکانی ئەنتەرنێت)ی ساڵی ٢٠٠١ کە بە گرنگترین دیکیۆمێنتی یاسایی دادەنرێت**

# دیمانەی تایبەت



ڤەلی نەسر ماجید خەدوری پرۆفیسۆری کاروبارە نێودەوڵەتییەکان و دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە سکوڵی دیراساتی پێشکەوتووی نێودەوڵەتی لە زانکۆی جۆن هۆپکینز، پێشتریش ڕاگری دیراساتی نێودەوڵەتی بووە لە هەمان زانکۆ لە نێوان ساڵانی ٢٠١٢ و ٢٠١٩ و ڕاوێژکاری باڵای نوێنەری تایبەتیی ئەمریکا بۆ ئەفغانستان و پاکستان باڵیۆز ڕیتچادر هۆڵبرۆك لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٩ و ٢٠١١ بووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پەیوەست بوون بە بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تاوتوێکردنی تەنگژە و قەیرانە قووڵەکانی و سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

ڤەلی نەسر
پرۆفیسۆری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی جۆن هۆپکینز بۆ گوڵان:

# کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە وڵاتەکانی ناتوانن پێکەوە کار بکەن

*** وەك کەسێکی شارەزا و تایبەتمەندی کاروباری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆن لە پێشهات و پەرەسەندنەکانی ئەم ناوچەیە دەڕوانن و ئایا چ شتێك زیاتر ئێوەی نیگەران کردووە؟**

- ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی قسە بکەین و لەم بارەیەوە بدوێین، ئەوەیە کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەست ناسەقامگیرییەوە گرفتارە، هەم لەسەر ئاستی وڵاتانی وەك عێراق و سووریا و لیبیا و یەمەن و لوبنان، و هەم لەسەر ئاستی تێکڕای ناوچەکەش، بۆ نموونە پەیوەندییەکی دژوار هەیە لە نێوان زۆرێك لە هێزە گەورەکانی ناوچەکەدا، وەك ئیسرائیل و تورکیا و قەتەر و عەرەبستانی سعودیە و ئیمارات، کە ڕاستە لەسەر هەندێ پرس هاوڕاییان هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا لە ململانێدان بۆ برەودان بە دەستڕۆیشتوویی خۆیان لە وڵاتانی جیاوازی ناوچەکەدا. هەموو ئەم پەرەسەندن و پێشهاتانەش لە سەروەختێکدا ڕوودەدەن کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن پتر تەرکیزی لەسەر ئەورووپا و قەیرانی ئۆکرانیا و وڵاتی چینە، بەڵام تاکە پرسێك لەم ناوچەیەدا کە جۆ بایدن کات و کۆششی خۆی بۆ تەرخان کردووە، بریتییە لە پرسی پرۆگرامە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران و ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران، کە پێم وایە تا ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێت، ئەوا ناوچەکە بە جۆرێك لە جۆرەکان ناسەقامگیری بەخۆیەوە دەبینێت.

**تاکە پرسێک لەم ناوچەیەدا کە جۆ بایدن کات و کۆششی خۆی بۆ تەرخان کردووە، بریتییە لە پرسی پرۆگرامە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران و ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران، کە پێم وایە تا ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێت، ئەوا ناوچەکە بە جۆرێک لە جۆرەکان ناسەقامگیری بەخۆیەوە دەبینێت**

*** ئەو پرسیارەی هەمیشە توێژەرانی کاروبارەکانی ئەم ناوچەیەی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، بریتییە لەوەی کە تا دێت کێشە و تەنگژەکانی وڵاتانی ئەم ناوچەیە قووڵتر و ئاڵۆزتر دەبن. پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی**

**زۆرێک لە وڵاتانی ئەم ناوچەیە ڕێژەیەکی زۆری لاویان هەیە، بەڵام لە ڕووی ئابوورییەوە گەشە ناکەن، لە دەرئەنجامدا خەڵکانێکی زۆر نارەزا و ناخۆشحاڵ دەبن لە ئاستی کواڵیتیی حوکمڕانی**

**لەم ناوچەیەدا ڕێکخراوێک، یان چوارچێوەیەک نییە بۆ ئەوەی هێزەکانی ناوچەکە تێیدا لە بارەی کێشە و چارەسەر و بڕیارەکانەوە گفتوگۆ بکەن**

**ئەمریکا وڵاتانی ناوچەکەی دابەش کردووە بە سەر دۆست و دوژمنەکانی خۆیدا، ئێستاش کە دەیەوێت ناوچەکە جێبهێڵێت ئەوا میکانیزمێک یان شێوازێکی کارکردنی لە دوای خۆی بە جێ نەهێشتووە کە وڵاتانی ناوچەکە لە ڕێیەوە بتوانن پێکەوە کار بکەن**

**پێکهاتەکانی ناو ئەم وڵاتانە وەک نەتەوەیەکی یەکگرتوو لە خۆیان نارِوانن، لە هەمان کاتدا ئاراستەی هەلومەرجە ئابوورییەکەش بە ئاقارێکی نەرێنیدا دەڕوات**

**هەموو هەوڵەکان بە ئاراستەی چارەسەرکردنی تەحەددییەکانی ئەم ناوچەیە دەرئەنجامێکی ئەوتۆیان لێ ناکەوێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا چەند تەوژمێکی مێژوویی درێژخایەن هەن لەم ناوچەیەدا کە دەبێت لەبەرچاویان بگرین، یەکێکیان پەیوەستە بە بواری ئابوورییەوە، بۆ نموونە زۆرێك لە وڵاتانی ئەم ناوچەیە ڕێژەیەکی زۆری لاویان هەیە، بەڵام لە ڕووی ئابوورییەوە گەشە ناکەن، لە دەرئەنجامدا خەڵکانێکی زۆر نارەزا و ناخۆشحاڵ دەبن لە ئاستی کواڵیتیی حوکمڕانی، نەبوونی کار و ئومێد بە ئاییندە، ئەمەش بەرجەستە دەبێت لە خۆپیشاندانەکاندا، هەروەك ئەوەی لە عێراق و لە لوبناندا بەدیمان کردن. بە هەمان شێوە ئەوەی پێی دەوترا بەهاری عەرەبی لە ساڵانی ٢٠١١ و ٢٠١٢، لەباری ئەم پرسانەوە. تەوژمێکی دیکەیە پەیوەست بە پرسی ناسیۆنالیزمەوە، واتە وڵاتان بانگەشەی بوونی یەك نەتەوە دەکەن، لە کاتێکدا خەڵکەکە خۆیان گرێ دەدەنەوە بە پێناسەی جیاوازەوە، بۆ نموونە، لە عێراقدا ناسنامەی کوردبوون هەیە، بە هەمان شێوە شیعە و سوننە، لە سووریاش تایفەی عەلەوی هەیە، لە هەمان کاتدا سوننە و کوردیش هەن، بە هەمان شێوە لە لوبنانیش پێکهاتەی جیاواز هەن. لە دەرەنجامدا ململانێی و کێبڕکێیەکی سیاسی بەدی دەکەین لە نێوان ئەم پێکهاتانەدا. ئەگەرچی هەندێ جار دەسەڵاتێکی تاکڕەو و دیکتاتۆری بەدی دەکرێت کە بە زەبری هێز ئەم جیاوازییانە کپ دەکاتەوە، هەروەك ئەوەی لە سەردەمی سەددام حوسێندا بەدیمان کرد. بەڵام هەروەك بینیمان ئەمە لە مەودای دووردا درێژە ناکێشێت و ناتوانێت بەردەوام بێت. ئەوە بوو لە عێراقدا و لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی سەددام حوسێن ململانێی بەدەستهێنانی دەسەڵات دەستی پێ کرد و هێشتا بەردەوامە. بە هەمان شێوە لە سووریا کاتێك دەسەڵاتی بەشار ئەل ئەسەد لاواز بوو، ململانێ و ناکۆکیی تایفەگەری سەریانهەڵدا و تەشەنەیان کرد. لە بەر ئەوەی ئەم پێکهاتانە درێژبوونەوەیان هەیە لە وڵاتانی دیکە، بۆ نموونە کورد لە عێراق و سووریا و تورکیادا هەن، شیعە لە عێراق و ئێران و لوبناندا بوونیان هەیە. بۆیە ئەم کێشانە بە خێرایی دەبنە کێشەی ئیقلیمی. کێشەیەکی دیکەی بەرچاو ئەوەیە لەم ناوچەیەدا ڕێکخراوێك، یان چوارچێوەیەك نییە بۆ ئەوەی هێزەکانی ناوچەکە تێیدا لە بارەی کێشە و چارەسەر و بڕیارەکانەوە گفتوگۆ بکەن، کە ئەم چوارچێوەیە لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین و ئەورووپا هەیە. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وڵاتانی ناوچەکەی دابەش کردووە بە سەر دۆست و دوژمنەکانی خۆیدا، ئێستاش کە دەیەوێت ناوچەکە جێبهێڵێت ئەوا میکانیزمێك یان شێوازێکی کارکردنی لە دوای خۆی بە جێ نەهێشتووە کە وڵاتانی ناوچەکە لە ڕێیەوە بتوانن پێکەوە کار بکەن.

دواتر ئێمە دەزانین ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێی نایە قۆناغێکی دیکەی دژوارییەوە دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١١ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پاشان شەڕی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا، کە دوای ئەو ڕووداوانە دۆخی ناوچەکە خراپتر بوو، نەك باشتر، چونکە لەو کاتەدا تەنیا عێراق وڵاتێکی ناسەقامگیر بوو، بەڵام دوای بەهاری عەرەبی وڵاتانی سووریا و لیبیا و یەمەنیش دووچاری ناسەقامگیرییەکی گەورە بوونەوە، بە هەمان شێوە لوبنانیش کە دۆخێکی دژواری ئابوورییش ڕووی تێ کردن. کەواتە ئەوە نزیکەی دوو دەیە و نیوە ئەم ناسەقامگیرییە درێژەی هەیە و بەردەوامە. ئەگەر وەڵامەکە پوخت بکەمەوە، ئەوا دەڵێین کە پێکهاتەکانی ناو ئەم وڵاتانە وەك نەتەوەیەکی یەکگرتوو لە خۆیان ناڕوانن، لە هەمان کاتدا ئاراستەی هەلومەرجە ئابوورییەکەش بە ئاقارێکی نەرێنیدا دەڕوات. لە لایەك دانیشتووانی ئەم وڵاتانە زیاد دەکەن کە ڕێژەی لاوانیش تێیاندا ڕێژەیەکی گەورە و بەرچاوە، کە ئابووریی ئەم وڵاتانە، بەتایبەتی لە عێراق و ئێران و میسردا ناتوانێت پێ بە پێی ئەم پەرەسەندنانە بڕوات و دەرفەتی کار بۆ ئەم توێژە گەورەیەی لاوان دەستەبەر بکات.

*** ئێوە باستان لەوە کرد کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیەوێت لەم ناوچەیە بکشێتەوە، ئایا پێت وایە دەرئەنجامی ئەمە چی دەبێت لەسەر خودی ناوچەکە و لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی**

**ناوەڕاستدا و ئایا پێت وایە سیاسەتی واقیعبینانە و بەرپرسیارانە چییە کە پێویستە ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیە بیگرێتەبەر؟**

- ئەگەر لە رووی مێژووییەوە لە بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕوانین لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، ئەوا بریتی بوون لە بەرپەرچدانەوەی دەستڕۆیشتویی یەکێتیی سۆڤییەت و دابینکردنی ئاسایشی ئیسرائیل و دەستەبەرکردنی هەناردەکرنی نەوت لەم ناوچەیەوە. بەڵام لە دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەرەوە و تا ڕادەیەك پێشتریش ئاسایشی ئیسرائیل و پرسی پەیوەست بە نەوتەوە، وەك خۆیان مانەوە، بەڵام هەڕەشە و مەترسیی سۆڤییەت گۆڕدرا بە نیگەرانی و ترس لە تیرۆر و دوای ئەوەش شەڕی دژ بە تیرۆر پانتاییەکی گەورەی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای داگیر کرد. بەڵام ئەگەر باسی ئەم ساتەوەختە و پێشهاتەکانی داهاتوو بکەین، ئەوا ئێمە ناتوانین دەقاودەق پێشبینی ئەوە بکەین کە چی روو دەدات، هەرچەندە دەکرێت لەم ڕووەوە بڵێین ئێستا ئێمە بە قۆناغێکی گۆڕانکاریدا تێدەپەڕین، چونکە ڕەهەند و ڕواڵەتەکانی ئەم قۆناغە ئەوەیە کە چیتر بە چەشنی ڕابردوو ئەمریکا سەرقاڵ نییە بە پرسی تیرۆریزمەوە، هەروەها بە هەمان ئەندازەی ڕابردوو نەوت گرنگ نییە بۆ ئەمریکا و ئاسایشی ئیسرائیلیش تا ڕادەیەکی باش دەستەبەر کراوە، ئێستا ئەمریکا ئاراستەی بایەخپێدانەکەی گۆڕیوە بە ئاراستەی چیندا. هەموو ئەمانە بە مانای ئەوە نایەت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تەواوەتی لەم ناوچەیە دەکشێتەوە، بەڵام ئەمریکا پێی وایە زیاد لە پێویست خۆی سەرقاڵ کردبوو بەم ناوچەیەوە، بەتایبەتی شەڕی ئەفغانستان و عێراق و خەرجکردنی ملیاران دۆلار لەم شەڕانەدا، و پێی وایە دەبێت ئەم سەرچاوە و کات و کۆششانە تەرخان بکرێنەوە بۆ بایەخدان بە ئاسیا. کەواتە ئێستا ئەمریکا دەیەوێت کەمتر سەرقاڵ بێت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە و پرسیارە سەرەکییەکەش ئەوەیە چۆن ئەمریکا دەتوانێت هاوکار بێت لە سەقامگیرکردنی ئەم ناوچەیە و یارمەتیدانی بۆ ئەوەی خۆی حوکمڕانیی خۆی بکات. مەبەستم ئەوەیە ناکرێت تۆ سیاسەتێك بگریتەبەر کە ئێران و وڵاتانی ناوچەکە دووچاری شەڕ بکەیت لەگەڵ یەکتردا و وڵاتانی عێراق و سووریا و.. هتد بخەیتە بارێکی ناسەقامگیرەوە و دوایی بڵێیت ئێمە دەست لە دۆخەکە هەڵدەگرین و پاشەکشە دەکەین. پێم وایە ئەمە کێشەی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ بوو، چونکە ئەوە ئەم ئیدارەیە بوو کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد دەیەوێت لە عێراق و سووریا و ئەفغانستان بکشێتەوە، بەڵام دەرئەنجام و دەرهاویشتەی سیاسەتەکانی- وەك بەکارهێنانی سیاسەتی ئەوپەڕی گوشار لە دژی ئێران و دواتر کوشتنی قاسم سلێمانی و ئەبو مەهدی ئەل موهەندیس- هۆکاری هاتنەئارای




ناسەقامگیریی زیاتر بوو لە ناوچەکەدا. کەواتە پێم وایە سیاسەتی بەرپرسانە لەلایەن ئەمریکاوە ئەوە بوو کە هاوکاریی ئەم ناوچەیە بکات بۆ ئەوەی باشتر کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن و بارگرژییەکان خاو بکەنەوە. لەم ڕووەوە کارێکی زۆر باش بوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانی لە سەرۆك وەزیرانی عێراق کرد بۆ ئەوەی ئێران و سعودیە لە یەکتر نزیك بکاتەوە و دەست بە گفتوگۆ بکەن، هەروەها سیاسەتێکی بەرپرسانەیە کە ئەمریکا، سعودیە و قەتەر و ئیمارات ئاشت بکاتەوە و هانی گفتوگۆی نێوان ئیمارات و ئێران بدات.

**ڕەهەند و ڕواڵەتەکانی ئەم قۆناغە ئەوەیە کە چیتر بە چەشنی ڕابردوو ئەمریکا سەرقاڵ نییە بە پرسی تیرۆریزمەوە، هەروەها بە هەمان ئەندازەی ڕابردوو نەوت گرنگ نییە بۆ ئەمریکا و ئاسایشی ئیسرائیلیش تا ڕادەیەکی باش دەستەبەر کراوە**

**سیاسەتی بەرپرسانە لەلایەن ئەمریکاوە ئەوە بوو کە هاوکاریی ئەم ناوچەیە بکات بۆ ئەوەی باشتر کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن و بارگرژییەکان خاو بکەنەوە**

# دیمانەی تایبەت



ڕاجەوی ئەسەد پرۆفیسۆری کاروباری گشتییە لە سکووڵی هوبێرت هەمفرەی لە زانکۆی مینێسۆتا، تایبەتمەند و توێژەری کاروباری وڵاتە تازە گەشەکردووەکانە، بە تایبەتی وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا و، تایبەتتریش ئەوەی پەیوەست بێت بە ئابووری و سیاسەت لەم ناوچەیەدا. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی تایبەت بوون بە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کارلێکی نێوان ئاراستە ئابوورییەکان و پەرەسەندنە سیاسییەکان و، چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

**راجەوی ئەسەد**
**پرۆفیسۆری کاروباری گشتی لە زانکۆی مینێسۆتا بۆ گوڵان:**

# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قۆناغی ڕاگوزەریدایە و دیار نییە بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات

*** هەروەك دەزانین ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکە کە پشێوی و ناسەقامگیری باڵی بەسەردا کێشاوە و، بەدەست چەندین قەیرانەوە گرفتارە، خوێندنەوە و شرۆڤەی ئێوە بۆ دۆخی ئێستای ئەم ناوچەیە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە دەتوانین لەم ڕووەوە ئاماژە بەو شەڕ و ناکۆکییە بەردەوامانە بکەین کە لە وڵاتانی یەمەن و سووریا و تا ڕاددەیەکی کەمتر لیبیا لە ئارادان، بە هەمان شێوە ئەو ناسەقامگیرییە لە وڵاتی سوودان بەدی دەکرێت، دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم وڵاتانە بریتییە لە بوونی ئەندازەیەکی زۆر ناسەقامگیریی سیاسی، کە چاوەڕوانی ئەوەش ناکرێت بەم نزیکانە ئەم کێشە و ناکۆکی و شەڕانە چارەسەر بکرێن و یەکلا ببنەوە، بە پێچەوانەوە بارودۆخەکە بەرەو ناهەمواری و نالەباریی زیاتر دەڕوات، ئەوەتا داعش دەستی داوەتەوە چالاکییەکانی و هەڕەشە لە دانیشتووانی سووریا و عێراق دەکات، کەواتە هەموو ئەمانە چەند پەرەسەندنێکن کە پێویستە ئاوڕی بەپەلە و جددییان لێ بدرێتەوە، چونکە مایەی زۆرترین نیگەرانی و هەڕەشەن.

*** باشە بە دیدی ئێوە هۆکارە ڕیشەییەکان چین کە بوونەتە هۆی ئەوەی ئەم ناوچەیە هێندە ئاڵۆز و پڕ لە قەیران و کێشە بێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی پەیوەندیی بە هۆکارە ڕیشەییەکانەوە هەبێت، ئەوا دەکرێت ئاماژە بە بوونی سیستەمە شمولییەکان بکرێت، کە لە زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە دەسەڵاتدا بوون، بەڵام دواتر ئەم سیستەمانە بە بنبەست گەیشتن، لەبەر ئەوەی نەیانتوانی چاوەڕوانییەکانی گەلەکانیان بەدی بهێنن و لە ئاست خواست و ویستی

خەڵکەکەدا بن، بە گوێرەی ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتییەی لەگەڵ کۆمەڵگەکانیاندا هەیانبوو. لە دەرئەنجامی ئەمەشدا گەلانی ئەم ناوچەیە ڕاپەڕین و شۆڕشیان کرد، بەڵام ئەوەی جێی داخە ئومێد و ئاواتی خەڵکەکە بەدی نەهات و حوکمڕانییەکی دیموکراتی نەهاتە ئاراوە، کەواتە ئەگەر تێڕوانینی خۆم لە بارەی بارودۆخەکە پوخت بکەمەوە، دەڵێم هێشتا ئێمە لە قۆناغی ڕاگوزەریدان لە تێپەڕاندنی ڕژێمە شمولییەکان، بەڵام کێشەکە ئەوەیە نازانین بە چ ئاقار و ئاراستەیەکدا هەنگاو هەڵدەگرین و ڕێگامان گرتووەتەبەر و، نازانین چ شێوە و فۆرمێك وەردەگرێت، کە لەم نێوانەشدا ئەو پشێوییە بەدی دەکەین کە باڵی بە سەر هەلومەرجەکەدا کێشاوە.

*** ئێوە باستان لە ڕاپەڕین و ناڕەزایەتییەکانی سەروەختی بەهاری عەرەبی کرد، کە لە دەرئەنجامدا حوکمڕانییەکی دیموکراتیی لێ نەکەوتەوە، بەڵکو هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێ کرد، نادڵنیایی و پشێوییەکی گەورەیان بە دوای خۆیاندا هێنا، ئایا ئێوە گەشبینن کە ئەم دۆخەکە بەرەو باشتر بڕوات، یان هیچ بەدیلێك هەیە بۆ ئەوەی گەلانی ئەم ناوچەیە بیگرنەبەر بۆ هێنانەدی خواستەکانیان؟**

- لە ڕاستیدا من ناتوانم بڵێم گەشبینم، چونکە زۆرێك لە شۆڕشەکان دەرئەنجامێکی باش و خوازراویان لێ نەکەوتەوە، لە سەرەتادا وا دەرکەوت کە ئەزموونی وڵاتی تونس مژدەهێن بێت، بەڵام دواتر ئەوەی بەدیمان کرد، ئەوە بوو کە ئەم ئەزموونەش ڕووبەڕووی چەندین دژواری و تەحەددیی سیاسی بووەوە، لە وڵاتی جەزائیریشدا کە جووڵە و ناڕەزاییەتییەکان درەنگتر دەستیان پێ کرد، پەرەسەندنەکان نەیانتوانی سیستمە شمولییەکە تێپەڕێنن، بە هەمان شێوە وڵاتی سوودانیش. کەواتە ئێمە هێشتا لە پرۆسەی ئەوەداین کە فێر ببین چۆن قۆناغی ڕژێمە شمولییەکان تێپەڕێنین، هەرچەندە ئەمە بەو مانا نییە کە بڵێم مانەوەی ڕژێمە شمولییەکان چارەسەرە، بە پێچەوانەوە من ئەم ڕژێمانە بە کێشە دەزانم، بەڵکو ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە زۆر زەحمەتە بتوانین بە شێوازێکی ڕێکخراو ئەم قۆناغە تێبپەڕێنین و جێی بهێڵین، بە چەشنێك بتوانین هەنگاو بەرەو سەقامگیری هەڵبگرین.

*** پێت وانییە هەموو ئەو دەرئەنجامانەی ئێوە ئاماژەتان پێ کرد، لە هەڵوەشانەوەی گرێبەستی کۆمەڵایەتیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە و باڵادەستبوونی ڕژێمە شمولییەکاندا هۆکارەکەی شکستهێنان بێت، لەوەی کە پێی دەڵێن پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت و بنیاتنانی نەتەوە، بە تایبەتی کە ئێستا ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ئەمریکا چیتر پەرۆش نییە بۆ ئەوەی هەوڵەکانی لەم ناوچەیەدا بەم ئاراستەیەدا بخاتەگەڕ؟**

- تێڕوانینی من ئەوەیە کە هێزە دەرەکییەکان ناتوانن بە شێوەیەکی بنیاتنەر دەست بدەنە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی ئەمە پرسێکە کە دەبێت خودی گەلانی ئەم ناوچەیە سەرچاوەکانی خۆیانی بۆ تەرخان بکەن و، لەم ڕووەوە شێواز و ڕێگەیەك بدۆزنەوە و بیگرنەبەر لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیان. لەبەر ئەوە پێم وانییە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە لە لایەن هێزێکی دەرەکی، یان لە دەرەوە بە گشتی بەرهەمدار و سوودبەخش بێت، بگرە بە باوەڕی من دەرئەنجامی دژ و پێچەوانەشی لێ دەکەوێتەوە، چونکە پەرچەکردار و کاردانەوەی لێ دەکەوێتەوە لە ئاست ئەو کارانەی کە هێزێکی دەرەکی دەیەوێت ئەنجامی بدات.

*** ئێوە لە توێژینەوەکانتاندا بایەخێکی زۆرتان بە سیستمی پەروەردە و بازاڕی کار داوە، ئایا چۆن لە سیستمی پەروەردە و سیاسەتی ئابووریی وڵاتانی ئەم ناوچەیە دەڕوانن، بە تایبەتی لە ڕوانگەی دەرئەنجام و دەرهاویشتە سیاسییەکانیانەوە؟**

- من پێم وایە سیستمی پەروەردە- بە چەشنی کەرتی گشتی- بەکارهێنرابێت بۆ ڕازیکردن و بەدیهێنانی خواستەکانی چینی ناوەڕاست، کە ئەم چینەش داواکارییەکی هەڵکشاویان هەیە بۆ بەدیهێنانی پەروەردە، بەڵام ئەوەی جێی داخە سیستمی پەروەردە لەم وڵاتانەدا کواڵیتییەکی بەرزی نییە، لە لایەکی دیکەوە هەر کاتێك خوێندن تەواو کرا، ئەوا ئەو

**داعش دەستی داوەتەوە چالاکییەکانی و هەڕەشە لە دانیشتووانی سووریا و عێراق دەکات**

**ئێمە هێشتا لە پرۆسەی ئەوەداین کە فێر ببین چۆن قۆناغی ڕژێمە شمولییەکان تێپەڕێنین، هەرچەندە ئەمە بەو مانا نییە کە بڵێم مانەوەی ڕژێمە شمولییەکان چارەسەرە**

**زۆر زەحمەتە بتوانین بە شێوازێکی ڕێکخراو ئەم قۆناغە تێبپەڕێنین و جێی بهێڵین، بە چەشنێك بتوانین هەنگاو بەرەو سەقامگیری هەڵبگرین**

چینەی خوێندنەکەی تەواو کردووە، خواست و چاوەڕوانییەکی زیاتری بۆ دروست دەبێت، بۆ ئەوەی پەیوەندی بە چینی ناوەڕاستەوە بکات و چاوەڕوانی ئەوە دەکات لە کەرتی گشتی دابمەزرێت و، هەموو ئەو دەستکەوتانەی دیکە کە دەکرێت بە هۆی تەواوکردنی خوێندنەوە بەدەست بهێنرێن، ئەوە بوو -هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد- ڕژێمە شمولییەکان نەیانتوانی ئەم خواستە بەدی بهێنن و لە ئاست ئەم چاوەڕوانییەدا بن، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیەکە کە چەندین گەنجی ناڕازی لەم وڵاتانەدا هەن، کە بەشداری لە خۆپیشاندانە سیاسییەکاندا دەکەن.

*** باشە ئەگەر بایەخنەدانی پێویست بە بواری پەروەردە ئەم دەرئەنجامە خراپە سیاسییەی لێ بکەوێتەوە، بۆچی ئەم ڕژێمانە بە ئاراستەی باشترکردنی سیستمی خوێندن و پەروەردە، وەبەرهێنانێکی زۆر ناکەن؟**

- بە تێڕوانینی من هۆکارەکەی ئەوەیە کە بوونی سیستمێکی خوێندن و پەروەردەی کواڵیتی بەرز دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسانەی ئەم خوێندنە تەواو دەکەن، دەبنە تەحەددی بۆ حکومەتە شمولییەکان، هۆکارێکی دیکەی نزمیی کواڵیتی سیستمی پەروەردە ئەوەیە کە کاتێ حکومەت دەیەوێت ژمارەیەکی زۆری لاوەکان لە سیستمی خوێندن وەربگرێت- بە تایبەتی لەم وڵاتانەدا کە لاوان ڕێژەیەکی گەورەی کۆمەڵگەکان پێك دەهێنن- بەم شێوەیە هێندەی تەرکیزی لە سەر چەندایەتی دەبێت، ئەوەندە تەرکیزی لە سەر چۆنایەتی نابێت، واتە خەمی ئەوەیەتی چەند کەس وەردەگیرێن، نەك ئەوەی چی فێر دەبن. ئومێدەکەی من ئەوەیە هەر کاتێك دژوارییە دیموگرافییەکە کەمتر بووەوە، ئەوا ئەم وڵاتانەش کار بە ئاراستەی باشترکردنی کواڵیتی پەروەردە بکەن.

*** ئێمە تا ئێستا باسی پێشهاتی خراپ و نەرێنیمان کردووە لەم ناوچەیەدا، بەڵام هەندێ لە شرۆڤەکاران ئاماژ بە پەرەسەندنی ئەرێنییش دەکەن لەم ناوچەیەدا، بۆ نموونە ئاساییبونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێت وایە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم ناوچەیە بەرەو ئاوێتەبوونێکی ئابووری و سەقامگیریی سیاسیی زیاتر بچێت؟**

- نەخێر، من پێم وانییە ئەم دەرئەنجامەیان لێ بکەوێتەوە، چونکە ئەم ڕێککەوتنانە لە لایەن هێزە دەرەکییەکانەوە بە پێچەوانەی خواستی فەڵەستینییەکانەوە سەپێندراون و، تا ئێستا نەبوونەتە هۆی چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکان لە پەیوەندی بە ناکۆکیی عەرەب و ئیسرائیلەوە، بە بێ چارەسەرکردنی ئەم کێشە بنەڕەتییانەش ناکرێت ئەم ڕێککەوتنانە سوودێکی درێژخایەن و دوورمەودایان لێ بکەوێتەوە.

*** بەڵام باس لەوە دەکرێت ئەم ڕێککەوتنانە بەرجەستەبوونی ئاشتییەکی گەرمن، بەو واتایە تەنیا لە چوارچێوە سیاسییەکەدا نەماونەتەوە، بەڵکو ئاڵوگۆڕ و ئاوێتەبوونی ئابوورییشیان بە دوای خۆیاندا هێناوە، بە تایبەتی لە نێوان هەردوو وڵاتی ئیسرائیل و ئیماراتدا، خوێندنەوەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەوە ڕاستە کە بووەتە هۆی بەرفراوانیی بواری بازرگانی لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا، بەڵام پێم وانییە ببێتە هۆی ئەوەی ئاشتییەکی بەرفراوان لە نێوان ئیسرائیل و جیهانی عەرەب، یان گەلانی عەرەبدا بەدی بهێنێت.

*** دواپرسیارمان پەیوەستە بە پێشبینییەکانتانەوە بۆ داهاتووی ئەم ناوچەیە، لە ڕووی باشترین و خراپترین سیناریۆوە کە ئەگەری ئەوە هەبێت بێنەئاراوە؟**

- من دڵنیام گۆڕانکاری دێتە ئاراوە، بەڵام ڕەنگە نەتوانین دەقاودەق ساتەوەختەکەی دەستنیشان بکەین، بەڵام هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، گەلانی ئەم ناوچەیە سەرقاڵن بەوەی بەدیلێك بدۆزنەوە بۆ ئەو گرێبەستەی کە لە نێوان ئەم کۆمەڵگایەنە و ڕژێمە عەرەبە خۆسەپێنەرەکاندا لە دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆییەوە هەبوو، لەم ڕووەوە بۆیان دەرکەوت کە هێنانەئارای گرێبەستێکی دیکەی نوێی کۆمەڵایەتی، کارێکی سەخت و دژوارە و سەری کێشا بۆ ناسەقامگیرییەکی زۆر.

**هێزە دەرەکییەکان ناتوانن بە شێوەیەکی بنیاتنەر دەست بدەنە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا**

**بوونی سیستمێکی خوێندن و پەروەردەی کواڵیتی بەرز دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسانەی ئەم خوێندنە تەواو دەکەن، دەبنە تەحەددی بۆ حکومەتە شمولییەکان**

**گەلانی ئەم ناوچەیە سەرقاڵن بەوەی بەدیلێک بدۆزنەوە بۆ ئەو گرێبەستەی کە لە نێوان ئەم کۆمەڵگایەنە و ڕژێمە عەرەبە خۆسەپێنەرەکاندا لە دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆییەوە هەبوو**

## سەنگەر سەربەست حەوێزی

شارەزا لە بواری زانستی ئابووری لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووریی زانکۆی سەلاحەدین بۆ گوڵان:

# لە کوردستان هیچ یەک لە سیستمە ئابوورییە ناسراوەکانی دنیا پەیڕەو ناکرێت، بۆیە ناتوانرێت بنەما زانستی و تەندروستەکانی ئابووری لەسەر ئەم هەرێمە پەیڕەو بکرێت

**تێگەیشتن لە واقیعی ئابووریی کوردستان لە دەوڵەتێکی شکستخواردووی ئاخنراو بە قەیرانی دارایی و ئابووری، کارێکی ئاسان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بە سیستم و فۆرمێکی شیاو و گونجاو هەنگاو بەرەو چارەسەرکردنی قەیرانەکان بنێین، بۆ قسەکردن لەسەر کێشە ئابووری و داراییەکان و چۆنێتیی چارەسەرکردنی، دیدارێکمان لەگەڵ سەنگەر سەربەست پسپۆڕی دارایی و بانکی و، مامۆستا لە بەشی دارایی و بانك لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووریی زانکۆی سەلاحەدین سازدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی داوە.**

**سیستمی ئابووری لە هەر شوێنێک، یان هەر وڵاتێکی جیهان پێویستی بە هەبوونی هەندێک بنەمای گشتی و زەمینەسازی هەیە، کە دەستەبەر بکرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت سیستمێکی ئابووریی گونجاو دابنرێت**

*** سەرەتا حەز دەکەین تێبینی و سەرنجتان لە سەر واقیعی ئابووریی هەرێمی کوردستان بزانین، ئایا دەتوانین بڵێین لە کوردستان سیستمێکی ئابووری هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت سەرجەم سێکتەرەکان بەرەو پێشەوە ببەین؟**

- بۆ تێگەیشتن لە ئابووریی هەرێمی کوردستان - عێراق سەرەتا پێویستە ئاماژە بە چەمکێکی ئابووری بدەین، کە بریتییە لە ئابووریی بڵق «Bubble Economy» کە ئاماژە بە بەرزبوونەوەی خێرای نرخی بازاڕ دەکات، بەتایبەت لە نرخی هەبووەکان «Assets» کە لە دوای ئەم هەڵئاوسانە دابەزینێکی خێرا دێتە ئاراوە لە بەهای ئەو هەبووانە، کە پێی دەگوترێت «داتەپین»، یان تەقینی بڵق «Bubble burst».

ئەم بارودۆخە ئابوورییە ڕوو دەدات لە کاتێکدا کە نرخی هەبووەکان بەرزتر بێت لە بەهای ڕاستەقینەیان، سەرباری هەبوونی ناهاوسەنگی لە پەرەپێدان بە کەرتە ئابوورییە جیاوازەکان. ئەو چەمکە دەکرێت پێناسەی ئابووریی هەرێم بکات لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوو بە ئێستاشەوە، ئەگەر بە هەمان ڕێڕەو بەردەوام بین. خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ زانستی ئابووری، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هیچ یەك لە سیستمە ئابوورییە ناسراوەکانی دنیا پەیڕەو ناکرێت «ئابووریی ئازاد، ئابووریی سۆشیالیستی، ئابووریی ئیسلامی، ئابووریی تێکەڵاو» بۆیە ناتوانرێت بنەما زانستی و تەندروستییەکانی ئابووری لەسەر ئەم هەرێمە پەیڕەو بکرێت، بەڵکو



فۆڕمێکی جیاوازە بۆ ئێمەی ئابووریناسان. هەبوونی سیستمی ئابووری لە هەر شوێنێك، یان هەر وڵاتێکی جیهان پێویستی بە هەبوونی هەندێك بنەمای گشتی و زەمینەسازی هەیە، کە دەستەبەر بکرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت سیستمێکی ئابووریی گونجاو دابنرێت، بەڵام ئەوەی کە زۆر گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بدرێت، ئەوەیە کە لە هەرێمی کوردستان گۆڕاو و بنەما ئابوورییەکان ئابووریی ئەم هەرێمە بەڕێوە نابەن، بەڵکو گۆڕاوی دیکە بەم کارە هەڵدەستن. بۆ بەرەوپێشبردنی سێکتەرەکانی ئابووریی هەرێم دەبێ زەمینەسازیی تەواو بکرێت، کە لە ئێستادا ئەم ویست و توانایە لە ئارادا نییە، لە بەر هەندێك گۆڕاوی ئابووری و نائابووریی ناوخۆیی و دەرەکی، بەڵام بە هەبوونی ویست و پێداچوونەوە و داڕشتنەوەی گۆڕاوەکان لەسەر بنەمای زانستی و سیستماتیك دەکرێت هەنگاوی زۆر گەورە بنرێت لەم بوارەدا، چونکە بەپێی ئاماژە و دەرئەنجامە بەردەستەکان دەرفەتی زۆر هەیە، بەڵام کات لە بەرژەوەندیی ئەم هەرێمەدا نییە.

*** ئایا پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی بەهۆی واقیعە سیاسییە خراپەکەوە تاچەند کاریگەریی لەسەر سێکتەرە ئابوورییەکانیش کردووە، بەتایبەتی ئەوەی پێی دەگوترێت پەیوەندییەکی سرووشتی و ئاسایی نێوان دەوڵەتی مەرکەزی و هەرێمی فیدڕاڵی؟**

- ئەو واقیعەی کە ئێستا دروست بووە لە نێوان هەرێم و ناوەند، زیانێکی زۆری بە هەر دوولا گەیاندووە، بەتایبەت بە هەرێمی کوردستان و دانیشتووانەکەی، بە شێوەیەك کە بەهۆی ئەم واقیعە تاڵە و بەشێك لە سیاسەتە ئابوورییەکانی ناوخۆی هەرێمەوە ئێستا هاووڵاتییانی هەرێم لە بارودۆخێکی دژواردا دەژین. ئەمڕۆ تێچوونی ژیان بەرز بووەتەوە بە شێوەیەکی مەترسیدار و ناسرووشتی، بەڵام داهاتی ڕاستەقینە و شیاو بۆ خەرجکردن بە شێوەیەکی مەترسیدارتر دابەزیوە، کە ئەمانە پێوەری ترسناکن بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری و تێکچوونی بنەما ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و، دواجار دەرئەنجامی مەترسیدار بۆ داهاتووی ئەم هەرێمە و دانیشتووانەکەی دێنێتەکایەوە. لە دەرئەنجامدا بە دڵنیاییەوە ئەم واقیعە دەبێتە هۆی زیاتر دواکەوتن

**لە هەرێمی کوردستان گۆڕاو و بنەما ئابوورییەکان ئابووریی ئەم هەرێمە بەڕێوە نابەن، بەڵکو گۆڕاوی دیکە بەم کارە هەڵدەستن**

**ئەو واقیعەی کە ئێستا دروست بووە لە نێوان هەرێم و ناوەند، زیانێکی زۆری بە هەر دوولا گەیاندووە، بەتایبەت بە هەرێمی کوردستان و دانیشتووانەکەی**

**تێچوونی ژیان بەرز بووەتەوە بە شێوەیەکی مەترسیدار و ناسرووشتی، بەڵام داهاتی ڕاستەقینە و شیاو بۆ خەرجکردن بە شێوەیەکی مەترسیدارتر دابەزیوە**

لە پرۆسەی پێشخستنی سێکتەرەکانی ئابووریی هەرێم، بە شێوەیەك کە جگە لە کەرتی نەوت کە پەیوەندیی بە بازاڕ و گۆڕاوە جیهانییەکانەوە هەیە، سێکتەرەکانی دیکەی ئابووریی هەرێم بە ڕێژەی جیاواز لە پاشەکشەیەکی دیاردان. تایبەت بە یاسا و ڕێسا و دەستووری عێراق کە ئایا تا چ ڕاددەیەك جێبەجێ دەکرێت و کێ کەمتەرخەمە لە جێبەجێکردنیان، باشتر وایە کەسانی شارەزا لەم بوارە بیروبۆچوونی خۆیان بخەنەڕوو و شیکردنەوەی زانستی و ئەکادیمیی پرۆفشناڵانەی بۆ بکەن.

*** نەبوونی سیاسەتی نەختینەیی و بێسەروبەریی بەڕێوەبردنی ئابووری کێشەی گەورەی قەیرانی دارایی خوڵقاندووە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە پێویستە لە کوێوە دەست پێ بکەین؟**

- سەرباری ئەوەی نەخۆشیی گەورەی ئابووریی ئەم هەرێمە ئەوەیە کە فۆڕمێکی ئابووریی زانستیی دیاریکراوی نییە، تا بنەماکانی دیار بن و تەنیا گۆڕاوە ئابووریی و زانستییەکان نین کە بڕیاردەرن لەم لایەنەوە، بەڵکو گۆڕاوی دیکە لە سەرووی گۆڕاوە ئابوورییەکانەوە هەن، کە زەمینەیەکیان خوڵقاندووە و بەردەوام کێشەی جۆراوجۆری ئابووری و دارایی لێ دروست ببێت، سەرئەنجام بارودۆخی دارایی تووشی گرفت و داڕووخان دەبێتەوە، چونکە ئەم کێشانە سەرباری هەبوونی کاریگەریی ڕاستەوخۆ و بەرچاو لەسەر ئابووری و دارایی، کاریگەرییەکی دیکەشیان هەیە، کە لایەنی دەروونی و پێشبینییە، بە شێوەیەك ئەم بارودۆخە کاریگەریی نەرێنی لەسەر لایەنی دەروونیی هاووڵاتییانی هەرێم هەیە و، بووەتە هۆی ڕەشبینی و، لە دەرئەنجامدا دروستکردنی دڵەڕاوکێ لە بڕیارە ئابووری و داراییەکان، کە هێندەی دیکە کاریگەریی لەسەر دژواریی ئەم دۆخە کردووە. پێشبینیی زاڵبوون بەسەر ئەم بارودۆخە دژوارەی ئەمڕۆدا بەو پێوەر و ئامرازانەی ئێستا کارێکی ئەستەمە، بۆیە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم بارودۆخەدا پێویستە ئامراز و بیروهزری نوێ بخەینە کار و سوود لە بنەما زانستییەکان و شارەزایانی ڕاستەقینە ببینین لەم بوارەدا و، بەرژەوەندییەکان وەلابنرێن و ڕووبەڕووی گەندەڵی ببینەوە، بە مەبەستی خزمەتکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی و بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان، لە چوارچێوەی ژیانێکی شەرەفمەندانە و دواجار داگیرکردنی شوێنێك لە بازاڕی ئابووریی جیهاندا.

*** کەرتی بانکی لە هەرێمی کوردستاندا گیرۆدەی کۆمەڵێك گرفتی گەورە بووە، دەکرێت بزانین گرنگترین ئەو کێشانەی کەرتی بانکی گیرۆدەی بوون چییە؟**

- هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە وڵاتی عێراقی



تازەپێشگەیشتوو، سەرباری ئەوەی توانای دانانی سیاسەتی نەختینەیی و دارایی نییە، وابەستەشە بەو کێشانەی ڕووبەڕووی کەرتی بانکیی عێراقی بوونەتەوە، گەورەترین کێشە و لاوازی ئەوەیە کە تائێستا هیچ بانکێك نییە سەرجەم خزمەتگوزارییە بانکییەکان بەپێی ستانداردە جیهانییەکان پێشکەش بکات، لەم خاڵە سەرەکییەوە کێشەکانی دیکە کۆبوونەتەوە، وەك دواکەوتوویی ئاستی خزمەتگوزارییە بانکییەکان، لاوازیی کەلتووری وەبەرهێنانی دارایی، لاوازیی ڕۆشنبیریی بانکی لە کۆمەڵگەدا، بەرز و نزمیی ئابووری کە بەشێکی پەیوەندی بە پەیکەربەندیی ئابووریی عێراق و هەرێمەوە هەیە، بە جۆرێك کە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بە کەرتی نەوت و، وەك ئاماژەمان پێ دا کە بازاڕی نەوت پەیوەندیدارە بە گۆڕاوە جیهانی و دەرەکییەکان، بۆیە دەکرێت ڕووبەڕووی بەرزی و نزمی ببێتەوە و کاریگەریی نەرێنی دروست بکات لە سەر دروستکردنی سەقامگیریی ئابووری و دارایی، چونکە داهاتی وڵات بە ڕاددەیەکی زۆر پشت بەو کەرتە دەبەستێت. کێشەیەکی دیکە بریتییە لە نرخی ئاڵوگۆڕی دراو و دابەزاندنی بەهای دراوی عێراقی، کە بووەتە هۆی زیادبوونی تێچوون و دابەزینی داهاتی ڕاستەقینە و شیاو بۆ خەرجکردن، لە دەرئەنجامدا کەمیی پاشەکەوت و ئاراستەکردنی بەرەو بانکەکان و بەکارخستنەوەی لە ڕێگەی ئەو بانکانەوە بۆ وەبەرهێنانی ڕاستەقینە.

کێشەیەکی دیکە بریتییە لە بەرتەسکیی بازاڕی دارایی و نەختینەیی، بە شێوەیەك کە تا ئێستا نەتوانراوە زەمینەسازیی تەواو بکرێت بۆ دامەزراندنی بازاڕی لەو جۆرە و سوودوەرگرتن لەو خزمەتگوزارییانەی کە ئەو جۆرە بازاڕانە، بۆ وەبەرهێنان و بەکارنەخستنی سەرمایەی تەواو لەلایەن سەرمایەدارانەوە لەو بازاڕەدا دەستەبەری دەکەن، هەبوونی چەندین کێشە لە شێواز و چۆنیەتیی ئەو واقیعەی کە لە مامەڵەکانی ئەم جۆرە بازاڕە دێتە ئاراوە. لاوازیی ئاستی بانکە تایبەتمەندەکان و ئەو خزمەتگوزاییانەی کە بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستی و پارەدارکردنی گونجاو بۆ هەموو سێکتەر و بوارە جیاوازەکانی ئابووری پێشکەشی دەکەن، کێشەیەکی دیکەیە، سەرباری هەبوونی کێشەی متمانە لە نێوان بانك و کۆمەڵگەدا، لە دەرئەنجامی مێژوویەکی تاڵ لە نادڵنیایی بە هۆی کێشەی ئابووری و دارایی و ڕامیاری و جەنگ، کە بە هەمان شێوە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ئاست و بڕی سەرمایەی ئاڵوگۆڕپێکراو لە ڕێگەی کەرتی بانکییەوە هەبووە، بە ئاراستەی خزمەتکردنی ئابووریی وڵات. کێشەیەکی دیکە پاشکۆیی بانکەکانە بە جۆرێك کە لە هەندێك حاڵەتدا بە ئاراستەی خزمەتکردنی ئاراسەتەیەك، یان بزنێسێك، یانیش جۆرە پڕۆژەیەکی دیاریکراو، بە جۆرێکە کە ئەو بانکانە وەك پاشکۆیەك و دامەزراوەیەك کاردەکەن، کە کاریان تەنیا خزمەتکردنی ئەو بوارانە بێت، کە ئاماژەیان پێ درا. کێشەیەکی دیکە بریتییە لە لە لاوازیی سیستمی دارایی و نەختینەیی لە وڵاتدا، ئەمەش بە هۆی بارودۆخی سیاسی و نەبوونی توانا و زەمینەسازی لەو کەرتەدا، بە ئاراستەی دارشتنەوەی ئەو دوو سیستمە بە شێوەیەکی سەردەمییانە و پێشکەوتوو و گونجاو، کە لەگەڵ بنەماکانی ئەم کۆمەڵگەیە و دوور لە بەرژەوەندی و کاریگەریی نەرێنی ڕامیاری.

**جگە لە کەرتی نەوت کە پەیوەندیی بە بازاڕ و گۆڕاوە جیهانییەکانەوە هەیە، سێکتەرەکانی دیکەی ئابووریی هەرێم بە ڕێژەی جیاواز لە پاشەکشەیەکی دیاردان**

**گەورەترین کێشە و لاوازی ئەوەیە کە تائێستا هیچ بانکێک نییە سەرجەم خزمەتگوزارییە بانکییەکان بەپێی ستاندارە جیهانییەکان پێشکەش بکات**

**دابەزاندنی بەهای دراوی عێراقی، کە بووەتە هۆی زیادبوونی تێچوون و دابەزینی داهاتی ڕاستەقینە و شیاو بۆ خەرجکردن**

**کێشەی متمانە لە نێوان بانک و کۆمەڵگەدا، لە دەرئەنجامی مێژوویەکی تاڵە لە نادڵنیایی بە هۆی کێشەی ئابووری و دارایی و ڕامیاری و جەنگ**

# دایکی نموونە دەبێ چۆن بێ؟

**دایک ئەو کەسەیە کە ڕەزامەندیی وی لە دوای ڕەزامەندیی خوداوەندەوەیە**

**دایک ئەو کەسەیە کە بەدەستهێنانی بەهەشتی لەژێر پێدایە**

دایک ئەو کەسەیە کە دووبارەبوونەوەی نییە

دایک ئەو کەسەیە کە ڕەزامەندیی لە دوای ڕەزامەندیی خوداوەندەوەیە. دایک ئەو کەسەیە کە لەدوای سۆزو میهرەبانیی خوداو پێغەمبەرەکەی سۆز و میهرەبانیی ئەوە. دایک ئەو کەسەیە کە بەدەستهێنانی بەهەشتی لەژێر پێدایە، دایک و دایک ودایک و...هیتر.

بۆیە دایک قوتابخانەی گەورەی پێ دەگوترێت لەبەر ئەوەی یەکەم وێستگەی ژیانی هەمو مرۆڤایەتییە، بۆیە پیاو پێش ئەوەی هاوسەرگیری بکات، دەبێ بزانێت چ جۆرە کچێک بۆ هاوسەرگیری هەڵبژێرێت.

١ : قال رِسول الله (ص): (تَزَوَّجُوا الوَدُودَ الوَلودَ، فإني مُكَاثِرٌ بكم الأنبياءَ يومَ القيامةِ).

واتە: هاوسەرگیری لەگەڵ ئە ئافرەتانە بکەن کە میهرەبان و لێبووردەو نەرمونیانن و منداڵیان دەبێت (ئارەزووی منداڵبوونیان هەیە) .

٢ : قال رِسول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (تُنْكَحُ الْمَرْأَةُ لأَرْبَعٍ: لِمَالِهَا، وَلِحَسَبِهَا، وَلِجَمَالِهَا، وَلِدِينِهَا، فَاظْفَرْ بِذَاتِ الدِّينِ تَرِبَتْ يَدَاكَ) رِواه البخاري مسلم .

واتە: خەڵکی لە پێناو چوار شت هاوسەرگیری دەکەن، یەکەم: لەپێناو سەروەت و سامانی، دووەم: لەپێناو ناوبانگی خۆی و بنەماڵەی، سێیەم: لەپێناو ڕوخسار وجوانی، چوارەم: لەپێناو دینداری. ئینجا پێغەمبەر(د.خ) فەرمووی: دینداری پێش بخەن، دەستی خۆتان دەبەنەوە. کەواتە مەرجی یەکەمتان دینداری بێ، ئەگەر سێ خاڵەکەی دیکەشی هەبێ، باشتر،بەڵام ئەگەر هەرسێ خاڵی پێشتری هەبێت و دینداری نەبێت، ئەوە هاوسەرگیرییەکی باش وبەختەوەرنابێ .

بۆیە دایک دەبێ بەلای کەمی ئەم خاڵە گرنگانەی هەبێت، بۆ ئەوەی ببێت بە دایکێکی نموونە:

١ : ئەو دایکەی کە خووی بەوەوە گرتووە بیبەری توون بکاتە چێشتەوە، کاتێک منداڵەکانی گەورە دەبن، حەزیان لە بیبەری توونە! کەواتە دایک دەبێت نەرمونیانیی ژیان فێری منداڵە چاوگەشەکانی بکات.

٢ : ئەو دایکەی کە ڕاهاتووە خوێی کەم بکاتە چێشتەوە، منداڵەکانی کە گەورەبوون، حەزیان لە چێشتی کەم خوێیە .

کەواتە دایک دەبێ منداڵەکەی فێری قەناعەت بکات بەو بەشەی لەژیاندا هەیەتی. گرنگ نییە چ تامێکی هەیە، گرنگ ئەوەیە لەزەت لەژیان ببینێت، دڵخۆشی بەهەبوون ودەوڵەمەندی نییە، بەڵکو بە ڕازیبوونە بەو بەشەی هەیتت .

٣ : ئەو دایکەی کە زەمی خەڵک دەکات و بە خراپە باسی هاوسەر و دراوسێ و خزم و ناسیاوەکانی دەکات، منداڵەکانی کە گەورەبوون، غەیبەت دەبێتە وێردی سەر زمانیان!

بۆیە دایک هیج کات نابێت غەیبەت و باسی خەڵکی دی بکات، بەتایبەتی لەپێش منداڵەکانی.



مەلا ڕەعد نووری ئۆمەربلی

کارگێڕ و وتەبێژی لقی هەولێری یەکێتیی
زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان

٤ : ئەو دایکەی بەسۆز و میهرەبانە لەگەڵ منداڵەکانی، کە گەورەبوون، میهرەبان دەبن! ئەوانە دەبێ دایك منداڵەکانی لەسەر پەروەردەبکات و ڕاهێنانیان پێ بکات لەسەر سۆز و میهرەبانی و لێبوردەیی و قەبوولکردنی بەرامبەر بۆ ئەوەی منداڵەکانی سوودمەندی وانەکانی ژیانی دایکیان بن.

٥ : ئەو دایکەی لەبەرچاوی منداڵەکانیەوە دزی دەکات، کە منداڵەکانی گەورە لابوون، دز دەردەچن! واتە هەرکات دایك لەبازاڕ و دووکان، یان لەسەر پیکاب و عەرەبانەی گەڕۆکی نێو کۆلانەکان دزی کرد، یان لە پێش چاوی منداڵەکانی دەستی کرد بە بەرکی هاوسەرەکەی و بە نهێنی بڕە پارەیەکی دەرهێنا، کە بێ ئاگاو بێ ڕەزامەندیی هاوسەرەکەی دەبیات، ئەوە ڕاستەوخۆ منداڵەکانی بە بینینی ئەو هەڵسوکەوتە ناپەسەندانە ئەوانیش فێری دزی دەبن و زۆر بەزەحمەت دەتوانن واز لە دزیکردن بێنن .

٦ : ئەو دایکەی لەبەرچاوی منداڵەکانیەوە درۆ دەکات، کە منداڵەکانی گەورە بوون، درۆزن دەردەچن!

یەکێکی دی لەو ڕەفتارە خراپانەی منداڵ لە دایکیان فێری دەبن، درۆکردنە. ئەها کاتێك پیاو دەگەڕێتەوە ماڵ، لەبەر کارێکی خەراپ کە لەماڵ ڕووی داوە، ئەو ژنە دەست دەکات بە درۆکردن بۆ هاوسەرەکەی بۆ داپۆشینی ئەو کێشەو گرفتانەی ڕوویانداوە، بۆیە بەبینینی ئەم ڕەفتارانە منداڵەکە فێری درۆ دەبێت و کاتێك گەورە دەبێت و هەر پۆستێك وەربگرێت وببێت بە بەرپرسیاریش هەرخەریکی درۆکردن دەبێت لەگەڵ خەڵکی.

٨ : ئەو دایکەی کە نوێژ ناکات و لە نوێژەکانیدا کەمتەرخەمە، کە منداڵەکانی گەورە بوون، گرنگی و بەهای نوێژ نازانن و نایکەن!

لەمەشیان کە بەکەسێك دەڵێی بۆ نوێژ ناکەیت؟ یەکسەر دایك و باوکی دێتە پێش چاو و دەبینێت ئەوان نوێژیان نەکردووە، یەکسەر بیر لە بێ بەهایی نوێژدەکات و قسەکانی تۆی پێ گرنگ نییە .

٩ : ئەو دایکەی کە هەست بە چاودێریی خودا دەکات و درۆ ناکات و دزی ناکات و غەیبەت ناکات و قسەی خراپ ناکات و نوێژەکانی دەکات و لەچك دەکات، کە منداڵەکانی گەورە بوون، وەك ئەو دەبن، کەواتە ئێستە دەزانین کە کەسێکی ڕاستگۆ و چاك و خزمەتکاری خەڵکو لێبووردە دەبێ ئەوە بزانێ کە دایکێکی گەورە و میهرەبانی هەبووە و لە قوتابخانەیەکی نموونەیی دەرچووە، چونکە دایکێکی نموونەیی هەبووە.

١٠ : زۆر بە سادەیی

پەروەردەی منداڵ سەرەتا پێویستی بە پەروەردەی خودی دەروونی خۆتە، ئافرەت شوان و چاودێری منداڵەکانیەتی و بەرپرسیارە لێیان!

**ئەو دایکەی کە هەست بە چاودێریی خودا دەکات و درۆ ناکات و دزی ناکات و غەیبەت ناکات و قسەی خراپ ناکات و نوێژەکانی دەکات و لەچک دەکات، کە منداڵەکانی گەورە بوون، وەک ئەو دەبن**

**کەسێکی ڕاستگۆ و چاک و خزمەتکاری خەڵکو لێبووردە دەبێ ئەوە بزانێ کە دایکێکی گەورە و میهرەبانی هەبووە و لە قوتابخانەیەکی نموونەیی دەرچووە چونکە دایکێکی نموونەیی هەبووە**

### گوڵاڵە پشدەری چالاکی بواری شێرپەنجە:

# تابۆی ئەوەم شکاند و وەک ژنێکی کورد بۆ یەکەمجار بە ڕاشکاوانە باسی شێرپەنجەی خۆم کرد

**گوڵاڵە پشدەری، بڕوانامەی بکالۆریۆسی لە پەرستاری هەیە و، وەك تووشبووێکی شێرپەنجەی مەمك حەز و خولیای لە کاری خۆبەخشییە لە پێناو هاوچارەنووسانیدا (تووشبووان بە شێرپەنجەی مەمك) و دامەزرێنەری سەنتەری پەنایە بۆ پشتیوانی لە تووشبووان بە شێرپەنجە لە کوردستان و دانیشتووی شاری ئەمستردامی هۆڵەندایە، خاوەنی یەك پەرتوك و یازدە نامیلکەی تایبەت بە نەخۆشیەکانی شێرپەنجەیە، ئەندامی چالاکی کۆمەڵەی شێرپەنجەی مەمکە لە هۆڵەندا، خەڵاتی ماڵباتی شاهانەی هۆڵەندای پێ بەخشراوە، لەم دیمانەیەشیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، باس لە وێستگەکانی ژیانی خۆی لەگەڵ شێرپەنجە دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



هاوکات لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی ڕووبەڕووبوونەوەی شێرپەنجە کە دەکاتە ٤ی شوبات، گوڵاڵە پشدەری خانمە چالاکی مەدەنیمان بەسەر کردەوە کە خۆی یەکێك لە تووشبووانی شێرپەنجەیە و بەمجۆرە باسی ئاریشەکانی ژیانی خۆی و ئیرادەی ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشییەکەی کرد:

«لە سەرەتادا شۆك بووم و پێی شڵەژام، بەڵام وانەیەکی پاکی خوایی بوو کە پێی گوتم، ئەی ژن ئارام بگرە و بەهێز بە و ژنانی لاواز هاوکاریی تۆیان پێویستە، کاری خۆبەخشی لە مندا بە هۆی هەڵگرتنی باری گرانی ئەو نەهامەتییانەی ژیانە کە وەك ژنێکی کورد هەم لە نیشتمان و هەم لە هەندەران ڕووبەڕووی بوومەوە. سەرەنجام خەم و ناخۆشیم گۆڕا بە هێزی بوێری و هەستکردن بە ئازاری بەرامبەر تاکو بێمە مەیدان و باسی بکەم و، ئەو کەلێنانە نیشان بدەم بۆ کارکردن لەسەریان لە ناو کۆمەڵگەدا، یان قامك لە سەر برین دابنێم بۆ چاککردنەوە و پێشگیریکردن و خۆپارستن نەك تەنیا لە بەرژەوەندیی خۆم بەڵکو بۆ هەمووان بووە، سێزدە ساڵ پێش ئێستاش لە (ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧) و لە ڕێگەی شاشەی کوردستان تی ڤی لە ڕاپۆرتێکدا ڕاشکاوانە باسی ئەزموونی نەخۆشیی خۆم و خەمەکانم و قۆناغەکانی جیاجیای دۆزینەوەی نەخۆشیی شێرپەنجەی مەمك و چارەسەری و دواچارەسەریشم کرد، هەتا لە مەمکی دەستکرد (سلیکۆن و مەمکدان/ستیان) دوام بۆ بینەرانی تی ڤی و کاڵاکانی پێویستم پێ نیشان دان، دواتریش بە بەشداری و ئەندامبوونم لە چەند ڕێکخراوی تایبەت بە شێرپەنجە لەگەڵ هۆڵەندییەکان

توانیم زانیاریی زیاتر کۆبکەمەوە و هەمان زانیاری بۆ هاوچارەنووسانی کوردستانم بەکار بهێنم و باشتر ڕێنماییان بکەم، یەکەم هەنگاویش بۆ بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجە ‹›لابردنی پەردە لە سەر نەخۆشیی شێرپەنجە و ناوهێنانی مەمك بوو. یەکەمجار بوو کە تابۆی لەسەر لابردرێت و لە زمانی ژنێکی کوردەوە بە ڕاشکاوانە باسی شێرپەنجەی خۆی بکات. بەو شێوەیە ڕێگەم بۆ هاوچارەنووسانم خۆش کرد کە بێن و پرسیار گومانەکانیان لەگەڵ من باس بکەن. ئەزموون ئاڵوگۆڕ بکەین و کەڵك لێك وەرگرین».

گوڵاڵە پشدەری لە تەوەرێکی دیکەی ئاخافتنەکەیدا باسی ئەوەی کرد کە سەنتەری پەنا-ی لە پایەتەختی کوردستان وەك ناوەندێکی ڕاوێژکاری و بۆ پشتیوانیکردنی باری دەروونیی ئافرەتانی تووشبووی شێرپەنجە دامەزراندووە و هەر لەو بارەیەوە گوتی: «جگە لە ڕاوێژکاری، پێدانی مەمکی دەستکرد و پێداویستییەکانی دیکەی وەك نامیلکە و پەرتووکەکانی کەم قەبارە لە بارەی شێرپەنجە و وەرگرتنی کیمیایی لە کارەکانی ئێمەیە و لە پەنای کاروچالاکییەکانی جۆراوجۆریشم دە نامیلکە یان پەرتووکی کەم قەبارەم لەسەر شێرپەنجە ئامادە کردوون و بە سپۆنسەری وەزارەتی تەندروستی و فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی کوردستان بە چاپم گەیاندوون و لە کۆڕ و سیمینارەکاندا و هەروەها لە ناو نەخۆشخانەکانی نانەکەلی لە هەولێر، هیوا لە سلێمانی و ئازادی لە دهۆك بڵاوم کردوونەتەوە. نامیلکەکان بۆ نموونە لەسەر شێرپەنجە و زوو دۆزینەوە و خۆپاراستن و نیشانەکانی شێرپەنجەیە، هەروەها لە سەر شێرپەنجەی مەمك و شێرپەنجەی سییەکان، شێرپەنجەی ڕیخۆڵەکان و پرۆستات و چارەسەری کیمیایی، چارەسەری تیشك و هیوا کیمۆ و...هتد لە هۆڵەنداش پەرتووکی ٢١ تیشك (ئاماژە بە تیشکەکانی ئاڵای نەتەوەکەم) و ئاوتۆبایۆگرافی خۆم وەك ژنە کوردێك لە ٢١ چەپتەردا بە چاپ گەیاندووە، کە باسی لایەنەکانی سیاسی، کەلتووری، کۆمەڵایەتی و شەڕ و پەنابەری و لە کۆتاییشدا باسی شێرپەنجەی مەمك و ئەزموونی تووشبوونم کردووە، بە فرۆشتنی ئەو پەرتووکەم توانیومە چەند ساڵی یەکەم مەمکی دەستکرد کۆ بکەمەوە و بە ژنانی هاوچارەنووسم لە کوردستان بە بێ بەرامبەر پێشکەشیان بکەم».

گوڵاڵە پشدەری ئەوەشی خستە ڕوو کە ئەندامی «گەورە ڕێکخراوی شێرپەنجەی مەمك لە هۆڵەندا» یە و هەروەها «ڕێکخراوی مامارۆزا» کە تایبەتە بۆ شێرپەنجەی مەمك لە کۆچبەراندا، توانیویەتی بە بەستنی کۆڕ و سیمینار زانیاری بە ئەو ئافرەتانە ببەخشێت کە «بەشدار و خوازیاری زانیاری بوون بە زمانێکی سادە، ئینجا کوردی بووبێت، یان بە زمانی سادەی هۆڵەندی، یانیش بە وەرگێڕ بۆ عەرەبی و تورکی بووە.» گوتیشی: «لە ناو ڕێکخراویش بەردەوام هەوڵ دەدەم کەسانی چالاك بێنمە ناو ڕێکخراو و لەگەڵ هاوکارانم ڕاهێنان بەو کەسانەی خۆبەخش دەکەین کە خۆیان بۆ بەخشینی ڕێنمایی لەسەر شێرپەنجەی مەمك ئامادە دەکەن، هەفتانەش گردبوونەوەم لە ئامستردام بە کۆمەڵێك نەخۆشی هاوچارەنووس و تووشبوو بە شێرپەنجەی مەمك دەکرد و هەرجارە باسی بابەتێك دەکرا، کە یەکێك بوو لە دواکێشەکانی دوای تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمك، بۆ نموونە شێرپەنجەی مەمك و دواکێشەکانی چارەسەری کیمیایی، هۆرمۆنەکان، بیمە و دڵنیایی تەندروستی، بارودۆخی ناو خێزان و منداڵ و کێشەی سێکسی، یان باری نائاسایی نێوان ژن و پیاو دوای نەخۆشی و جیابوونەوەی هاوسەرانیش یەکێك لە تەوەرەکانی بووە».

گوڵاڵە پشدەری سەبارت بە چالاکی و هاوکارییەکانی زیاتر دەڵێت: «هاوکاریی من بۆ هەمووان بێ سنوورە و بێ جیاوازی ڕەگەزی و نەتەوەیی وەك مرۆڤێکی خوا هەمووان بە یەك چاو دەبینم کاتێك کە نەخۆشن، بەڵام بۆ ژنانی کورد و پەنابەر برێك زیاتر خۆ ماندوو دەکەم، چۆنکە دەزانم ئەوان زیاتر لە گەلانی دیکە لە خۆشییەکانی ژیان بێبەش بوون.» باسی ئەوەشی کرد کە « مامەڵەکردن لە گەڵ نەخۆشیی شێرپەنجە ئاسان نییە، چونکە ئەم نەخۆشییە نە تەنیا گۆڕانکاری جەستەیی بەڵکو دەروونی و کۆمەڵایەتیشی پێوەیە. بۆ نموونە ئەم هەستەی ترس و دڵەڕاوکێیەی کە تووشبوو بە شێرپەنجە هەیەتی کاریگەری دەخاتە سەر باری کۆمەڵایەتیشی.ئەم سێ گۆشەیە کە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی شێرپەنجە لە زۆربەی حاڵەتدا هاوسەنگی لە دەست دەدات و کەسی تووشبوو دەکەوێتە ناو بارودۆخێکی دژوار.» گوتیشی: «خۆشبەختانە٢٠٪ی تووشبووان بە ڕێگەی چارەسەری پێویست و ڕێکوپێك شانسی مانەوەیان لە ژیاندا زیاترە و تا ئێستا هۆی تووشبوونی ئەم جۆرە شێرپەنجەیە بەڕاستی دیاری نەکراوە یان نەدۆزراوەتەوە».

سەبارەت بە چارەسەری شێرپەنجەی مەمکیش باسی ئەوەی کرد کە «Operation چارەسەری بە ڕێگەی نەشتەرگەرییە، واتە بڕینەوەی تەواوی مە Amputation یان بڕینەوەی تەنیا گرێیەکە و چوار سەنتیمەتەر بە دەوری بازنەیی گرێیەکەدا .Lumpectomy لە کاتێکدا کە لیمفەکانی بن باڵیش تووشی شێرپەنجە بووبن، ئەوانیش، لە کاتی نەشتەرگەریدا هەڵدەگیردرێن، ئەوەش کاریگەری هەیە بۆ هاتوچۆی ماددەی شلەمەنی و خوێن لە قۆڵدا، کە لەوانەیە ببێتە هۆی ئاوسانی باسك. هەروەها زۆر جار دوای بڕینەوەی مەمك دووبارە مەمکی نوێ بە ڕێگەی نەشتەرگەریی جوانکاری دروست دەکرێتەوە کە بۆ ئەو مەبەستە بە دوو ڕێگە یەك لە چەوریی زگ یان لە پشت سوود وەردەگیردرێت Breastreconstruction واتە.

- چارەسەری بە ڕێگەی تیشکی ڕادیۆئەکتیف Radiotherapy، یەکێك لە دواکێشەکەی ماندووبوونە و سووتانی ئەو شوێنەیە کە تیشکی لێ دەدرێت، یان ڕادیۆتراپی دەکرێت.

-چارەسەری بە ڕێگەی کیمیایی -Chemotherapy لە زۆر بواردا شەش جار پێویستە و ئەویش کێشە و گرفتی خۆی هەیە».

**نەخۆشییەکەم وانەیەکی پاکی خوایی بوو کە پێی گوتم، ئەی ژن ئارام بگرە و بەهێز بە و ژنانی لاواز هاوکاریی تۆیان پێویستە**

**کاری خۆبەخشی لە مندا بە هۆی هەڵگرتنی باری گرانی ئەو نەهامەتییانەی ژیانە کە وەک ژنێکی کورد هەم لە نیشتمان و هەم لە هەندەران ڕووبەڕووی بوومەوە**

**بە بەشداری و ئەندامبوونم لە چەند ڕێکخراوی تایبەت بە شێرپەنجە لەگەڵ هۆڵەندییەکان توانیم زانیاریی زیاتر کۆبکەمەوە و هەمان زانیاری بۆ هاوچارەنووسانی کوردستانم بەکار بهێنم**



### کۆژین هیوا:

# لە ژیاندا متمانە بەخۆبوون هەموو کات وات لێ دەکات سەرکەوتووبیت

دەستڕەنگینی و چنین و رستن بەهرەیەکی نامۆ نییە بە خانمانی کورد، ئافرەتی کورد بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بەهرەی دەستڕەنگینیان هەبووە و بە دەست و پەنجەکانیان کەل و پەل و پێداویستی ناوماڵیان دروست کردووە، تەنانەت هەندێك جار بەرهەمە دەستکردەکانیان بۆ دابینکردن یان بەشداریکردن لە دەستەبەری بژێوی خێزان فرۆشتۆتەوە. تەنانەت ئافرەت هەبووە سەرپەرشتی خێزانێکی گەورەی کردووە و لە داهاتی بەرهەم و کارە دەستییەکانی منداڵەکانی بەخێو کردووە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

کۆژین هیوا کچە لاوێکی دەسترەنگینی دانیشتووی قەزای سەیدسادقی سەر بە پارێزگای سلێمانییە، لە ساڵی ١٩٩٦ لە دایك بووە، وەك خۆی باسیدەكات زانکۆی تەواو کردووە بەڵام لە هەلی دامەزراندن سوودمەند نەبووە، ئەوان سێ خوشکن لە ماڵەکەی خۆیاندا ئەو کاری چنین دەکەن و خاوەنی (پەیجی سوفی کوردە) ن بۆ کاری دەستی، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان بەمجۆرە باس لە بەهرەکەی دەکات.

«دەرچووی زانکۆی سلێمانیم بەشی ژمێریاری ساڵی ٢٠١٦ ئێمە سێ خوشکین پێکەوە کاری چنین بە سوف ئەکەین، لە ڕاستیدا من لە خوشکەکەمەوە فێر بووم، خوشکەکەم هونەر و بەهرەکانی خولیای منداڵێتی بوو، ئەو حەزی لە چنین بوو بە سوف منیش کە ئیشەکانیم ئەبینی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر حەزم ئەکرد فێربم و چەند جارێك هەوڵمدا سەرکەوتوو نەبووم، بەڵام وازم نەهێنا هەتا توانیم سەرکەوتووبم، لەوەوە گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە هەموو کارێك پێویستی بە هەوڵدان و تێکۆشانە، هەر کارێك بۆ فێربوون و پێشکەوتن بێت دەبێت کۆڵ نەدەی و دەستبەرداری نەبیت، ئێمە ماوەی ساڵ و نیوێکە ئەو کارە ئەکەین سوپاس بۆ خودا کڕیارەکانمان کارەکانیان زۆر بەدڵە، سوپاس بۆ خودا هیچ ڕێگرێك نەبوو لە بەردەم کارەکەمان، تەنانەت هەموو ئەندامانی خێزانەکەمان کە کارەکانیان ئەبینی هانیان ئەدایین زیاتر بەردەوام بین، ئێمەش ئەمڕۆ بە هاندان و پاڵپشتی ئەوانەوە سەرکەوتووین، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هاندان و پاڵپشتی و پشتگیری خانەوادەکانمان هۆکاری یەکەمی سەرکەوتنەکانمانە».

سەبارەت بە داهاتووی کارەکەیان کە ئایا چ پرۆژەیەکیان لە داهاتوودا هەیە، ئەو خانمە لاوە گوتی: پشت بە خوا بۆ داهاتوو پرۆژەمان هەیە برەو بە کارەکەمان بدەین و هەر کاتێك کات و دەرفەتی گونجاومان بۆ ڕەخسا شوێنێکی تایبەت بە خۆمان بکەینەوە. چونکە تا ئێستا دانەمەزراوم دەمەوێ سوود لە کاتە بەتاڵەکانم وەربگرم و ئەو کارە بکەین، خوشکێکم مامۆستایە خوشکەکەی تریشم ماوەی ١٠ ساڵە خوێندنی تەواو کردووە و دانەمەزراوە، بۆ ئەم بارودوخ و سەردەمەی ئێستا کارکردنی ئافرەت زۆر گرنگە چونکە کۆمەڵێك بەهرە هەیە تەنها لە ئافرەتان بوونی هەیە لە پیاوان بوونی نییە، بۆیە زۆر گرنگە ئافرەتانیش هاوشانی پیاوان کاربکەن بە دڵنیاییەوە ئابووری سەربەخۆ زۆر گرنگە بۆ هەموو تاکێك لە هەر کۆمەڵگایەك بێت و ئافرەتانیش بەشێکی دانەبڕاوی کۆمەڵگەن، هیوادارم هەموو خانمان کە بەهرەیەکیان هەیە بۆ خستنەرووی بەهرەکەیان بجەنگن و ڕووبەڕووی هەموو ئاستەنگەکان ببنەوە، چونکە کارکردن هەر جۆرێك بێت عەیب نییە بەڵکو کارکردن بۆ هەم بۆ ژنان و هەم بۆ پیاوان شەرەفێکی گەورەیە و سامانێکی لە بن نەهاتووە.

لە بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان بەهۆی قەیرانی دارایی و پەتای کۆرۆنا پێویست دەکات ئافرەت و پیاو بەیەکەوە کاربکەن و بژێوی ژیانێکی شایستە بۆ خۆیان و خێزانەکانیان دەستەبەر بکەن، لە ڕابردوودا لە ماڵێك یەك کەس کاری دەکرد خێزانێکی گەورەی بەڕێوەدەبرد، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی پێشکەوتن و گۆڕانکاری لە جۆری ژیانکردن وا پێویست دەکات زیاتر لە کەسێك بژێوی خێزان دابین بکات.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا تاچ ئاستێك بڕوا و متمانە بوون بە تواناکان سەرکەوتن و پێشوەچوونی زیاتر مسۆگەر دەکات؟ کۆژین هیوا دەڵێت:» بە دڵنیاییەوە زۆر گرنگە، تەنانەت منیش متمانەم بە خۆم و تواناکانم هەیە، لە ژیاندا متمانە بەخۆبوون هەموو کات وات لێ ئەکات سەرکەوتووبیت هەموو ئەندامانی خێزانەکەشمان متمانەی تەواویان هەیە بۆ ئەوەی سەربکەوین وکاری جوانتر بخەینە بەردەم ئازیزان و هەموو ئاشقانی کاری دەستی، ئێمە خاوەنی پەیجی سوفی کوردەین بۆ کاری دەستی لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیا بەرهەمەکانمان ئەفرۆشین کڕیارەکانمان لەوێ ئاگادارمان ئەکەنەوە ئێمەش بەپێی خواستی خۆیان ڕەنگ و قیاس و مۆدێلمان بۆ ئەنێرن بەو جۆرە بۆیان دروست ئەکەین، لە فەیس بووك و ئینستا گرام پەیجمان هەیە».






# هونەری شانۆ لە هەولێر



موحسین محەمەد

بۆ گوڵانی نووسیوە

پەیدابوونی هونەری شانۆ بە شێوازی ئەورووپی لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، کە شانۆگەریی سەڵاحەدینی ئەیووبی لە نووسینی نەجیب حەداد لەلایەن قوتابیان و مامۆستایانی قوتابخانەی (ئەربیل ئولا) لە پاییزی ساڵی ١٩٢١ بە زمانی عەرەبی نمایش کراوە. ئەم شانۆگەرییە لە ژێر کاریگەریی وەرگرتن لە شانۆی موسڵ وەرگیراوە، کە هەمان ساڵ لە دەرهێنانی ئەندازیار ئەرشەدەفەندی ئەلعەمەری لەو شارە نمایش کراوە. ئەوانەی کە لە هەولێر بەشداریی نمایشەکەیان کردووە، بریتی بوون لە (عەبدوڵا عەزیز کارگەچی، غەریب

سەلیم، حیسامەدین یەحیا، عەبدولموتەلیب سەید جەمیل، ئەدیب عەلی). شیاوی گوتنە ئەدیب عەلی ڕۆڵی ئافرەتی لە شانۆگەرییەکەدا بینیوە، لە کاتی نمایشەکەدا شەربەت بەسەر بینەران و ئەهلی بازاڕدا دابەش کراوە، بە بۆچوونی من نمایشکە بەبۆنەی دووەمین ساڵی بوونی هەولێر بە لیوایەکی سەربەخۆ بووە، کە لە ١٩١٩/١١/١ بڕیاری لەسەر دراوە، ئەوسا پێیان دەگووت موتەسەڕیفیە. بەر لەو نمایشە خۆماڵییە کە ئەمساڵ یادی سەتساڵەی پەیدابوونی هونەری شانۆ لە هەولێر کرایەوە، پێشتر نمایشی شانۆی عەربی و تورکی هاتووەتە شارەکە، وەکو شانۆگەریی میری دیل وەرگێڕانی نەعوم فەتحولڵا سەحار کە لەلایەن قوتابخانەی ئایینی دۆمەنیکانی موسڵ لە ساڵی ١٩٠٥ لە هەولێر لە کەنیسە نمایش کراوە. هەر لەسەر دەمی هاتنی ئینگلیز بۆ هەولێر نمایشی شانۆیی عەرەبی و تورکی هاتووەتە هەولێر، لە مانگی دوازدەی ١٩٢٨ ئۆرتۆغراڵ سەعدولڵا و قەرەتوخانم کە دوو ئەکتەری دارولبەدائیعی هونەر بوون، لە ئەستەنبوڵ هاتوونەتە هەولێر و نمایشی شانۆییان کردووە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٩ مامۆستایان و قوتابیانی سانەویەی هەولێر بەسەرپەرشتیی مامۆستا فوئاد ڕەشید بەکر شانۆگەرییەکیان لەبارەی دابوڕەوشت بە زمانی کوردی نمایش کردووە و، ٢١٢ ڕوپییەیان بۆ قوتابخانەکە کۆکردووەتەوە، بەپێی گۆڤاری زاری کرمانجی ناوی نمایشەکە (وێنەتی) بووە، لە ساڵی ١٩٣٠ مامۆستا عەبدولمەجید حەسن لە قوتابخانەی سانەویەی هەولێر بۆ جاری دووەم شانۆگەریی سەلاحەدینی ئەیوبیی نمایش دەکات، کە یەکەمین شانۆگەرییە کە وێنەی هەیە، هەر لە سنووری پارێزگای هەولێر لە ساڵی ١٩٣١ مامۆستا فوئاد ڕەشید بەکر شانۆگەریی (نیرۆن) لە نووسینی محەمەد لوتفی جومعە لە ڕواندز نمایش دەکات، لەو بەرهەمەدا بەهرەی مامۆستا جەواد ڕەسوڵ ناجی بەدیار دەکەوێت، لە شانۆگەریەکەدا سەری بە نووکی شمشێر زامدار دەبێت، بەڵام ئەو شانۆگەرییەکە ڕا ناگرێت. شانۆگەریی کچی کوردستان وەکو یەکەمین دەقی کوردی لە ساڵی ١٩٣١ لە کۆیە نمایش کراوە، پاشان لە هەولێر دووبارە کروەتەوە، شانۆگەریی سەلاحەدینی ئەیوبیش لە ساڵی ١٩٣٥ لە کۆیە نمایش کراوە. قوتابخانەکانی پارێزگای هەولێر چ ئەوانەی ناوشار، یان شارۆچەکەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە بزاڤی شانۆی شارەکەدا هەبووە، قوتابخانەی شەوانی هەولێر لە ١٩٣٣ شانۆگەریی (بەزەیی تاوانبار)ی نمایش کردووە و قوتابخانەی ناوەندیی کوڕانیش بۆ یەکەم جار لە ١٩٣٤ شانۆگەریی (بازرگانی ڤینیسیا)ی شێکسپیری نمایش کردووە، لە ساڵی ١٩٣٩ بۆجاری سێیەم شانۆگەریی سەلاحەدینی ئەیوبی بە زمانی کوردی نمایش کراوە و، دووەمین شانۆگەرییە کە وێنەی چەند ئەکتەرێکی هەیە، کە نیگارکێش و دەرهێنەر مامۆستا دانیال عوزێر قەساب کاری دەرهێنانی بۆ شانۆگەریەکە کردووە و، دواتر ڕۆڵێکی گرنگی لە بزاڤی شانۆی شارەکەدا بینیوە، تا دواتر هەر لە سەر دەستی ئەویش (مامۆستا جواد ڕەسول ناجی) وەك ئەکتەر و دەرهێنەر گەشە دەکات، کە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت و هونەری شانۆش باشتر گەشە دەکات. مامۆستا سەفوەت جەڕاح کە لە ساڵی ١٩٥٢ بەشداریی لە شانۆگەریی ئۆتێلۆ کردووە، ئیتر ئەو هونەرە کاری لێ کردووە و وەکو یەکەمین قوتابیی هەولێر چووەتە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا و لەوێ بڕوانامەی دبلۆمی لە هونەری شانۆ وەرگرتووە، کە گەڕاوەتەوە شارەکەش، برەوی بە هونەری شانۆ داوە و کاریگەریی لەسەر قوتابیان داناوە، لەوانەش مامۆستا سەباح عبدڕەحمان، دواتر چووەتە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و لەساڵی ١٩٦٧ بڕوانامەی دبلۆمی لە هونەری شانۆ وەرگرتووە، لە پاڵ مامۆستا سەفوەت ڕۆڵێکی کاریگەریان بینیوە لە دامەزراندنی شانۆی ئەکادیمی لە هەولێر. لە ساڵی ١٩٦٦ نووسەر و هونەرمەند مامۆستا تەڵعەت سامان و فەرهاد شەریف چوونەتە ئەکادمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا، دواتر زوهێر عەبدلمەسیح چووەتە ئەو کۆلێژە، ئەو هونەرمەندانە کاتێ کە دەگەڕێنەوە شاری هەولێر ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینن لە دامەزراندی شانۆی ئەکادیمی لە شارەکەدا و ڕوخساری هونەری شانۆ بەرەو ئاستێکی هونەریی بەرز دەبەن. هونەرمەندان (سەعدون یونس و فەتاح خەتاب) وەك دوو دەرهێنەر و (پەیمان بەگۆك و ساڵح عومەر) وەك دوو ئەکتەر پەیمانگەی هونەرە

جوانەکانیان تەواو کردووە کە ڕۆڵی کاریگەریان لە شانۆی شارەکەدا بینیوە. هونەرمەند هاشم زەینەڵ لە سەرەتای حەفتاکان لە کەرکووك گوازرووەتەوە هەولێر و بەشداریی لە دامەزراندنی شانۆی ئەکادیمی هەولێر کردووە، لە ناوەڕاستی هەشتاکان جارێکی دیکە گەڕوەتەوە کەرکووك. سەباح عەبدڕەحمان بە هاوکاریی ژمارەیەك لە هونەرمەندانی مۆسیقی تیپی هونەریی هەولێریان دامەزراندووە، تەڵعەت سامانیش کۆمەڵەی هونەرویژەی کوردی و دواتر تیپی هونەریی نوێی دامەزاندووە. لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو تیپی شانۆی لادێ و لە هەشتاکان تیپی شانۆی ڕۆشنبیری و تیپی نواندنی هەولێری دامەزراندووە کە سەر بە دەزگەی سینەماو شانۆی بەغدا بوو، ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە بەرزکردنەوەی هونەری شانۆدا گێڕاوە.

لەسەرەتای حەفتاکان ئافرەت لە شانۆی هەولێر بە ئاستێکی هونەریی بەرز چوونەتە سەر تەختەی شانۆ، لەوانە (شەقییە شەوکەت، قانیعە، سوهام، ئاشتی عەبدولکەریم و ئازادە جەلال و دواتر ئاواز مەحمود، ڕۆژهەڵات مەحمود، سەمیرە عەبدۆك) کە ڕۆڵێکی مەزن دەبین لە برەودانی شانۆی شارەکە. لە حەفاکان چەندین ئەکتەری بەتوانا پەیدادەبوون لەوانە (چەتۆ حەسەن، مەحموود بێوەی، فەیسەڵ محەمەد سالح، خەلیل یابە، عەبدولڕەزاق شەمسەدین، واحید مەرجان، سەلام کۆیی، سوبحی کۆیی، هۆشیار سەید ئەحمەد، سابیر عەبدولڕەحمان، شوکروڵا شێخانی، شێرزاد پۆلیس. زاهیر عەبدوڵا، موئەیەد فەقێ، ئەنوەر شێخانی، ئیبراهیم حەکیم). لە هەولێر سێ هۆڵی شانۆی هەیە، هۆڵی گەل دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شەستەکان، ئێستا لەژێر نۆژەنکردنەوەدایە. هۆڵی ڕۆشنبیری بۆ حەفتاکان و هۆڵی میدیا بۆ هەشتاکان کە دوو هۆڵی شایستەن بۆ نمایشی شانۆیی گەر کەموکوڕییەکان چارەسەربکرێن. لە بواری نووسینی شانۆیی وەکو دەق و ڕەخنەو بەدواداچوون، نوسەران (حەمە کەریم هەورامی، تەڵعەت سامان و، ڕەخنەگران حەیدەر عەبدولڕەحمان و کەمال غەمبار و سەباح هورمز و موحسین محەمەد، ڕۆژنامەنووس مەغدید حاجی) لە قۆناغی بەر لە ڕاپەڕین ڕۆڵیان لە برەودانی هونەری شانۆی شارەکەدا کاریگەر بووە. لە دوای ڕاپەڕین و لە سەردەمی دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر دامەزرا، دواتر کۆلێژی هونەر، کە ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان لەو دوو خوێندنگەیەدا بڕوانامەی شانۆییان بەدەست هێناوە، هاوکات بەڕێوبەرایەتیی هونەری شانۆ دامەزرا، کە چەندین تیپی هونەریی شانۆیی دیکە دامەزران وەکو، گرووپی گەنج بۆ شانۆ، تیپی شانۆی ڕۆژ، تیپی نواندنی هەولێر، تیپی شانۆڤانی کورد. ساڵانە لە هەولێر ڤیستیڤاڵی شانۆیی نێودەوڵەتی سازدەکرێت و تیپە شانۆییەکان بەشداری لە ڤیستیڤاڵە شانۆییەکانی کوردستان و دەرەوە دەکەن، بەگشتی هونەری شانۆ لە هەولێر لە ڕووی چەندایەتییەوە گەشەی کردووە، بەڵام لە ڕووی چۆنایەتییەوە ئاستی هونەری و پیشەیی دابەزیوە، ئێستا بەدەگمەن شانۆگەری بە پلیت نمایش دەکرێت، ڕۆژانی نمایش لە حەوت ڕۆژی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بووە بە سێ ڕۆژ و بە خۆڕایی نمایش دەکرێت.





## نادین سەعب:

# ڕکابەرێتیی نێوان هونەرمەندان واقعێکە نکۆڵی لێناکرێت

❋ ❋ ❋

**هەرچەندە بەشداریی لە بەرنامەکانی دۆزینەوەی هونەرمەندە تازەپێگەیشتووەکاندا کردووە، بەڵام نادین سەعب یەکێکە لەو هونەرمەندە لوبنانیانەی زیاتر بە گۆرانی میللی ناسراوە بەتایبەتی گۆرانییە کۆنەکانی هونەرمەندەکانی لوبنانی و میسری.**

❋ ❋ ❋

نادین سەبارەت بە گرنگی بە سۆشیال میدیا دەڵێ:سۆشیال میدیا لای من زۆر گرنگە و زۆریش چالاکم لەو بوارەدا، گرنگییەکی بە ئەنستاگرام و فەیسبووك دەدەم و لەو ڕێگایەوە لەگەڵ هەوادارانمدا لە پەیوەندیی بەردەوامدام.

نادین تیشك دەخاتە سەر پەیوەندیی نێوان هونەرمەندان بەتایبەتی لەو سەردەمەی ئێستادا و دەڵێ:

-من دوورم لە هەموو جۆرە رق و کینەیەك بەرامبەر بە هونەرمەندان و هیچ گرفتێکم لەگەڵ کەسیان نییە، سەبارەت بە ڕکابەرێتی، ئەمەش واقیعە و کەس ناتوانێت خۆی لێ بدزێتەوە، سەرەڕای ئەمەش من ڕکابەرێتی کەس ناکەم، تەنیا خۆم نەبێت، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە دۆستایەتی ڕاستەقینە لە نێو هونەرمەندانادا نییە، تەنیا ژمارەیەکی کەم نەبێت.

سەبارەت بەو هونەرەی لە ئێستادا پێشکەش دەکرێت، نادین دەڵێ: من دژی هونەر نیم، بەتایبەتی ئەگەر گۆرانییەکان ئاوازێکی خێرایان هەبێت، هەروەها پێویستە تێکستی گۆرانییەکانیش لە ئاستێکی بەرزدا بن، بەداخەوە لە ئێستادا دەبینین کە زۆربەی تێکستەکان ئاستیان لاوازە، بەڵام ئاوازەکان لە ئاستێکی بەرزدان.

هەروەها دەڵێ: ڕێزم هەیە بۆ ئەوانەی کە هونەرێکی ڕاستەقینە پێشکەش دەکەن، بێگومان ئەوانەی ئاستیشیان نزمە لە ئێمە باشتر درك بەوە دەکەن کە ئاستی بەرهەمەکانیان زۆر لاوازە، بەداخەوە لێرەو لەوێ لە ڕووی ماددییەوە پاڵپشتی دەکرێن و بەشێکیان تەنیا پشت بە شێوە و روخساری خۆیان دەبەستن، بەڵام هونەر تەنیا روخساری جوان و شێوە نییە، پێویستە هونەرمەند شێوەیەکی گونجاو و دەنگێکی خۆش و ئەدایەکی جوانیشی هەبێت، ئەوەیشی بیەوێ تەنیا پشت بە روخساری ببەستێت، وا باشترە ڕوو لە نواندن، یان نمایشی جلوبەرگ بکات.

**سەرچاوە: النهار**



# میگان فۆکس و هاوڕێکەی خوێنی یەکتریان فڕ کرد

بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی دەیلی میلی بەریتانی، خانمە ئەکتەری ئەمریکی میگان فۆکسی تەمەن ٣٥ساڵیی خۆی ڕایگەیاند، دوای نزیکەی دوو ساڵ لە پەیوەندیی لەگەڵ گۆرانیبێژی ڕاپ ماشین جان کیلی بڕیاریاندا ژیانی هاوسەرگیری پێك بهێنن، بۆ ئەم مەبەستەش ئەنگوستیلەیان گۆڕییەوە.

بەم بۆنەیەوە میگان ڤیدیۆیەکی بڵاوکردەوە و تێیدا خوێنی یەکتریان فڕ کرد، ئەمەش تا ڕاددەیەکی زۆر بۆ هەوادارانی هەردووکیان سەیر و پێشبینی نەکراوبوو و، کاردانەوەکانیشیان جیاواز بوون.

لە لایەن خۆیەوە ماشین چەند نهێنییەکی دەربارەی ئەنگوستیلەکە ئاشکرا کرد، کە تایبەت بۆ میگان دیزاین کراوە و نرخەکەشی بە (٣٤٠) هەزار دۆلار خەملێندراوە، لەم بارەوە ڕایگەیاند: کە ئەڵقەکە دەکرێتە دوو بەش و کاتێك بە هۆی موگناتیسێکەوە پێکەوە دەنووسرێن، دڵێکی شاراوە درووست دەبێت، هەروەها لە چەند پارچە بەردێکی گرانبەهای تیژ پێکهاتووە، بە جۆرێك ئەگە کەسانێك بیانەوێ دەری بهێنن ئازارێکی زۆری دەبێت و دوور نییە دەستیان بریندار بکات.

جێگای وەبیرهێنانەوەیە ئەمە دووەم جارە میگان ژیانی هاوسەری پێك دەهێنێت، ئەویش دوای ئەوەی ساڵی ٢٠١٠ لەگەڵ براین ئۆستۆنی ئەکتەر ژیانی هاوسەریی پێکهێنا و دوای دە ساڵ جیابوونەوە.

سەرچاوە: www.almasryalyoum.com



# لە دوای ئەنجلینا براد پیت بێزارە

لە سەروبەندی ڕێکارە توندەکانی خۆپارێزی لە کۆرۆنا لە سەرتاسەری جیهان، ئەم ئەستێرە ناسراوەی هۆلیۆد ساڵێکی پڕ لە بەرهەم و کۆششی بەسەر برد، دوای ئەوەی بەشداریی لە دوو فیلمدا کرد و لەگەڵ جۆرج کلۆنیش بەشداریی لە فیلمێکدا کرد، کە لە بەرهەمهێنانی کۆمپانیای (Apple) بوو، ئەمە لە کاتێکدا کە لە ١٨ی دیسێمبەری ڕابردوو پێی نایە تەمەنی (٥٨) ساڵییەوە.

براد کە ئێستا بە پیرەجوانەکە ناسراوە، بیر لەوە دەکاتەوە کە شێوازی ژیانی بەگشتی بگۆڕێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئاهەنگی لە دایکبوونیشی زۆر بە هێمنی بەڕێوە چوو، بەپێی کەسە نزیکەکانی خۆی، براد زۆر بە گەشبینی و ئەرێنییەوە دەڕوانێتە ساڵی نوێ، لە هەمان کاتدا گرنگییەکی زۆر بە منداڵەکانی دەدات، چونکە لەماڵەوە لە گەڵی دەژین، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەو دۆخە بۆ خۆی زەحمەت و بێزارکەرە.

لەم بارەوە ڕاپۆرتێکی گۆڤاری (Us Weekly) ئاماژە بەوە دەکات کە براد نایەوێت پەیوەندیی لەگەڵ ئەنجلینا جۆلیی هاوسەری پێشووی بەو چەقبەستوویی و ساردییە بمینێتەوە و، هیوا دەخوازێت کە هەردووکیان لە یەکتر ببورن، ئەمەش بۆ بەرژەوەندیی منداڵەکانیان.

لە لایەکی دیکەوە براد ڕایگەیاند کە زۆر بێزارە لە ڕاوەدوونانی لەلایەن میدیاکانەوە کە دەست لە ژیانی تایبەتییشی وەردەدەن، تەنانەت ناتوانێت قاوەیەك لەگەڵ کچێك بخواتەوە و قسەیەکی بۆ هەڵنەبەستن، بەتایبەتی دوای جیابوونەوەی لە جنیڤەر ئەنستۆنی هاوسەری پێشتری و، پێکهێنانی ژیانی هاوسەری لەگەڵ ئەنجلینا جۆلی و جیابوونەوەیان.

سەرچاوە: www.aljazeera.net/news/arts

# بریانکا شۆپرا پڕوپاگەندەکان ڕەت دەکاتەوە



بەم دواییە هەواڵی جیابوونەوەی بریانکا شوپرای خانمە ئەکتەری بۆلیۆد و نیک جۆناسی هاوسەری بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبووەوە، بەتایبەتی لە سۆشیال میدیاکاندا، ئەمەش بووە مایەی تووڕەبوونی بریانکا.

پڕوپاگەندەکان ئەو کاتە زیاد بوون کە بریانکا بڕیاریدا ناوی خانەوادەی هاوسەرەکەی لەسەر ئەکاوەنتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەنیستاگرام بسڕێتەوە، دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٨ ناوی خانەوادەی هاوسەرەکەیی لەم پێگەیەدا زیاد کردبوو. بۆ کەمکردنەوە و بەدرۆخستنەوەی ئەم دەنگۆیانە، بریانکا ڕایگەیاند کە پەیوەندیی لەگەڵ هاوسەری ئێسای لە هەموو کاتێك بەهێزترە، بۆ ئەم مەبەستەش دوای ئەوەی هاوسەرەکەی دیمەنێکی ڤیدیۆیی بڵاوکردەوە، بریانکا زوو لە کۆمێنتێکی بەم جۆرە لەسەر ڤیدیۆکە نووسیی: «من لە نێو باوەشی تۆدا مردم»، ئەمەش یەکەم جارە کە کاردانەوەی هەبێت دوای بڵاوبوونەوەی پڕوپاگەندەی جیابوونەوەیان.

سەرەڕای ئەمەش جەماوەری هەردوو لایان کۆکن لەسەر ئەوەی کە پەیوەندییان باش نییە و دوور نییە بگاتە ئاستی جیابوونەوەیان.

**سەرچاوە:**
**www.annahar.com**




**محەمەد عەبدولقادر**

**یاریزانی کیک بۆکسینگی یانەی ئاڵا:**

# لە کوردستان گرنگییەکی ئەوتۆ بە یارییە تاکەکان نادرێت



**یارییە تاکەکان تا ئێستاش گرنگیی ئەوتۆیان پێ نادرێت لە شارەکانی کوردستان، یاریزانان و پاڵەوانانی ئەو بوارەش گلەیی ئەوەیان هەیە کە نە لە لایەن یانەکان و نە لە لایەن بەرپرسانی وەرزشییەوە هاوکاری و پاڵپشتییان ناکرێت، تا بتوانن لە بەدەستهێنانی نازناوی گەورە بەردەوام بن، شارەکانی کوردستانیش چەندین پاڵەوانی جیهانییان تێدایە، کە ئەگەر گرنگی بە تواناکانیان بدرێت، دەتوانن ئاست و ئەنجامی شایستە لەسەر ئاستی وڵاتانی دەرەوەش پێشکەش بکەن، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی شاری هەولێر (محەمەد عەبدولقادر)ە، کە یاریزانی کیك بۆکسینگی یانەی ئاڵایە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٨ی شاری هەولێرە و قوتابی قۆناغی ١١ ی ئامادەییە، ئەو خاوەنی مەدالیای زێڕە لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێ کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** ئاستی یاریی کیك بۆکسینگ لە شارەکانی کوردستان چۆن دەبینی؟**

- بە گشتی لە کوردستان گرنگییەکی ئەوتۆ بە یارییە تاکەکان نادرێت.

*** کەمیی پاڵەوانێتییەکان تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

- بە دڵنیاییەوە، چونکە یاریزان لە ئەنجامدانی یارییەکان توانایان دیار دەکەوێت، ئەگەر پاڵەوانێتی نەبێت، ئاستی یاریزان بەرەوپێش ناچێت.

*** بۆبەرەوپێشبردنی ئەم یارییە پێت باشە چی بکرێت، بۆ ئەوەی لە کوردستان بگاتە ئاستێکی بەرزتر؟**

- پێویستە زیاتر لە ئێستا گرنگی بە کردنەوەی پاڵەوانێتییەکان بدرێت و زیاتر خول بکرێتەوە، بە تایبەت خولە ناوخۆییەکان.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

- لە چاو یارییەکانی دیکەدا گرفتێکی بەرچاوی نییە و، پێکانی لە چاو هەموو یارییەکاندا کەمترە، ئەگەر ڕێنماییەکانیش بە باشی جێبەجێ بکرێت هیچ گرفتی نابێت.

*** چ هەستێکت هەیە لە یەکاتدا دوو کار ئەنجام دەدەیت، ڕووبەڕووبوونەوە و وەرزش؟**

- ئێمە تەنیا لە کاتی پاڵەوانێتییەکاندا شەڕ دەکەین، دوای ئەوە وەك براین، ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیەش زیاتر خۆی لە وەرزشدا دەبینێتەوە.

*** بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت؟**

- تاکە نیازی من ئەوەیە لە ڕێگای وەرزشەکەمەوە کورد بە جیهان بناسێنم و ئاڵای کوردستان لە هەموو جیهان بەرز بکەمەوە، ئەگەر پشتگیریم هەبێت.

*** بڕیارت نەداوە قوتابخانەیەکی گەورەی تایبەت بەم یارییە بکەیتەوە؟**

- لە داهاتوودا ئەگەر خودای گەورە تەمەن بدات، گەورەترین کەمپی ڕاهێنان دەکەمەوە، بۆ ئەوەی پاڵەوانی کورد لەم بوارەدا زیاتر بەرەو پێش بچێت.

*** داواکاری و پێشنیازت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

-داواکاریم ئەوەیە ئەم وەرزشە پشتگوێ نەخەن و بە چاوێکی گرنگ تەماشا بکرێت و پشتگیری بکرێت.

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە یاریزانێك؟**

-خەونی من ئەوەیە بەشداریی پاڵەوانێتییە جیهانییەکان بکەم.

*** بە هیوای ئەوە نیت ڕۆژێك لە ڕۆژان هەڵبژاردەی کوردستان لەم یارییە دروست بکرێت و تۆش ڕۆڵی تێدا بگێڕیت؟**

- بەدڵنیاییەوە دەکرێت، پەنا بە خودا ئەو خەونە دێتەدی و لە داهاتوودا خۆم لە هەڵبژاردەی کوردستاندا دەبینمەوە.

*** باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزانێکی پاڵەوان چین؟**

- من لە وڵاتی یۆنان بەشداریی پاڵەوانێتیی جیهانم کرد و سەرکەوتنم بەدەستهێنان بەرامبەر یاریزانێکی ئەڵمانی، لە پاڵەوانێتیی وڵاتانی عەرەبی پلەی یەکەم و مەدالیای زێڕم بەدەست هێنا، لە پاڵەوانێتیی باکوری عێراق پلەی یەکەمم بەدەست هێنا، لە پاڵەوانێتی پرۆیشناڵی کوردستان پلەی یەکەم و لە پاڵەوانێتیی هەولێریش پلەی یەکەمم بەدەست هێناوە.

*** لەم یارییە بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت ؟**

- محەممەد جرایە گەنجێکی کە لە هۆڵەندا دەژی، بەهیوای ئەوەشم ڕۆژێك لە ڕۆژان لە بەرامبەری یاری بکەم.

*** هیچ گرێبەستێکت پێشکەش کراوە لە لایەن یانەکانەوە؟**

- نەخێر، یەك یانەش گرێبەستی لەگەڵ نەکردم و داواشیان لێ نەکردووم، تاکو ئێستا هیچ یانەیەك پارەشی بۆ سەرف نەکردووم.

***وەکو پاڵەوانێك دەتەوێت بۆ برەودان بەم وەرزشە چی بکرێت؟**

-هیوادارم پەرە بە وەرزشی کیك بۆکسینگ بدرێت و گرنگی بە یاریزانە کوردەکان بدەن، جگە لەوەش من یاریزانێکی نێودەوڵەتیم، تا ئێستا هیچم بۆ نەکراوە و هیچ کەسێك پشتگیریشی نەکردووم، لە هەموو پاڵەوانێتییەکدا شانازیم بەو ئالایەشەوە کردووە کە بەرزم کردووەتەوە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتە بێ جیاوازییەی بە سەرجەم وەرزشکارانی کوردستانی دەکات، جێگای دەستخۆشییە، داوا لە لایەنی بەرپرسی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکەم گرنگی بەم وەرزشە بدرێت.




# گرنگترین گرێبەستەکانی یانە ئەوروپییەکان لە گواستنەوەی زستانە

لە گواستنەوەی زستانەی ئەمساڵدا، کۆمەڵێک گرێبەست لە لایەن یانەکانی پێنج خولە گەورەکەی ئەورووپا مۆرکران.
لە گواستنەوەی زستانەی ئەمساڵدا، کۆمەڵێك گرێبەست لە لایەن یانەکانی پێنج خولە گەورەکەی ئەورووپا مۆرکران.
یانە گەورەکان بە تەنیا چالاك نەبوون لە مێرکاتۆی ئەم زستانەدا، بەڵکو یانەی تریش لەم مێرکاتۆیەدا هەوڵیان دا چەند یاریزانێك پەلکێش بکەن.

ئا: رێبین رەمزی

### ● گرێبەستەکانی یانەکانی خولی نایابی ئینگلیزی

**- یانەی ئەرسناڵ**

ڕۆیشتووەکان: کالوم چامبێرس، سیاد کۆلاسیناك، پابلۆ ماری (پەیوەندی بە یانەی ئۆدینێزی کرد بەخواستن)، مایتلاند نیلز (پەیوەندی بە یانەی ڕۆما کرد بەخواستن).

**- یانەی چێلسی**

ڕۆیشتووەکان: لویس باکێر (ستۆك سیتی)

**- یانەی ئەستۆن ڤێلا**

گرێبەستەکان: لوکاس دینی (یانەی ئێڤەرتوون)، کالوم چامبێرس، فلیپی کۆتینهۆ (لە یانەی بەرشلۆنە بەشێوەی خواستن)، ڕۆبن ئۆلسن (لە یانەی ڕۆما بەشێوەی خواستن)

ڕۆیشتووەکان: مات تارگت (پەیوەندی بە یانەی نیوکاسڵ کرد بەشێوەی خواستن)، ئەنوەر ئەلغازی (پەیوەندی بە یانەی ئێڤەرتۆن کرد بەشیوەی خواستن)، وێسلی (پەیوەندی بە یانەی ئەنتەر میلان کرد بەشێوەی خواستن)، ستیر (پەیوەندی بە یانەی لوتن کرد بەشێوەی خواستن).

**- یانەی لیڤەرپوول**

گرێبەستەکان: لویس دیاز (پۆرتۆ)

ڕۆیشتووەکان: ناتانێل فیلیپس (پەیوەندی بە یانەی بورنمۆس کرد بەشێوەی خواستن)، نیکۆ ویلیامز (پەیوەندی بە یانەی فولهام کرد بەشێوەی خواستن).

**- یانەی مانچستەر یۆنایتد:**

ڕۆیشتووەکان: ئەنتۆنی مارسیال (پەیوەندی بە یانەی ئیشبیلییەوە کرد بەشێوەی خواستن)، ئاکسێل توانزیبی (پەیوەندی بە یانەی ناپۆلی کرد بەشێوەی خواستن)، ڤان دی بێك (پەیوەندی بە یانەی ئێڤەرتۆن کرد بەشێوەی خواستن)، عیماد دیالۆ (پەیوەندی بە یانەی ڕێنجەرز کرد بەشیوەی خواستن).

**- یانەی مانچستەر سیتی**

گرێبەستەکان: جولیان ئەلڤاریز (ریڤەر پلێت)

ڕۆیشتووەکان: فێران تۆرێس (بەرشلۆنە)، جولیان ئەلڤاریز (پەیوەندی بە یانەی ریڤەر پلێت کرد بەشیوەی خواستن).

**- یانەی تۆتنهام**

گرێبەستەکان: ڕۆدریگۆ بێنتانکۆور (یۆڤانتوس)، دیان کۆلۆسێڤیسکی (یۆڤانتوس).

ڕۆیشتووەکان: ندۆمبێلی (پەیوەندی بە یانەی لیۆن کرد بەشێوەی خواستن)، بریان جیل (پەیوەندی بە یانەی ڤالێنسیا کرد بەشێوەی خواستن)، جیۆڤانی لۆسێلسۆ (پەیوەندی بە یانەی ڤیاریاڵ کرد بەشێوەی خواستن)، دەیلی ئالی (ئیڤرتۆن)

**- یانەی ئیڤرتۆن**

گرێبەستەکان: ڤیتالی میکۆلێنکۆ (دینامۆکییڤ)، ناتان پاتێرسۆن (رێنجەرز)، ڤان دی بێك (مانچستەر یۆنایتد)، ئەنور ئەلغازی (ئەستۆن ڤێلا)، دەیلی ئالی (تۆتنهام).

ڕۆیشتووەکان : لوکاس دینی

**- یانەی نیوکاسڵ یۆنایتد**

گرێبەستەکان: برۆنۆ کیمارایس (لیۆن)، کریس وۆد (بێرنلی)، کیران تریپێر (ئەتلتیکۆ مەدرید)، دان بێرن (برایتۆن)، مات تارگت.

ڕۆیشتووەکان: فرێدی وۆدمان (پەیوەندی بە یانەی بۆرنمۆس کرد بەشێوەی خواستن)

**- یانەی برێنتفۆرد**

گرێبەستەکان: کریستیان ئێریکسن (ئەنتەرمیلان).



### ● گواستنەوەی یاریزانان لە خولی نایابی ئیسپانیا

**- یانەی ئەتلتیکۆ مەدرید**

گرێبەستەکان: رینیلدۆ مانداڤا (لیل)، دانییل واس (ڤالنسیا)

ڕۆیشتووەکان: کیران تریپێر (نیوکاسڵ)، ئیڤان شاپۆنیج (سلۆڤان براتیسلاڤا)

**- یانەی بەرشلۆنە**

گرێبەستەکان: ئەداما تراورێ (وۆلڤەرهامپتۆن)، فێران تۆرێس (مانچستەر سیتی)، دانی ئەلڤێش، پییێر ئۆبامیانگ (ئەرسناڵ).

ڕۆیشتووەکان: فیلیپی کۆتینهۆ (پەیوەندی بە یانەی ئەستۆن ڤێلا کرد بەشێوەی خواستن)، ئەلیکس کۆلادۆ (پەیوەندی بە یانەی گرانادا کرد بەشێوەی خواستن)، ئیناکی پێنا (پەیوەندی بە یانەی گەڵاتاسەرای کرد بەشێوەی خواستن)، سێرخیۆ ئەگوێرۆ.

**- یانەی ئیشبیلە**

گرێبەستەکان: ئەنتۆنی مارسیال (پەیوەندی بە یانەی مانچستەر

یۆنایتد کرد بەشێوەی خواستن)، خیسۆس کۆرۆنا (پۆرتۆ)

ڕۆیشتووەکان: ئۆسکار ڕۆدریگێز (پەیوەندی بە یانەی خیتافی کرد بەشێوەی خواستن)، ئوسامە ئیدریسی (پەیوەندی بە یانەی قادش کرد بەشێوەی خواستن)، ئیبراهیم ئامادۆ (میتز).

**- یانەی ڤیاریال**

گرێبەستەکان: جیۆڤانی لوسێلسۆ (تۆتنهام).

ڕۆیشتووەکان: ئیڤان مارتین (خیرۆنا).

### ● گواستنەوەی یاریزانان لە خولی نایابی ئیتاڵیا

**- یانەی یۆڤانتوس**

گرێبەستەکان: دوشان ڤلاهۆڤیچ (فیرۆنتینا)، دینیس زەکریا (بروسیا مونشن گلادباخ)

ڕۆیشتووەکان: ڕۆدریگ بێنتانکۆر (تۆتنهام)، دیان کۆلۆسێڤسکی (پەیوەندی بە یانەی تۆتنهام کرد بەشیوەی خواستن)، ئارۆن ڕامزی (پەیوەندی بە یانەی ڕێنجەرز کرد بەشێوەی خواستن).



**- یانەی ئەنتەرمیلان**

گرێبەستەکان: فیلیپی کاسیدۆ (جەنوا)، ڕۆبن گۆسێنس (ئەتلەنتا)

ڕۆیشتووەکان: ستیفانۆ سینسی (پەیوەندی بە یانەی سامبدۆریا کرد بەشێوەی خواستن).

**- یانەی ئەتلەنتا**

گرێبەستەکان: جێریمی بوجا (ساسۆلۆ)، ڤالنتین میهایلا (پارما).

ڕۆیشتووەکان: ڕۆبن گۆسێنس (پەیوەندی بە یانەی ئەنتەرمیلان کرد بەشێوەی خواستن)، فێدێریکۆ ماتیلۆ (پەیوەندی بە یانەی ئەلیساندریا کرد بەشێوەی خواستن)، ماتیۆ لوفاتۆ (پەیوەندی بە یانەی کالیاری کرد بەشێوەی خواستن).

**- یانەی ڕۆما**

گرێبەستەکان: مایتلاند نیلز (ئەرسیناڵ)، سێرجیۆ ئۆلیڤێرا (پۆرتۆ).

ڕۆیشتووەکان: بۆرخا مایۆرال (پەیوەندی بە یانەی خیتافی کرد بەشێوەی خواستن)، فێدریکۆ فازیۆ (سالێرنیتانا)، گۆنزالۆ ڤیلار (پەیوەندی بە یانەی خیتافی کرد بەشێوەی خواستن)، ڕۆبن ئۆلسین (پەیوەندی بە یانەی ئەستۆن ڤێلا کرد بەشێوەی خواستن).

**- یانەی لازیۆ**

گرێبەستەکان: جیۆڤانی (سپۆرتینگ لێشبۆنە).

ڕۆیشتووەکان: ئەلیساندرۆ ڕووسی (مۆنۆپۆلی)، ڤیدات مۆریکی (پەیوەندی بە یانەی ڕیاڵ مایۆرکا کرد بەشێوەی خواستن)، گۆنزالۆ ئیسکالانتی (پەیوەندی بە یانەی دیپۆرتیڤۆ ئەلەڤێش کرد بەشێوەی خواستن)، جۆردان لوکاکو (پەیوەندی بە یانەی فیچێنزا کرد بەشێوەی خواستن)، محەمەد فارس (پەیوەندی بە یانەی تۆرینۆ کرد بەشێوەی خواستن)، دێنیس ڤاڤرۆ (پەیوەندی بە یانەی کۆپنهاگن کرد بەشێوەی خواستن).

**- یانەی ناپۆلی**

گرێبەستەکان: ئەلێکس توانزێبی (مانچستەر یونایتد).

ڕۆیشتووەکان: کۆستاس مانۆلاس (ئۆلمپیاکۆس)، ئەمین یونس (ئەتفاق)، فیلیپی کۆستا (پەیوەندی بە یانەی پارما کرد بەشێوەی خواستن)، مایکل فلۆرێنتۆ (پەیوەندی بە یانەی ریجینا کرد بەشێوەی خواستن).

### ● گواستنەوەی یاریزانان لە خولی نایابی ئەڵمانیا

**- یانەی بایرن میونیخ**

ڕۆیشتووەکان:میکائیل کویزانس (ڤینیسیا)، ئەدریان ڤین (پەیوەندی بە یانەی دینامۆ درسدن کرد بەشێوەی خواستن)، برایت ئەکۆ ئاری میی (پەیوەندی بە یانەی کۆڵن کرد بەشێوەی خواستن).

**- یانەی برووسیا دۆرتموند**

ڕۆیشتووەکان: ئانسجار کناوف (پەیوەندی بە یانەی فرانکفورت کرد بەشێوەی خواستن).

**- یانەی لایپزیگ**

ڕۆیشتووەکان: لوان کاندیدۆ (ڕێد بۆل براگانتینۆ)، بریان برۆبی (پەیوەندی بە یانەی ئەجاکس کرد بەشێوەی خواستن)، مارسێلۆ ساراچی، ئیلاش مۆریبا (پەیوەندی بە یانەی ڤالنسیا کرد بەشێوەی خواستن).

**• گواستنەوەی یاریزانان لە خولی نایابی فەرەنسا**

**- یانەی پاریس سانت جێرمان**

ڕۆیشتووەکان: رافینیا (پەیوەندی بە یانەی ڕیاڵ سۆسیداد کرد بەشێوەی خواستن)، سێرخیۆ ڕیکۆ (پەیوەندی بە یانەی ڕیاڵ مایۆرکا کرد بەشێوەی خواستن).

**- یانەی لیل**

گرێبەستەکان: ئیدۆن زیگرۆڤا (بازل)، حاتم بن عەرەفە.

ڕۆیشتووەکان: جوناتان ئیکۆنی (ڤیرۆنتینا)، ڕینێلدۆ مانداڤا (ئەتلتیکۆ مەدرید)، تیاگۆ مایا (فلامینگۆ)

**- یانەی مۆناکۆ**

گرێبەستەکان: ڤاندرسۆن (گرێمیۆ)

ڕۆیشتووەکان: ویلسۆن ئیزیدۆر (لۆکۆمۆتیڤ مۆسکۆ)، پێترۆ پێلێگری (پەیوەندی بە یانەی تۆرینۆ کرد بەشێوەی خواستن).



# یانەی قەڵا وەستاوە

هەر چەندە چارەنووسی بەشێك لە خولەكانی كوردستان ماوەیەكی زۆرە بە نادیاری ماوەتەوە و بەشێك لە تیپەكانی كچانی شارەكانی كوردستانیش مەشقەكانیان راگرتووە بەهۆی نەبوونی توانای دارایی پێویست و نەبوونی هیچ خول و پاڵەوانیەتیەك، تیپی تۆپی دەستی یانەی قەڵا هەر چەندە خاوەنی كۆمەڵێك یاریزانی بەتوانایە، بەڵام مەشق و ئامادەكارییەكانیان ڕاگرتووە بەهۆی نەبوونی هیچ خولێك و پشتگیری نەكردنیان، لەم بارەشەوە رێباز ئەحمەد راهێنەری تۆپی دەستی یانەی وەرزشیی قەڵا بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: ماوەیەكە مەشقەكانمان راگرتووە بەهۆی نەبوونی پاڵەوانێتی لە كوردستان، جگە لەوەش هیچ بەرپرسێك خۆی ناكەتە خاوەنی یانەی قەڵا هاوكاریمان بكات، هەر چی نەبێ مەسروفاتی هات و چۆ و جل و بەرگ و پێداویستیمان بدەنەوە، ژمارەیەك لە یانەكان هەموو شتیان بۆ كراوە ئێمە هیچمان بۆ نەكراوە، گوتیشی: جگە لە یاریگایەكی شەش یاریزانی كە بەكرێ دراوە هیچ سەرچاوەیەكی داهاتمان نییە لە یانەكەمان، هێنانی یاریزانی بەتوانا بۆ یانەكەمان بە پارە دەكرێ و جگە لەوەش ناتوانین مووچەش بۆ یاریزانان دابین بكەین، تاكو ئێستا نازانین ئەو گلییەمان بۆ كوێ باس بكەین، هیچ كەسێك خۆی لێمان ناكاتە خاوەنی ئێمە نە راگەیاندن نە بەرپرس لە هیچ لایەك ئاورمان لێ نەدراوەتەوە، یاریزانەكانیش هەمووی بێزار بووینە و سارد بووینەوە ناتوانێ هیچ بڕە پارەیەكمان بداتێ و جگە لەوەش یانەكانی تر پارەی دەدەن بۆ ئەوەی یاریزانەكانی ئێمەش ببەن بە تایبەت بۆ یاریزانانی ئێمە، هیوادارم دەرگایەكی هاوكاریمان لێ بكەنەوە بۆ ئەوەی بتوانین كارەكانمان جێ بەجێ بكەین. جگە لەوەش سەرۆكی یانەكەمان لە سەر گیرفانی خۆی مەسروفی تیپەكەی كردوە دوو پاڵەوانێتی پارەی خۆی هێناوە، پارەكە تەنیا بۆ چەند یانەیەكی گەورەیە بەداخەوە.





# زیاد ئەحمەد ئارەزووی پۆشینی درێسی هەڵبژاردەی عێراق دەكات

یانەكانی بەغداد لەگەڵ دەستپێكی هەموو وەرزێكی تازە لە خولە گەورەكەی عێراق چاویان لە سەر زۆرترین یاریزانی ئەستێرەیە لە شارەكانی عێراقی و بە تایبەتیش شارە كوردستانیە، زیاد ئەحمەدی یاریزانی كوردی پێشووی یانەی زاخۆ ئەم وەرزە چۆتە ریزی یانەی زەوا بۆ یاری كردن لە خولی عێراقی لەم بارەشەوە زیاد ئەمەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: زۆر ئاسودەم لە یاری كردنم بۆ یانەی زەورا، چونكە یانەیەكی گەورەیە لەسەر ئاستی عێراقی و خاوەن جەماوەرێكی زۆر و پێگەیەكی زۆر بەرزی وەرزشیان هەیە لەسەر ئاستی عێراق، گوتیشی: جگە لە یانەی زەورا چەندین یانەی تر داوای یاری كردنیان لێم كردبوو، بەڵام بۆ من زەورا لە هەمووی باشتر بوو، چونكە لە رێگەی یانەی زەورا دەتوانم خەونی بوون بە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق بەدەست بهێنم و درێسی ئەو هەڵبژاردەیە بپۆشم، خوای گەورە سەركەوتووم بكات، گوتیشی: وەكو یاریزانێكی كورد ئێستا فێر بوویمە یاری كردن لە ریزی یانە گەورەكان و بەتایبەت بەغداد زۆر خۆشترە و یاریزان لێرە بە قەدر و قیمەت ترە، وە یاری كردن لە ریزی یانە گەورەكان بۆمن هیچ قورس نییە، چونكە من پێنج ساڵە لەگەڵ یانەكانی بەغداد و نەفت و تەلەبە یاریم كردوە و چێژی زۆری هەیە، بەهیوای ئەوەم بتوانم ئاستێكی بەرز پێشكەش بكەم.



# هەولێر دەیەوێت جیاواز بێت

کارگێڕی یانەی وەرزشیی هەولێر بە ئامانجی بەهێز کردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی لە یارییەکانی قۆناغی دووەمی خولی تۆپی پێی یانەکانی عێراقی ژمارەیەك لە یاریزانانی یانەکانی تری کوردستان و عێراقی تیپی تۆپی پێی یانەکەی زیاد کردوە ئەویش لەسەر داوای نزار مەحروسی راهێنەری پیشەگەری سورییە کە ئەمساڵ لەگەڵ دەست بەکاربوونی وەکو راهێنەری تیپەکە ئاستی تیپەکەی بردۆتە قۆناغێکی تر و ئەنجامەکانیشی وەکو پێویست بووە لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، بۆ قۆناغی دووەمی خولەکەش یانەی هەولێر هەریەك لە یاریزانان مەروان حوسێن لە یانەی نەفت و سەعد ئەحمەدی پیشەگەری سوری و ماتیۆس جولیانی پیشەگەری بەرازیلی و عومەر عەدنان لە یانەی تەلەبە و زێدان عەبدولجەبار لە یانەی رومادی و بەمۆ غەریب لە یانەی شێروانە و کرار فالح لە یانەی نەجەف و بیلال سالّح لە یانەی برایەتی، یانەی هەولێر دەیەوێت بە هێنانی ئەو حەوت یاریزانە شەڕی یانەکانی تری خولی نایابی یانەکانی عێراقی بکات، هەر چەندە پێشبینی دەکرا یانەی هەولێر لە گواستنەوەی زستانە کۆمەڵێك ئەستێرەی یانەکانی عێراقی بگوازێتەوە، بەڵام دیارە پارەی قاسەکەی یانەی هەولێر تەنیا بەشی ئەو حەوت یاریزانەی کردوە، یانەی هەولێر لە دەست پێکی خولی عێراقی تاکو هاتنی نزار مەحروسی راهێنەر ئاست و ئەنجامی وەکو پێویست نەبووە، سەرەڕای هێنانی چەند راهێنەرێك بۆ باشتر کردنی ئاستی تیپەکە، بەڵام هێنانی ئەم یاریزانانە لەسەر داوای راهێنەری یانەکە بووە، کە پێشووتریش ژمارەیەك یاریزانی دوورخستۆتەوە کە یانەی هەولێر نەیتوانیوە سوود لە تواناکانی وەربگرێت، خەونی هەولێر لە قۆناغی دووەم بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستەیە و بەرزکردنەوەی ناوی یانەکەیە.






# لەخۆتەوە ئەسپرینی ڕۆژانە بەکارمەهێنە!

ئەسپرین Aspirin کە بە ترشی ئەسیتیل سالیسیلیك ASA ناسراوە، بەکاردێت بۆ دابەزاندنی تا، کەمکردنەوەی ئازار، کەمکردنەوەی هەوکردن، هەروەها سیفەتی دژەمەیینی هەیە، بۆیە بۆ خۆپاراستن لە نۆرەی دڵ و جەڵتەی مێشك بەکار دەهێنرێت. لەگەڵ هەموو ئەو سوودانەدا، توێژینەوەکان ئاماژە بەمە دەکەن کە بەکارهێنانی ڕۆژانەی ئەسپرین لەوانەیە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ تا ڕێژەی ٢٦٪ و ئەگەری پەککەوتنی تیژیی دڵ تا ڕێژەی ٢٧٪ زیاد بکات، هەورەها لەوانەیە کە ئەگەری تووشبوون بە هەوکردنی جگەر تا ڕێژەی ٢٦٪ زیاد بکات، ئاماژە بەمەش کراوە کە لەگەڵ بەکارهێنانی ئەسپرینی ڕۆژانەدا ئەم ئەگەرانە هێشتا زیاتر دەبن لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا: جگەرەکێشان، قەڵەوی، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلستیرۆڵ، نەخۆشیی شەکرە، هەروەها نەخۆشیی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، بۆیە پسپۆڕان ڕێنمایی دەکەن کە هەرگیز نابێت لەخۆتەوە ئەسپرین ڕۆژانە بۆ هەر مەبەستێك بەکاربهێنیت.




# نیشانەکانی کەمیی ڤیتامین B12

ڤیتامین B12 کە ناسراوە بە کۆبالامین Co-balamin، ڕۆڵی گرنگی هەیە لە دروستبوونی خرۆکە سوورەکانی خوێن، میتابۆلیزم (گۆڕینی خۆراك بۆ وزە)، فرمانی دەمارەکان، لەگەڵ دروستبوونی DNA. سەرچاوە خۆراکییەکانی ڤیتامین B12: شیر و بەرهەمەکانی، هێلکە، ماسی، گۆشتی سوور، گۆشتی پەلەوەر. پێویستیی ڕۆژانە بۆ کەسانی پێگەیشتوو بریتییە لە ٢,٤ مایکرۆگرام جگە لە کەمی ڤیتامین B12 لە خۆراکدا، هۆکارە هاندەرەکان بۆ زیادبوونی ئەگەری کەمی ئەم ڤیتامینە بریتین لە: هەوکردنی گەدە، هەوکردنی ڕیخۆڵە و مشەخۆری ڕیخۆڵە، پەیڕەوکردنی خۆراکی ڕووەکی Vegetarian، خواردنەوە ئەلکهولییەکان، زیانی لابەلای چەند دەرمانێك بەتایبەتی ئەو دەرمانانەی کە بۆ کولبوونی گەدە و دوازدەگرێ بەکاردێن. نیشانەکانی کەمی ڤیتامین B12: هەستکردن بە بێهێزی و ماندووبوون، دڵەکوتێ، هەناسەڕاوکێ، لووسبوونی زمان، قەبزی، کۆبوونەوەی گاز لە کۆئەندامی هەرسدا، سکچوون، کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن، لاوازبوونی ماسوولکە، هەستکردن بە سڕبوونی دەست و پێیەکان، خەمۆکی، گرفت لە بیرهاتنەوەدا.



# وشکبوونی پێست لە زستاندا

لە مانگەکانی زستاندا پێویستە گرنگیی تایبەت بە پێست بدرێت، چونکە بای وشك و ساردی زستان، ئاستی نزمی شێداری، لەگەڵ خۆگەرمکردنەوەدا هەموویان هاندەرن بۆ وشکبوون و زبربوونی پێست، هەروەها تفرکردن و خورشتی پێست، بەڵام دەتوانیت بە پەیڕەوکردنی چەند هەنگاوێك ڕێگە لەم گرفتە بگریت وەکو: بەکارهێنانی شێدارکەرەوەی پێست Moisturiser ڕۆژانە چەند جارێك و ڕاستەوخۆ پاش وەرگرتنی گەرماو، دوورکەوتنەوە لە دوشی گەرم و هەڵم، چونکە دەبێتە هۆی تێکدانی چینی هەرە سەرەوەی پێست،یان کیراتین Keratin و وشکبوون و تفرکردن لەگەڵ زیادبوونی ئەگەری ئەکزیما، دوورکەوتنەوە لە زیاد شووشتن و داماڵینی پێست بە توندی بە دەست، یان بە لیفکە، یانیش قوماش، بەکارهێنانی ئاوێتەی دژەهەتاو Sunscreen لەکاتی چوونەدەرەوە کە خۆر بە دەرەوەیە، ڕۆژانە خواردنەوەی بڕێکی باشی ئاو لەوکاتەی کە لە زستاندا لەگەڵ پۆشینی جلی زۆر هەست بە ئارەقەکردن ناکەین، بەڵام کرداری ئارەقەکردن ناوەستێت، ئەمە و هەوای وشك دەبنە ئەگەری کەمبوونەوەی شلەی لەش De-hydration، بۆیە پێویستە بە قەرەبووکردنەوە دەکات بە خواردنەوەی ئاو.

# ژەمی سێیەمی ڤاکسینی کۆڤید دژی ئۆمیکرۆن کاریگەرە

لە نوێترین توێژینەوەی سەنتەری ئەمریکی بۆ خۆپاراستن و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان CDC هاتووە، ژەمی سێیەم، یان ژەمی چالاککەرەوەی ڤاکسینی کۆڤید Booster shot لە جۆری فایزەر، یان مۆدێرنا کاریگەریی هەیە دژ بە گۆڕدراوی ئۆمیکرۆنی ڤایرۆسی کۆرۆنا، هەروەها لە دوو توێژینەوەی فەرمیی نوێی ئەمریکی دیکەدا جەخت لەسەر هەمان بابەت کراوەتەوە، ئەمەش ڕوونکراوەتەوە کە ژەمی سێیەمی ڤاکسینی کۆڤید ئەگەری کەوتنە نەخۆشخانە تا ڕێژەی ٩٠٪ کەم دەکاتەوە، هەروەها ئەگەری پێویستی بە چارەسەری چڕ تا ٨٢٪ کەم دەکاتەوە، هاوکات لەگەڵ کەمکردنەوەی ئەگەری مردن، بەتایبەتی لە کەسانی تەمەن ٥٠ساڵ و بەسەرەوەدا. هەر لە توێژینەوەکاندا ئاماژە بەمە کراوە کە ئەو کەسانەی سێ ژەمی ڤاکسینی کۆڤید وەردەگرن، بەتایبەتی ڤاکسینی پفایزەر، یان مۆدێرنا، زیاتر پارێزراو دەبن لە گۆڕدراوەکانی ئۆمیکرۆن و دێلتا بەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی کە تەنیا دوو ژەمی ڤاکسین وەردەگرن، یان هیچ ڤاکسین وەرناگرن. سەنتەری ئەمریکی بۆ خۆپاراستن و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان ڕێنمایی دەکات کە پێویستە هەر کەسێك لە تەمەنی ١٢ ساڵ و بەسەرەوە ژەمی سێیەمی ڤاکسینی کۆڤید وەربگرێت، پاش پێنج مانگ لە وەرگرتنی ژەمی دووەمی ڤاکسینی پفایزەر، یان مۆدێرنا، یان دوو مانگ پاش تاکەژەمی ڤاکسینی جۆنسن ئەند جۆنسن.







# ترشە چەورییەکانی ئۆمیگا٧

ئۆمیگا٧ کۆمەڵێک ترشەچەورییە ناتێرەکان دەگرێتەوە، کە لەپێکهاتە کیمیاییەکانیاندا حەوت ئەتۆمی کاربۆن لە کۆتایی زنجیرەی کاربۆندا لەخۆدەگرن، سێ باوترین جۆری ترشە چەورییەکانی ئۆمیگا٧ بریتین لە ترشی پالمیتۆلیک Palmitoleic acid و ترشی ڤاکسێنیک Vaccenic acid و ترشی ڕومێریک Rumeric acid کە لەبەر سیفەتی پاراستنی شێداریی زیاتر، دەخرێنە ناو ئاوێتەکانی جوانکارییەوە. ترشە چەوریی ئۆمیگا٧ ڕۆڵی بەرچاوی هەیە بۆ پاراستنی تەندروستیی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، هەروەها ڕێگرتن لە گۆڕانە میتابۆلیزمەکان کە دەبنە ئەگەری نەخۆشییەکانی پەیوەست بە بەساڵاچوون.

سەرچاوە خۆراکییەکانی چەوریی ئۆمیگا ٧ بریتین لە: شیر و بەرهەمەکانی، میوەی ئاڤۆکادۆ، زەیتی زەیتوون لەگەڵ چەند ڕووەکێکی دەریایی. سوودەکانی بریتین لە: پاراستنی تەندروستی و فرمانەکانی دڵ و مێشک، کەمکردنەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ LDL و بەرزکردنەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی باش HDL لە خوێندا، هاندانی کاردانەوەی سستمی بەرگریی لەش، ڕێگرتن لە وشکبوونی پێست و پەردە لینجەکانی دەم و لووت و ڕێڕەوەکانی کۆئەندامی هەرس، هاوسەنگکردنی فرمانەکانی کۆئەندامی هەرس، دواخستنی زوو چرچبوونی پێست، هەروەها پاراستنی تەندروستیی و ڕەونەقی قژ و نینۆک، بۆیە گەلێک جار بە ئۆمیگای جوانی Beauty omega ناوزەد دەکرێت.

# ئۆمیکرۆن نابێتە هۆی کۆڤیدی سەخت

لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێی پەیمانگەی نیشتمانیی نەخۆشییە گوازراوەکان NICD لە باشووری ئەفریقیادا هاتووە، ئەگەرچی ئۆمیکرۆن بە خێرایی بڵاو دەبێتەوە، بەڵام خۆشبەختانە نابێتە ئەگەری کۆرۆنای سەخت، تەنانەت لە کەسانی نەکوتراویشدا، لەگەڵ ئەگەری کەمتری پێویستی بە خەواندن لە نەخۆشخانەدا و ئەگەری کەمتری مردن بەراورد بە گۆڕدراوەکانی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بۆنموونە: ئەگەری پێویستیی تووشبووانی ئۆمیکرۆن بە خەواندن لە نەخۆشخانەدا دەگاتە تەنیا ٨٪ لەماوەی ١٤ ڕۆژی تووشبووندا، کەچی ئەم ئەگەرە لەسێ شەپۆلە کانی جۆرە گۆڕدراوەکانی پێشووی ڤایرۆسی کۆرۆنادا دەگەیشتە زیاتر لە ١٦,٥٪، هەروەها لە لێکۆڵینەوەی دیکەدا جەخت لەمە کراوەتەوە کە تووشبوون لە ڕابردوو و وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید ئەگەری تووشبوون بە ئۆمیکرۆن بە سەختی و مەترسییەکان کەم دەکەنەوە. ئەم ئەنجامە لە لایەن ئەنتۆنی فاوچی بەرپرسی سەنتەری ئەمریکی بۆ خۆپاراستن و کۆنترۆڵی نەخۆشییەکان CDC و چەند لێکۆڵینەوەیەکی بەریتانی و کەنەدی پشتڕاست کراوەتەوە، ئەمەش ڕوونکراوەتەوە کە حاڵەتەکانی ئۆمیکرۆن لە حاڵەتەکانی تووشبوون بە گۆڕدراوەکانی بێتا و دێلتا سووکترن.








# کاتژمێری زیرەک بە دەنگ وەڵامی فەرمانەکان دەداتەوە

کاتژمێرە زیرەکەکان شوێنی مۆبایلیان نەگرتۆتەوە، بەڵام گۆڕانێکی گەورەیان بەسەر کاتژمێری کلاسیکدا هێناوەو ئیدی بازاڕی کاتژمێرە کلاسیکیەکان بەرەو لاوازی رۆیشتووە.

کاتژمێرە زیرەکەکان بەتایبەت بو بواری وەرزش و جولە گرنگی زۆریان هەیە و لە مۆبایل زیاتر لەم بوارەدا رۆڵ دەبینن.

کۆمپانیای گارمێن کە چەند ساڵێکە کاتژمێری زیرەك بەرهەم دێنێ، لە پێشانگای ساڵانەی CESدا کاتژمێری زیرەکی Garmin Venu ٢ Plus خستەڕوو کە بە دەنگ دەکرێت فەرمانی بەسەردا بکرێ و وەڵامی داخوازییەکان بداتەوە.

کاتژمێرەکە تایبەتە بە وەرزشوانان و لە پێشانگای ساڵانەی CESی ئەمساڵدا خرایەڕوو. هەروەك زۆربەی کاتژمێرە زیرەکەکان، پێوانی لێدانی دڵ، زانینی رێژەی ئوکسیژێنی ناوخوێن، تۆمارکردنی گشت زانیاری چالاکی رۆژانەی وەرزشی بەکارهێنەر لەو کاتژمێرەدایە.

تایبەتمەندییەکی دیکە کە لەو کاتژمێرەدایە ئەوەیە کە سیستەمی ABC تێدایە واتە سێ توانای پێوانی پاڵەپەستۆ، بەرزی پێو و ئاراستە نوێنی تێدایە. تەنیا بە داگرتنی دوگمەیەکیش دەتوانی وەڵامی پەیوەندییەکان بدەیەوە و بەبێ ئەوەی لەگەڵ مۆبایل پەیوەند بدرێ. هەروەها بە دەنگ دەتوانی وەڵامی پەیوەندیی و پەیامەکان بدەیەوە. شاشەکە ١,٣ ئینجە. سێ دوگمەی هەیە، دوگمەی سەرەوە لەلای راست، دوگمەی ئەکشنە کە بە داگرتنی دەتوانی بەشی پەیوەندی بە چالاکییە وەرزشییەکان بکەیەوە.

# ئامێرێک بۆ چاودێری خەوتنی منداڵان

کامێراکانی چاودێری تایبەت بە منداڵان گەلێك جۆریان هەیە، بەڵام کامێراکان تەنیا کامێران و لە هەندێك حاڵەتیشدا ئاگادارکەرەوە، ئەگینا چاودێری تەندروستی و چۆنییەتی خەوتنی منداڵەکە ناکەن، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە دایك ئەگەر لە شوێنی کار یا دەرەوەی ماڵ بوو، بزانێت منداڵەکەی چ دەکات.

ئامێری جۆری Dream Duo بەتەنیا کامێرایەکی چاودێری نییە، بەڵکو چاودێری تەندرووستی و چۆنییەتی خەوتنی منداڵیش دەکات. لە پێشانگای ساڵانەی ٢٠٢٢دا ئەم ئامێرە خرایە روو. ئامێرەکە سیستەمێکی چاودێرییە کە بەهۆی ئەو گۆرەوەیەی کە لە پێی منداڵەکە دەکرێت و پەیوەندی هەیە بە سیستەمەکەوە دەتوانرێت، جولە و لێدانی دڵە بزاندرێ، هەروەها بەهۆی کامێرای تایبەت و ئاپی تایبەتەوە زانیاری ورد لەبارەی گەرمی و ساردی ژوورەکە، رێژەی شێ و ئاستی قەرەباڵغی نیشانی بەخێوکەری منداڵەکە بدات.



# چاوێكی بینا بۆ نابینایان



نابینایان یان ئەوانەی سۆمایی دیدەیان كەمە، حەز دەكەن بخوێننەوە، حەز دەكەن كاتێك بە بازاڕدا دەڕۆن، تابڵۆی شەقامەكان بخوێننەوە. یان كتێب و ڕۆژنامەكان بخوێننەوە، بەڵام بەهۆی كەم بینایی یان نابیناییەوە ناتوانن.

ئامێری MyEye Pro كە لەسەر چاویلكە دادەنرێ، یارمەتی دەرێكی باشە بۆ ئەوانەی نابینان یان كەم بینان. چونكە كتێبەكانیان بۆ دەخوێنێتەوە، كاتێك بە شەقامەكان دادەڕۆن تابلۆ و ریكلامەكان دەخوێنێتەوە.

ئامێرەكە بەرهەمی كۆمپانیای OrCamە. لە پێشانگای ساڵانەی CESدا ئەو بەرهەمە خەڵاتی وەرگرت. ئامێرەكە نە تەنیا كتێب و تابلۆكان دەخوێنێتەوە، بەڵكو كەسایەتی و شوێنەكانیش بە بەكارهێنەرەكەی دەناسێنێ. دەتوانی كەسایەتییە ناسیار و نزیكەكان بە ئامێرەكە بناسێنی و كاتێك ئەو كەسانە دەركەوتن ئامێرەكە بەكارهێنەرەكەی ئاگادار بكاتەوە. گشت ئەو فەرمانانەی ئامێرەكە ئەنجامیان دەدا دەكرێ بەدەنگ پێی بگوترێ.



# کەیسێکی نوێ بۆ نیشاندانی هۆلۆگرافیک



هۆلۆگرافیك (Holographic) ئەو وێنانەن کە وەك تیشکن و لە دەرەوەی ئامێرەکە نیشان دەدرێن. لە پێشانگای ساڵانەی CESی ئەمساڵدا کۆمپانیایەك کەیسێکی کۆمپیوتەری بەناوی Showcase PC خستەڕوو کە توانای نیشاندانی وێنەی هۆلۆگرافیکی جوڵەداری هەیە.شێوازی نیشاندانی وێنەکان بە دووجۆرن شێوەی تەکی واتە (solo) و دوویی (dual). لە شێوەی تەکیدا وێنە جوڵەدارەکان لەلایەکی کەیسەکە نیشان دەدرێن، بەڵام لەشێوەی دوویدا وێنەکان لەسەرەوەش نیشان دەدرێن.

ئەم شێوازە بە سوود وەرگرتن لە سیستەمی فەن (پانکە)ی کەیسەکە کار دەکا. هاوکات بە سووڕانی فەنەکان LEDیەکان ئەو وێنانەی کە بۆی دادەنرێن نیشان دەدا. سیتسەمەکە لەناو کەیسەکە داندراوە و هەشت گیگابایت میمۆری هەیە. هەروەها ریمۆتێکی تایبەتی هەیە کە لە رێگای دوورەوە دەتوانی هۆلۆگرامەکان بگۆڕی.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، چەند ڤیدیۆیەکم لەسەر کەناڵەکەی خۆم لە یۆتیۆب داناوە، بەڵام پێویست دەکات کۆمەڵێك دەستکاریان بکەم، ئایا دەکرێ لە خودی یۆتیۆب دەستکاری ڤیدیۆکان بکەم؟**

بەڵێ خوێنەری بەڕێز دەکرێت، دوای ئەوەی کە یۆتیۆبت کردەوە، لە بەشی رێکخستنەکاندا، بەشی YouTube Studio هەڵبژێرە. دواتر لەلای چەپ بەشی Content هەڵبژێرە. ئێستا هەموو ئەو ڤیدیۆیانەی کە داتناون نیشان دەدرێن و لە بەشی Editor دا دەتوانی ئەوەی پێویستە سەبارەت بە ڤیدیۆکەی خۆت دەستکاری بکەی، وەك سڕینەوەی بەشێك، یان سانسۆرکردن و لێڵکردنی روخسارەکان و هی دیکەش..

## پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی خولەکانی فێربوون

خولەکانی راهێنان و فێربوون بۆ هەر مەبەستێك ئەگەر بەشێوەی ئەلکترۆنی بێت، پێویستی بە پرۆگرامێکی تایبەتی هەیە. گەلێك پرۆگرام هەن ئەو کارە ئەنجام دەدەن. یەکێك لەو پرۆگرامانە iSpring Suiteە. لەو پرۆگرامەدا کۆمەڵێك ئامراز بۆ دروستکردن و نەخشەسازی فیلمەکانی تێدایە. ئەو فیلمەی پێویستە بۆ راهێنان و فێربوون لە هەر بوارێك بە باشترین کوالیتی بەرهەم دێنێ. پرۆگرامەکە تەواو لەگەڵ پرۆگرامی پاوەرپۆینت دەگونجێت. کە بۆ راهێنان و خولی فێربوون گرنگە.




ئەو فیلمانەی بەرهەمیان دێنێ لەگەڵ مۆبایل و تەبلێتیش دەگونجێن و لەوێشدا سوودیان لێوەردەگیردرێ. لە خودی پرۆگرامەکەشدا دەتوانی ئەو فیلمانەی بەرهەمهاتوون هاوبەش بکرێن.

# ڕکابەرێکی جیدی بۆ مۆبایلە چەماوەکەی سامسۆنگ



سامسۆنگ بە بەرهەمهێنانی مۆبایلی جۆری z flip 3 قۆناغێکی نوێی لە جیهانی مۆبایلدا هێنایە گۆڕێ، مۆبایلی ناوبراو چەماوەیەو لە دوو شاشە پێکدێ و دواتر هەر دوو شاشەکە پێکەوە دەلکێن و دەبنە شاشەیەکی گەورەتر.

مۆبایلی galaxy flip 3 ئەگەرچی تایبەتمەندییەکانی ناوازەن و لە گشت ئەو مۆبایلانەی تا ئێستا بەرهەم هاتوون جیاوازە، بەڵام بە بەراورد بە مۆبایلەکانیش گرانبابیە. لە پێشانگای ساڵانەی CESی ئەمساڵدا کۆمپانیای TCL مۆبایلێکی خستەڕوو کە دەیەوێ ببێتە ڕکابەرێکی جیدی بۆ مۆبایلە چەماوەکەی سامسۆنگ.

مۆبایلەکەی TCL بە جۆری Flex V ناسراوە، مۆبایلەکە جگە لەوەی تایبەتمەندییەکانی galaxy z flip 3 ی هەیە، بە نیوەی نرخی مۆبایلەکەی سامسۆنگ دەکەوێتە بازاڕ.

بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن: کامێراکەی ٤٨ میگاپیکسلە و هەروەها کامێرایەکی ١٦ میگاپیکسلی هەیە. جیاوازییەك هەیە لە نێوان هەردوو مۆبایلی ناوبراودا ئەویش ئەوەیە کە مۆبایلەکەی TCL لەکاتی نووشتانەوەیدا هیچ هێڵێك نابیندرێ وەك یەك شاشە بێ وایە، بەڵام لە مۆبایلەکەی سامسۆنگدا هەست بە هێڵێکی بچووك دەکرێ.



## ماڵپەڕێک بۆ بەدەستهێنانی زانیاری گشتی

ماوەیەکی زۆرە لەسەر ئینتەرنێتی، سەری ئەو ماڵپەڕ و ماڵپەڕ دەکەی، شتێکی وای تێدا نییە. بێ تاقەت بوویە لە دووپاتبوونەوەی ماڵپەڕەکان.. بۆ ئەو کاتانە وا باشە سەر لە سایتی www. mentalfloss.com بدەی. لەم ماڵپەڕەدا بانکی زانیارییە لە هەموو بوارێکەوە. دەتوانی نوێترین وتار و بابەتەکان بخوێنیەوە، سەیری ڤیدیۆ گرنگەکان بکەی و پرسیار لە خۆت بکەی بۆ ئەوەی بزانی زانیاری گشتیت لە چ ئاستێکدایە. دەتوانی نوێترین ڕۆژنامە گرنگەکانی جیهان بخوێنیەوە. ئەو زانیارییانەی لە ماڵپەڕەکەدا بڵاو بوونەتەوە، جێگای متمانەن و شتی لاوەکی و هەڵبەستراو نین.

## پرینتەرێک بۆ تاتۆی جەستە

تاتۆ و خاڵ کوتان لەسەر جەستە، لەلایەن گەنج و هەرزەکارانەوە گرنگی پێدەدرێ، شوێنی تایبەت هەیە بۆ کوتانی جەستەیان و نەخشاندنیان بە و نەخش و خاڵانەی کە خۆیان دەیانەوێ. زۆربەی ئەو کوتانانە هەمیشەیین و لە ڕێگای پزیشك و بەهۆی تیشکی لەیزەرەوە نەبێت ناسڕدرێنەوە. ئەگەر یەکێك نیازی هەبێ تاتۆکەی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بێ، ئەوە دەکرێت لە پرینتەری جۆری Prinker سوود وەربگرێ. ئەم پرینتەرە بۆ ماوەیەکی کاتی هەرچی مەبەستە لەسەر جەستەی بەکارهێنەرەکە نەخش دەکا.

ئەو پرینتەرە کە لە پێشانگای ساڵانەی CESدا نیشاندرا لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و لە ڕێگای مۆبایلەوە دەتوانی وێنەی مەبەستی خۆت بدۆزیەوە و لە سەر جەستە بینەخشێنی. بە ئاسانی پاش ئەوەی سپرایەکت بە شوێنی تاتۆکە داکرد پرینتەرەکەی پێدابخشێنە و وێنەکە لەسەر جەستە دەنەخشێت.





# ماکیاژە سەرنجڕاکێشەکانی دواليپا

کچە گۆرانیبێژی ناوداری جیهانی (دواليپا)، کە ئێستا یەکێکە لە لوتکەی ئەستێرەکانی پۆپ، کچێکی ناسك و جوانە و شێوە و ڕوخسارێکی ئاسایی هەیە، بەڵام ماکیاژەکانی بوونەتە جێگەی سەرنجی هەوادارانی، کە زیاتر پرسیار لە شێواز و چۆنیەتیی ماکیاژەکانی ئەو کچە دەکرێت، دواليپا جگە لەوەی گۆرانیبێژە، کەچی خۆی ماکیاژ بۆخۆی دەکات، کە چەندین جۆرن، لەوانە: ماکیاژی ئایلاینەری ڕەش لەگەڵ سێبەری پشتچاوی خۆڵەمێشی، سێبەرەکانی چاوەکانی بە ڕەنگی قاوەیی و، ڕەنگی لێوی نیوّد لەگەڵ هێڵکاریی چاوەکان بە قەڵەمی قاوەیی دەکات، ئەو شێوازە بۆ شوێنی فەرمییە. ماکیاژی بریقەدار بۆ کاتی ئێواران و دانیشتن و کۆبوونەوەی خێزانی و هاوڕێیانە، کە بریتییە لە سێبەری چاو لە ڕەنگی وەنەوشەیی، لەگەڵ کلی ڕەش لە ناوەوەی چاوەکان. شێوازی سێیەم ماکیاژی وەنەوشەیی دواليپا بریتییە لە سێبەری پشتە چاو لە ڕەنگی وەنەوشەیی بۆ هەردوو برژانگی سەرەوە و خوارەوە، لەگەڵ دانانی سێبەری بریقەدار بۆ ناوەوەی چێوە چاو، واتە شوێنی فرمێسك ڕێژە، لەگەڵ ئایلاینەری ڕاکێشراو بە هێڵی پان بۆ دەرەوەی چاوەکان، داوليپا بەم شێوەیە ئامۆژگاریی کچان دەکات تا ماکیاژەکانی ئەو دووبارە بکەنەوە و، وەك ئەو سەرنجڕاکێش بن.



# جوانیی چەتر لە دەست و مەچەکی خانماندا

چەتر جگە لە کەرەستەیەك بۆ خۆپاراستن لە باران، هەروەها سەرنجڕاکێشی و ناسکیی پێوە دیارە، تەنانەت کەرەستەیەکە ئافرەتان نازیشی پێوە دەکەن. چەتری ئێستا لە چەندین شێوە و جۆر دروست کراون، هەندێکیان زیاتر بۆ کاری جوانکاری بەکار دێت، چەند نەریتێك لە هەڵگرتنی چەتر هەن، کە پێویستە خانمان ئاگاداری بن، لەوانە: پێویستە قەبارەی چەترەکە لەگەڵ شێوە و قەبارەی کەسەکە بگونجێت، نەوەك خۆی کەسێکی بە هەیکەل بێت و چەترێکی بچووکی لە دەست بێت، کە پێویستە لەکاتی بەکارهێنان زیاتر بەرەو بەشی دواوە ببردرێت، واتە پێش خۆت و بەردەمت بە جوانی دیار بێت، لەگەڵ ئەوەی پێویستە دەسکی چەترەکە بە شێوەیەکی ستوونی بێت، چەتر جگە لەوەی بۆ خۆ پاراستنە لە باران، هەروەها دەتوانی بۆ کاتی تۆز و خۆڵ و پاییزانیش لەبەر بای بەتین بەکاری بهێنیت، لە کاتی باران، لە سەری خۆت نزیکی بکەوە تاوەکو بە جوانی دادەپۆشرێیت، بەڵام ماوە ماوە پێویستە چەترەکەت پاك بکەیتەوە تا بە جوانی دەربکەوێت، هەروەها لە کاتی دەرچوونت وا جوانترە بە دەستتەوە بێت، یان لە نێو ئۆتۆمبێلدا دایبنێیت، کاتێ کە پێویستت پێی نەبوو، بیخەرەوە ناو بەرگەکەی خۆی، تا بە پاك و خاوێنی هەڵگیرێت.



# کراسی بووک لە مۆدی باڕبی

مۆدەکانی جلی بووك لە کوردستان و جیهان، لەگەڵ شێوازە تازەکاندا کاری نەخش و نیگاری بۆ دەکرێت، تا بە خواستی ئەو خانمانە بێت کە زەماوەندی هاوسەرییان هەیە، کراسی بووك پێویستی بە شێوازێکە کە ناو و هێمای هەبێت، بۆ ئەوەی خانمی بووك بە سانایی هەڵیبژێرێت. مۆدی کراسی بووك لە شێوازی باڕبی، واتە بووکەشووشە، یەکێکە لە مۆدە تازەکانیساڵی ٢٠٢٢ کە لەلایەن ڤاناس مۆدە لە شاری هەولێر ئامادە کراوە، ئەو شێوازە لایەن دیزاینەر (گۆران ڤاناس) کاری نەخش و ئامادەکاریی بۆ کراوە، بە کراسی پڕ خشڵ و نەخش دەناسرێت، کە بەشی پێشەوەی بە دانتێلە و مورو و کریستاڵ ڕازاوەتەوە و، تەواوی کراسەکە بە نەخش و نیگار داپۆشراوە، بۆ ئەوانەیە کە حەز بە جلی بووکێنیی نەخشدار دەکەن، کراسەکە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لە خۆ دەگرێت، داواکاریی زۆریشی لەسەرە، بە تایبەت ئەوانەی خواستیان بە کراسی سادەی بووك نییە، کراسەکە لە بەشی سەرەوە تەسکە و بەرەو خوارەوە فراوان دەبێت، لە بەشی کەمەردا تەواو تەسك دەبێتەوە، شێوەکەی بەم چەشنەیە تا خانمی بووك لە شێوەی باڕبییەکی بچووك و نازدار دەر بکەوێت، بەجۆرێك شانەکانی ڕوون و دیارن، واتە داپۆشراو نییە، بۆ ئەوانەش کە دەیانەوێت کراسەکە ڕوون نەبێت، جۆری داپۆشراو هەیە، کراسەکە لە کوردستان و بە دەستی دیزاینەرانی کورد دروست دەکرێت.

# ستایلی جلوبەرگی لێف و باڵۆن



شێوازی جلوبەرگەکانی ئەم سەردەمە جیاوازن لەگەڵ مۆدەکانی پێشوودا، هەندێکیان بە جۆرێکە کە جێگەی سەرسوڕمانن، وەك ئەوەی بیرۆکەی تازە بهێننە کایەوە لە بواری جلوبەرگدا، دیارترینیان دروستکردن و دیزانی جلوبەرگە لە شێوەی باڵۆن و لێفی ماڵدا. ئەمساڵ دیزاینەکانی براندی stanی ئەمریکی، زۆربەی جلەکانی زستانەی لە شێوەی لێف و باڵۆن دروست کردوون، بە پۆشینی ئەو جۆرە جلە دیمەنێکی کۆمێدی و سەیر بە کەسەکە دەدات، لەلای خۆمان دەگوترێت: دەڵێی دەچیتە ناو بەفر وا خۆت پێچاوەتەوە! ئەو جۆرە جلە لەسەر خواستی دیزاینەر (ئیلی ڕاسل لینیتیز) دروست کراوە، کە داوای لە دروستکەری لێفەکان (زاك فۆستەر) کردووە تا جلوبەرگە لێف و باڵۆنەکەی بۆ بدوورێت و ئامادە بکات، ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە جوبەرگەکە لەلایەن گۆرانیبێژی ئەمریکا (ریانا) لە ئاهەنگی میت گالا پۆشراوە، کە بووە جێگەی سەمەرەی هەمووان.


# ڕەنگی ئوتۆمبێلەکەت بگۆڕە



گۆڕینی ڕەنگی ئوتۆمبێل، واتە پێویستە ئوتۆمبێلەکەت بفرۆشیت و دانەیەکی دیکە بکڕیت، زۆربەی ئەوانەی حەز بە گۆڕینی براند و جۆری ئوتۆمبێلەکانیان دەکەن، بۆ تایبەتمەندی و ڕەنگ و مۆدێلی تازەیە، کۆمپانیای بی ئێم دبلیوو BMWی ئەڵمانی توانی بەسەر ئەو گرفتەشدا زاڵ بێت، ئەویش لە ڕێگەی دۆزینەوەی تەکنەلۆژیای E INK، لە ڕێگەی گۆڕینی کاتواڵەکانی خانەکانی سەر ئوتۆمبێلەکەوە، کە بە بەتاڵکردنی ئایۆنە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی خانەکان گۆڕانکاریی بەسەر ڕەنگەکەیدا دێت، تا ئێستا تەنیا دوو ڕەنگ کاری لەسەر کراوە، ئەوانیش سپی و ڕەساسی، پرۆژەکە لەلایەن دیزاینەر و ئەندازیار (ستیلا کلارك) کاری لەسەر کراوە و سەرکەوتنیشی بە دەست هێناوە، لە ڕێگەی ئامێرەکانی مۆبایلەکەوە دەتوانی کۆنترۆڵی گۆڕینی ڕەنگی ئوتۆمبێلەکە بکەیت، لە سپییەوە بۆ ڕەساسی، یان بە پێچەوانەوە، یەکەمین ئوتۆمبێلی دوو ڕەنگ لە پیشانگای CESی لە ئەمریکا دانراوە، بۆ ئەوەی خەڵك بتوانن شارەزای ئەو جۆرە پێشکەوتنە بن.










# کۆنترین ئوتێلەکانی کوردستان

کۆنترین ئوتێلی هەولێر (فندق فەڕەح) بووە کە دەکەوتە سەر چایخانەی مەچکۆی ئێستا، ئەگەر تەمەنی ئەو چایخانەیەش لە بەرچاو بگرین، کە لە ساڵی ١٩٤٠ پیاوێك بە ناوی (مام مەجید) دایمەزراندووە، ئوتێل (فەڕەح) لە دوای کردنەوەی ئەو چایخانەیە دروستکراوە.


ئوتێل فەڕەح تا ساڵانی حەفتاکانیش مابوو، دیمەنی ئەو ئوتێلە ئەوەندە دڵگیر و جوان بوو، بەتایبەتی لە هاویناندا کە لە دوورەوە قەرەوێلەکانیان بە سەرچەفی سپییەوە دەدرەوشانەوە، چونکە ئوتێلەکە سیاجی نەبوو، هەر لە دوورەوە ناوەوە و حەوشەکەی دیار بوو، لەساڵی



شەستەکان ئوتێل (سندباد) دامەزرا، کە دەکەوتە ڕیزە دوکانەکانی تەنیشت مزگەوتی ناو باغی شار، بە شەقامی (فندق سندباد) ناسرا بوو، ئوتێلێکی دیکە بە ناوی (شەهرەزاد)، دواتر ئوتێل (لبنان) کرایەوە، کە لە پەنجاکان دروست کرابوو، ئوتێلێك هەبوو لە وێستگەی شەمەندەفەر (ڕێستهاوس) ئەویش تایبەت بوو بە مێوانانی بیانی و پیاوە گەورەکانی دەوڵەت، کە سەردانی هەولێریان دەرکرد، دواتر ئوتێلی (ئەربیل) لەلایەن دزییەکانەوە کرایەوە، پاشان ئوتێل سەفین لە بەرامبەر ئۆرۆزدی کرایەوە، دواتر ئوتێلی سەمیر ئەمیس کە تا ئێستاش ماوە لە شەقامی باتا پێگەیەکی گرنگی هەبوو، پاش چەند ساڵێك و دوای ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی بەسەر هەولێردا هات، چەندین ئوتێلی مۆدێرن دروست کران، لەوانە: هەورامان، زەیتوونە، شیراتۆن، فەرید، ڕۆتانا و دیڤان و.. هتد، جاران ڕێگە نەدەدرا خەڵکی هەولێر لە ئوتێلەکان بخەون، چونکە جێگەی گومان بوو، تا دواتر لە ئوتێلەکان داوای ناسنامە لە خەڵك دەکرا، لە نەوەدەکانەوە ئوتێلەکان بۆ بووك و زاوا تەرخان کران، واتە ئەوانەی بووك و زاوای تازە بوون لە ئوتێلەکان دەمانەوە، بۆ کاتی گواستنەوە، پاشان ئوتێلەکان بوونە شوێنی گەشتیاران و کەسانی بیانی و تەنانەت ئێستاش سەدان ئوتێل هەن، کە هەندێکیان وەك شوێنی مانەوە بە مانگانە هەن، پاشان مۆتێلەکانیش پەیدا بوون، کە تەواوی کەرەستە و کەل و پەلی مانەوەی تێدایە.








## کاریکاتێر

کاریکاتێرەکە باس لەوانە دەکات کە گاڵتەیان بە ڤایرۆسەکانی کۆرۆنا و هاوشێوەکانی دەهات، کە لە ساڵی پێشوودا هێندە کاریگەر نەبوون، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٢ زیاتر دیارتر و کاریگەرییان زیاترە.



## نـوکتـە

دوو کەس بۆ یەکەمیان جاریان بوو بە فڕۆکە گەشت بکەن، کاتێك دەگەن و کاتەکەیان کەمی خایاندووە، لەبەرخۆیانەوە دەڵێن: بمانزانیبووایە ئەوەندە نزیکە هەر بە پیاسە دەهاتین.

## Cars - ئۆتۆمبێل



# گەرمکردنی ئۆتۆمبێل

بەیانیان تەنیا پێویستت بە یەك خولەکە هەیە بۆ گەرمکردنی ئۆتۆمبێلەکەت، ئەمەش تا RPM یان (فرەی کرینگ) دادەبەزێت، کە پەیوەستە بە جۆزەی سەباحیەوە، دواتر دەتوانیت ئۆتۆمبیلەکەت لێبخوڕیت، بەڵام بۆ لێخوڕینێکی نۆرمال پێنج خولەکی سەرەتا وا چاکە بەیانیان ئەم لایەنانە فەرامۆش نەکەیت، وەك: دڵنیابوون لە ڕۆنی ئۆتۆمیلەکەت کە هەمان دەرەجەیە کە ڕیکۆمینت کراوە لە کەتەلۆکی ئۆتۆمبیلەکەت و، دڵنیاش بیت لە کوالێتی ڕۆنەکە، ئاگاداربوونی سیستەمی ساردکەرەوەی مەکینەی ئۆتۆمبێلەکەت کە پێویستە ئاوی ئەنتیفریزەر (دژە بەستن) بەکار بهێنێت، چونکە هەندێ جار پلەی گەرمی لە خوار پلەی سفرەوەیە، ئاوی ئاسایی لە پلەی سفردا چڕ دەبێتەوەو دەبەستێت، ئەمەش کێشە بۆ ئۆتۆمبێل دروست دەکات.

## فیلم

## The Matrix Resurrections - قیامەتەکانی ماتریکس



یەکێکە لە فیلمە ئەکشن و زانستییە سەرەنجراکێشەکانی زنجیرە فیلمەکانی ماتریکس، دوای دابڕانێکی زۆر لە وەستاندنی، ئەو فیلمە لە ساڵی ٢٠٢٢ بەرهەم هێنراوەتەوە، کە باس لە کەسایەتیی نیۆ (مستر ئەندرسۆن) دەکات، بۆ ئەوەی هەست بە ڕاستی و فیزیکەڵیی بکات، دووبارە گەڕاوەتەوە نێو ماتریسکانەوە، دووبارە بڕاردەی چوونە نێو ماتریکس و دەرچوون و مردنی تەواوی ماتریکس دەخرێتە بەردەمی، ئەویش بۆ پاراستنی ئەندامان و هاوکاری پێشووی، دەگەڕێتەوە نێو ماتریکس، فیلمەکە لە دەرهێنانی (لانا واچووسکی)یە، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و (٢٨) خولەکە، لە ئەمریکا وێنەی گیراوە، تێچووی (١٩٠) ملیۆن دۆلارە و، لە نواندنی (کیانۆ ڕیڤز، لۆرینس فیشبۆرن، جیسیکا هاوێك پیانکا چۆبرا و چەندین ئەکتەری ناودار و پێشووی بەشدار بوو لە زنجیرە فیلمەکانی ماتریکس)ـە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هەوڵ بدە کە کێشەکانی ڕابردووت نەبنە گرفت بۆ داهاتوو، سوود لە بیرۆکەی هاوپیشەکانت وەربگرە بۆ هەنگاوەکانی داهاتووت، خاوەن کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێشیت، ئەمەش وادەکات کەسانێك زیاتر بایەخت پێ بدەن، لە پێناو تەندروستیتدا خۆت بەدوور بگرە لە خواردنە چەورەکان.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لەم ماوەیەدا ئەنجامی هەوڵەکانی پێشووت بە باشی وەردەگریتەوە، لەلایەنی پیشەییەوە وا باشترە کۆتایی بە هەمو کار و چالاکییە کۆنەکانت بهێنیت و بیر لە داهاتوو بکەیتەوە، خۆشەویستیت بۆ هاوڕێ و خێزانەکەت کاریگەریی ئەرێنیی هەیە، واز لە هەمو ئەو هۆکارانە بهێنە کە دەبێتەهۆی تووڕەبوونت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

سەرەڕای بوونی کێشەی زۆر لە ڕووی پیشەییەوە، بەڵام هەوڵ دەدەیت بە ئارامی بەسەریاندا زاڵ ببیت و چارەسەریان بکەیت، ئەوەش هەنگاوێکی باشە، لە زۆر گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوڕێکانت دووربکەوەرەوە، لەکاتێکدا دەزانیت ئەنجامی نییە، لە پێناو ئارامیتدا چەند ڕۆژێك بۆ پشوو وەرگرتن تەرخان بکە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

خەریکە هەنگاوەکانت بە ئەنجامێکی باش دەگەن، بۆیە گەشبین بە، پرۆژەی نوێ دێتەپێش و لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە بەرەوپێش دەچیت، بایەخپێدانت لەلایەن خۆشەویستەکەتەوە، وا دەکات هیوات بۆ ژیان هەبێت، بەپێی توانا سیستمی ژەمە خۆراکییەکانت ڕێك بخەرەوە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

کۆمەڵێك کێشەی نوێ و چاوەڕوان نەکراو لە لایەنی پیشەییەوە سەر هەڵدەدات، بەڵام دەبێت بێ هیوا و بێزارت نەکات، ڕاستگۆیانە هەستەکانت دەربڕە بۆ خۆشەویستەکەت، لە پێناو تەندروستییەکی باشتردا هێندە بایەخ بە خواردن مەدە و لە نزیك تەلەفیزیۆن دامەنیشە.


### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەوڵ بدە ڕەخنە و تێبینییەکان بەکار بهێنە بۆ ئەوەی تواناکانت باشتر و بەهێزتر بکەیت، خۆشەویستەکەت پێویستی پێت هەیە، چونکە لە قۆناغێکی سەختدایە، تۆش پاڵپشتیی بکە، زیاتر بایەخ بە جەستەت بدە، سیستمی ناتەندروستی خۆراك کاریگەری لەسەرماندوبونت هەیە.



## پەند و وتە

ئانیلایس ماریا فرانك، نووسەری ئەڵمانی و بە ڕەچەڵەك جوولەکە، لە دایکبووی ساڵی (١٩٢٩) شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا، لە ساڵی ١٩٤٥ لە شاری بێرگین بێلسان لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ڕۆژانەی ژیان دەڵێت: کاتێك ناخۆشترین ڕووداو و کارەساتەکانی ژیانت هێشتا نەهاتوون، یان پێت نەگەیشتوون، هیو بخوازە کە هەرگیز پێت نەگات و ڕوونەدات، ئەوسا دەزانیت بیرۆکەیەکی چەندە چاکە کاتێك بە سات و ڕووداوە خۆشەکان ئاشنا دەبیت.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دوو کەس هەن، بە شێوەیەك وێنەیان گیراوە وەك ئەوەی یەکێکیان خۆی هەڵواسیبێت و ئەوەی دیکەش ڕاکشابێت، هەوڵ بدە ڕاستی و دروستیی وێنەکە بدۆزیتەوە.

# فرۆکە و باڵۆن

ئەو فرۆکە و باڵۆنە بە گەورەترین فرۆکە دادەنرێت کە هەم باڵۆنە و هەمیش فرۆکەیە، درێژییەکەی دەگاتە (٩٢) مەتر، واتە بە (١٥) مەتر لە گەورەترین فرۆکە درێژترە، ماوەی دروستکردنی سێ ساڵی خایاند، سەرەتای بەرزبوونەوەی لە فرۆکەخانەی (کارنگتۆن)ی بەریتانی فڕی، لە ماوەی (١٥) خولەکدا گەیشتە بەرزایی (٢٠٠٠) پێ، ئەم فرۆکەیە لەلایەن کۆمپانیای (هایبەرد ئایرفیکلز)ی بەریتانی دروست کراوە، و بودجەی دروستکردنی بڕی (٢٥) ملیۆن جونێهی ئیسترلینیی بۆ تەرخان کراوە، تا کارەکانی بە ئەنجام گەیشتووە، ناوی ئەو فرۆکە باڵۆنە (ئێرلاندەر ١٠)یە، بۆ ئەوەیە کە لە داهاتوودا بۆ کاری گەشتیاری بەکاربهێنرێت.






### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

پەیوەندیت لەگەڵ هاوپیشەکانتدا یارمەتیت دەدات بۆ ئەوەی لە کێشەکانیان تێبگەیت و، لە هەمانکاتدا دەبێتە هۆی دروستبوونی متمانە، باشترە لە ڕابردوو وانەیەك وەربگریت و پلانی داهاتو دابنێیت بۆ پەیوەندییەکانت، وازبهێنە لە گفتوگۆی توند، چونکە کاریگەری نەرێنی لەسەر تەندروستیت هەیە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ڕێگەمەدە ئاستەنگ و کێشەکان لە کارەکەتدا دووبارە ببێتەوە، هەوڵ بدە بارودۆخەکە بە ئەزموونی خۆت ئارام بکەیتەوە، وا باشترە لە ڕێگەی چالاکیی جۆراوجۆرەوە پەیوەندیی سۆزداریت لە ڕۆتین دوور بخەیتەوە، هەوڵ بدە ڕاهێنانی وەرزشی فەرامۆش نەکەیت، لانیکەم پیادەڕەوی بکە.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

کەسانی دەوروبەرت یارمەتیی تەواوت دەدەن تا بە ئامانجەکانت بگەیت، هەست بە ئاسوودەییەکی زۆر دەکەیت لە کارەکەتدا، بەتایبەت دوای ماندووبوونێکی زۆر، هەمیشە هاوسەنگی لە نێوان پەیوەندیی هاوڕێیەتی و سۆزداریتدا بپارێزە، ڕێگە مەدە تورەیی زاڵبێت بەسەر ڕەفتارەکانتدا.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لە ئێستادا وا هەست دەکەیت کارەکانت بە شێوەیەکی باش بەڕێوە دەچێت و متمانەت بە خۆت زیاترە، متمانەکردن بە خۆشەویستەکەشت لە ئەنجامی لێکتێگەیشتنەوەیە، بەم جۆرەش باشتر پلانی داهاتو دادەنێن، ئەم ماوەیە پەستانی ژیان ماندوت دەکات، بەتایبەت لە ڕووی ئارەزووی خواردنەوە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


بە هاوکاریی هاوپیشەکانت بەربەستە قورسەکان تێدەپەڕێنیت، ئەم ماوەیە لە ڕووی سۆزدارییەوە بەهۆی جیاوازیی بیروبۆچونەوە بە قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبیت و، ئەوەش کە کاریگەریی نەرێنیی دەبێت، هەوڵ بدە هەمیشە تواناکانت لە بەدیهێنانی خەونەکانتدا بەکار بهێنە.




### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە ڕووی پیشەییەوە بڕیاری بە پەلە مەدە، سوود لە ئەزموونی ڕابردووت وەربگرە بۆ سەرکەوتنت، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لێبوردەییت وای کردووە کەسێکی سەرنجڕاکێش بیت، یەکێك لە ئازیزانت کێشەی تەندروستیی هەیە، وا باشترە پشتیوانی بیت و سەردانی بکەیت.


# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
- Dedicated Internet Services
- VSAT
- ..........Copper Wired Networking
- .............Wireless Networking
- .............Fiber Optic Networking
- VoIP Video Streamnig
- VPNs
- CCTV Cameras
- Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626